# فریشتەیەک لە بابل دادەبەزێت



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

فریدریش دێرنمات

# فریشتەیەک لە بابل دادەبەزێت

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە:

شێرزاد حەسەن



سەرپەرشتیاری زنجیرەی شانۆی بیانی

**دانا ڕەئووف**

ناوی کتێب: فریشتەیەک لە بابل دادەبەزێت – شانۆنامە
نووسینی: فریدریش دێرنمات
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: شێرزاد حەسەن
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٦٨٢
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مریەم موتەقییان
چاپی یەکەم، هەولێر– ٢٠٠٧
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (١٤٠٨)ی ساڵی ٢٠٠٧ی دراوەتێ

## تراژیدیا لە دەروازەکانی کۆمیدیاوە...

خوێندنەوەیەکی خێرا بەسەر شانۆی فریدریش دێرنماتدا

دانا ڕەئووف

جیهان لەلای دێرنمات بێهوودەیە، بەڵام ئەم بێهوودەییەی فریدریش دێرنمات لە شانۆی پووچگەرایی و نووسەرانی ئەو ڕێبازەوە سەرچاوەی نەگرتووە، بێهوودەییەکەی ئەم نووسەرە بێ هیوایی و دڵەڕاوکێ ناگەیەنێ، ژیان کارەساتە و لە قایلبوونیشی زیاتر بۆ ئێمەی مرۆڤ هیچ ڕێگایەکی ترمان لەبەردەمدا نییە. زۆر گرانە جیهان ڕزگار بکەیت، بەڵام لەگەڵ هەموو ئازارەکاندا، لەگەڵ هەموو کێشە و کارەساتەکاندا، دەکرێت بەرگەی ژیان بگرین. هەموو شتێک بێهوودەیە، هەموو بەهاکان لە درۆ و دەلەسە بەولاوە هیچی تر نین، بێهوودەییش تاکە یاسایە، نەک تەنها لە ژیانماندا، بەڵکو لەسەر ئەستێرەکان و ئەو گەردوونەشی کە چواردەوری داوین.

ئەم بڕوایەش بنەما و زەمینەی هەموو نووسینەکانی فریدریش دێرنمات پێکدەهێنێ و بەئاشکرا لە شانۆنامەکانیدا ڕەنگیان داوەتەوە.

پاڵەوانەکانی ئەم نووسەرە هاوشێوەیەکی شانۆی گریکی یان شەکسپیر نین، بەڵکو کارەکتەرەکانی کەسانێکی ئازا و لەخۆبوردەن، ڕاستگۆ و واقیعی، ئاگاداری ناواخنی شتەکانن، ڕاستی و نهێنییەکانی ئەم جیهانە دەزانن و خۆیانی لێ لانادەن و خۆشیانی لێ



گێل ناکەن. ئەمەش لەبەر هۆیەکی زۆر ئاسان: ئەوە ڕاستی واقیعی ژیان و بوونە و هیچ کەسێکی هوشیار ناتوانێ خۆی لێ لادات.

فریدریش دێرنمات زۆر بە سەربەستی نووسیویەتی و هەرگیز پابەند نەبووە بەهیچ ئایدۆلۆژیا، تیۆر و تەوژمێکی سیاسی/ فیکرییەوە. بەڵام بڕوای بەجۆراوجۆریەتی شێوازەکانی شانۆ و هونەری شانۆ بووە. ئەو سەربەستییەش کە فریدریش دێرنمات هەستی پێ کردووە، هەر لە سەرەتاوە لە وڵاتێکی بێلایەنی سەربەست و ئازادی وەک (سویسرا)وە فێری بووە.

فریدریش دێرنمات لە وڵاتێکدا لە دایک بووە، ڕەوتی هونەری شانۆ بەبەراورد لەگەڵ وڵاتانی تری ئەورووپا، وەک فەرەنسا، ئەڵمانیا یاخود ئینگلستان، هێندە لە ئاستێکی گەورە و بەهێزدا نەبووە. بەڵام ئەم نووسەرە توانیویەتی بەشانۆنامەکانی، وڵاتی سویسرا بخاتە سەر نەخشەی شانۆی هاوچەرخی جیهانی. دێرنمات زۆر زیرەکانە کارەکتەرەکانی، ڕووداوەکان و ئەتمۆسفێری شانۆنامەکانی دروست دەکات، تراژیدی، کۆمیدی، گرۆتێسک و تەنانەت سوریالیزم تێکەڵاو دەکات و چیرۆک و کارەکتەرەکانی، بۆچوون و ڕاڤەی جۆراوجۆر لەخۆدەگرن، هەر لە شیکردنەوەی دەروونییەوە تا دەگاتە ئابووری، کۆمەڵایەتی، ئاینی و میتافیزیکییەوە، لەوانەیە شێوازێکی گرۆتێسک و کۆمیدیایەکی ڕەش گرنگترین سیما و ئامرازە هونەرییەکانی ئەم نووسەرە بن، بەڵام لە هەمان کاتدا بەکولتوور و ترادیشونی شانۆی ئەورووپی کاریگەر بووە و هەر لەسەر زەمینە و بنەماکانی ئەو ترادیشونەش شانۆکەی خۆی بنیاتناوە.

ستركتورێکی ئەورووپی، زمانێکی ڕاستەوخۆ، تەکنیکێکی گشتگر

و ئەتمۆسفێرێکی گاڵتەئامێزی توندوتیژ پێودانگە هونەری، فیکری و له هەمان کاتدا کردەییەکانی شانۆی فریدریش دێرنمات پێکدەهێنێ. شانۆنامەکانی ڕووکارێکی دژوار و ناشیرینی واقیع و ژیانی ڕۆژانەمانە، بەبێ دەمامک و زۆر بەقووڵی پەردە لەسەر ڕاستی پەیوەندییەکانی نێوان مرۆڤ و لەسەر هەموو ئاستەکان هەڵدەماڵێ و بەبێ بەزەیی ڕووبەڕووی خۆیان، کۆمەڵگا، دەوروبەر و جیهانیشیان دەکاتەوە.

## ژیان و شانۆ، شانۆ و ژیان

فریدریش دێرنمات له ٥ی یانیوەری ساڵی ١٩٢١دا له گوندێکی نزیکی شاری بێرن، له وڵاتی سویسرا لەدایک بووه و له ١٤ی دیسەمبەری ساڵی ١٩٩٠دا کۆچی دوایی کردووه. باوکی قەشەیەکی پرۆتستانتی بووه و پەیڕەوی پەروەردەیەکی ئاینی کردووه بۆ بەخێوکردنی منداڵەکانی و بەڕێوەبردنی خانەوادەکەی. ئەم هزره ئاینییەش دواتر له بەرهەم و شانۆنامەکانی فریدریش دێرنماتدا ڕەنگی داوەتەوە.

فریدریش دێرنمات له ساڵی ١٩٣٥ دا و لەگەڵ تێکڕای خانەوادەکەیدا له گوندی کونولفنگنەوە دەگوێزنەوە بۆ شاری بێرن. له ساڵی ١٩٤٧ دا خاتوو لوتی گیسلەر دەخوازێت و هەر لەم ساڵەشدا یەکەم شانۆنامەکانی نەمایش دەکرێت. له ساڵی ١٩٥٩شدا خەڵاتی (شیللەر)ی ئەڵمانی وەردەگرێت.

فریدریش دێرنمات له سەرەتای ساڵەکانی ١٩٤١ دا له شاری زیورخ دەست بەخوێندن دەکات، بەڵام دواجار دەگەڕێتەوە بۆ شاری بێرن بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی قووڵ و فراوانتر فەلسەفە و ئەدەب و دواتریش زانیاری و زانستە سروشتییەکان بخوێنێ. هەر لەم



قۆناخەشدا فەلسەفەی کریگیگارد، شانۆنامەکانی ئەرستۆفانیس و بەرهەمی شاعیرە گوزارشتئامێزەکانی ئەڵمانیا دەخوێنێتەوە.

ئەم نووسەرە له سەرەتا و هەرەتی هەرزەکاریدا، دەیەوێت ببێتە وێنەکێش و هونەرمەندی نیگار و سروشتی ڕازاوەی وڵاتەکەی، له ڕێگای وێنەکێشانەوە خولیای خوێندنەوە دەبێت و لەڕێگای خوێندنەوەشەوە خولیای نووسین و شانۆ و گوزارشتکردن دەبێت.

فریدریش دێرنمات فرە بەرهەم بووه و له هەموو بوارەکاندا به سەرکەوتوویی و به سەلیقەیەکی وەستایانەوە شانۆنامە، ئۆپەرێت، شانۆی ئێزگە و تەلەفزیۆن، ڕۆمان، کورتە چیرۆک، نۆڤلێت، لێکۆڵینەوە و ڕەخنەی ئەدەبیشی نووسیوە.

لەوانەیە ئاکار، خێر و شەڕ، ڕاست و هەڵە له بنەما هەرە قووڵ و سەرەکییەکانی بابەتی نووسین و بەرهەمەکانی فریدریش دێرنمات بن.

هەر لەم دەروازەیەشەوە زۆربەی کارەکتەری شانۆنامە و ڕۆمانەکانی کەسانی یاساناس، تاوانبار، جەللاد و قوربانین. هەر بۆ نموونە: قازی و جەللادەکەی ١٩٥٦، گومانلێکراو ١٩٥٧، پیاوکوژ و پارێزەر ١٩٦٨، هەندێ له گرنگترین ڕۆمانەکانییەتی.

فریدریش دێرنمات بەشێوازێکی باڵا فۆرم و بابەتەکان تێکەڵاو دەکات و پشێوییەکی تایبەتمەند بەخۆی دەخوڵقێنێت. کارەسات و ڕێکەوت زۆر جار کاری مرۆڤ و ئاراستەی چیرۆکەکان دەبات بەڕێگاوە. ڕووبەڕووبوونەوەی ڕێکەوت و هەڵە چاوەڕواننەکراوەکان و پێداویستی ساتەوەختی ڕووداوەکان، پێودانگ و زەمینەی هاتنە ژوورەوەی کارەکتەرەکان دەخوڵقێنێ. هەندێک جار تاوانبارەکان دادگایی دەکرێن و بەسزای خۆیان دەگەن، هەندێک جاریش دەرباز

دەبن، هەموو جارێکیش هیچ پەیوەندی و هۆکارێک لەنێوان مەرگ و تاوانبار و تاوانەکاندا نامێنێ.

فریدریش دێرنمات بە کۆمەڵێ شانۆنامەی مێژوویی دەست دەکات بەنووسینی شانۆیی، لەنێو ئەو شانۆنامانەشیدا (ڕۆمۆلۆسی مەزن) کە لە ساڵی ١٩٤٩ دا نووسیویەتی، پایەی ئەم نووسەرە، وەک شانۆنامەنووسێکی باوەڕپێکراو پتەو دەکات و تا ئێستاش بەرهەمەکانی وەرگێڕدراونەتە سەر زیاتر لە پەنجا زمانی جیهانی.

فریدریش دێرنمات تەنها نووسەر نەبووە، بەڵکو گرنگییەکی زۆریشی داوە بەخوێندنەوە و شیکردنەوەی بوارە زانستییەکان و لەو ڕووەشەوە ئەزموون و بڕوانامە و هۆشیارییەکی بەرزی هەبووە. هەر لەبەرئەوەشە کە بیروباوەڕە زانیارییەکانی، بۆچوون و پێناسەکانی بۆ زانستە سروشتییەکان، ئەتۆم و بەرئەنجامە ترسناکەکانی تەنها بۆچوونێکی سەرزارەکیی و ڕاگوزەری و دوور لە زانستەوە نەبووە، بەڵکو بنەمایەکی زانیاری پتەو و شارەزاییەکی تەواوەتی لەو بوارەدا هەبووە. فریدریش دێرنمات لە یەک کاتدا نووسەر و زانا بووە: بەدیقەت و زەین ڕوونی زانایەک و بە هەستێکی ناسک و زمانێکی پاراو و خەیاڵێکی بەربڵاوی شاعیرێک، ئەزموونێکی دەوڵەمەندی وێژەیی نووسیوە.

بەشێکی زۆری بەرهەمە شانۆییەکانی ئەم نووسەرە، کۆمیدییە، بەڵام بەشێوە و شێوازی جۆراوجۆر: لە شێوازەکانی گۆرانی و ئاهەنگ ئامێزەوە تا دەگاتە کەباریا، بەڵام لە هەموو بارەکاندا مۆرکە کۆمیدییە گاڵتەئامێزەکانی، دەروازە و دەسپێکی گرنگی بەرهەمەکانییەتی.



فریدریش دێرنمات زۆر زیرەکانە بەرهەمەکانی لە ڕووداوە سیاسی و ڕۆژانەکانی ژیانەوە وەردەگرێت، بەڵام لە شێوازێکی ڕەخنەئامێز و کۆمیدیایەکی ڕاستەوخۆدا بەرجەستەیان دەکات.

## دید و بۆچوونە شانۆییەکان

فریدریش دێرنمات کۆمەڵێ دید و بۆچوونی جیاواز و تایبەتمەندی سەبارەت بە شانۆ هەبووە، بۆ ئەو مەبەستەش هەندێ باسی گرنگی تیۆریشی لەسەر مەسەلەکانی شانۆ و هونەری شانۆ، ڕۆڵی شانۆ و تایبەتمەندی ئەم هونەرە نووسیوە. گرنگترین لێکۆڵینەوەکانی ئەم نووسەرەش (قەیرانەکانی شانۆ)[١]یە. دێرنمات لەم باسەیدا دووپاتی ئەوە دەکاتەوە کە زمانی شانۆ بەبێ شێوازێکی گرۆتێسک و زلکردنی ڕووداوەکان سەرکەوتوو نابێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆر گرنگە کە بزانیت کەی ڕووداوەکان مۆرکێکی زل و پێوەنراو لەخۆ دەگرن، بەتایبەتیش زۆر گرنگە بزانین کە چۆن و بە چ شێوەیەک شتەکان لە بارستەی خۆیان زیاتر گەورەتر دەکرێن. هەروەها ئاماژەی ئەوەش دەکات کە شانۆ دەبێت لەگەڵ بینەراندا یەک بگرێتەوە، نەک ئەکتەرەکان و ڕووداوەکانی شانۆنامەکە ڕووناک بکرێتەوە و بینەرانیش بەتەنها لە تاریکیدا خەو بیانباتەوە.

هەروەها لەو وتارەیدا بەچاوی ڕێزەوە ئەرستۆفانیس بەسەر دەکاتەوە و شاکارەکانی بە دەسپێکی گەورەی کۆمیدی ناوزەد دەکا و هەڵوێستە کۆمیدی و سیاسییەکانی، ڕووبەڕووبوونەوە

(١) فریدریش دێرنمات ئەم باسەی بۆ یەکەم جار و بەر لە بڵاوکردنەوەی لە سیمینارێکدا پێشکەشی کردووە.

چاوەڕواننەکراوەکانی و زمانە ڕاستەوخۆ و توندوتیژەکەی باس دەکات. کۆمیدیای ڕاستەقینەش لە لای فریدریش دێرنمات شتێکی ئاسان و پڕ لە خەندە و پێکەنین نییە، بەڵکو لەپشت هەڵوێستە پێکەنیناوییەکانەوە ئازارێکی گەورە بەرجەستە دەکرێت. جگە لە ئەریستۆفانیس، کریستۆفەر فرای، مۆلییر، چیرودۆ و پیراندللۆ، پێگە و بەهایەکی تایبەتییان لە ئەفراندنی کۆمیدیای فریدریش دێرنماتدا هەیە. (بریشت)یش لەو هاوکێشەیەدا یەکەیەکی گرنگی فیکری، سیاسی و هونەرییە.

فریدریش دێرنمات لە یەکێک لە وتارەکانیدا دەڵێت: «شانۆ بۆ من بۆتە ئامرازێکی شانۆیی، نەک ئەدەبی. دەتوانم بەڕاشکاوی بڵێم کە من چیتر شانۆنامەکانم بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ ئەکتەر نانووسم، بەڵکو لەگەڵ ئەکتەرەکانمدا دەیاننووسم. من بە تەواوەتی پشتم کردۆتە شانۆیەکی وێژەیی.»

دێرنمات ڕووتکردنەوەی شوێن لە شێواز و فۆڕمە مادییەکانیدا سەرنجی ڕاکێشاوە، شوێنە بۆشەکان ئەفسوونی شانۆ، هێزی ئەکتەر و گورزی کۆمیدیاکەی تیا بەرجەستە کردووە.

## کۆمیدیا و شێوازە کاریگەرەکانی شانۆ

سەرەتاکانی شانۆیەکی کۆمیدی لە وڵاتی گرێک و بۆ نووسەرێکی هاوچەرخ دەبێتە سەرەتا و کۆتایی، جەنگ و ئاشتی، شانۆ و هونەرێکی ڕاستەوخۆ و کاریگەر. فریدریش دێرنمات لەو بنەمایانەوە دەڕوانێتە یەکەم تەقەلا کۆمیدییەکانی شانۆی گرێکی و ئەریستۆفانیس. لە ئەریستۆفانیسدا شێوازێک، زمانێک، فۆڕمێک و بیرکردنەوەیەکی تر و جیاواز ئەدۆزێتەوە. کۆمیدیا دەبێتە دەروازە و



شێوازێکی گرنگی نووسین، دەبێتە بڕوا و چەکێکی بەهێزی سیستەمیکی دیموکراسی. فریدریش دێرنمات بڕوایەکی پتەوی بەهێزی کۆمیدیا دەبێت و هەمیشە دووپاتی ئەوەی کردۆتەوە کە (کۆمیدیا تاکە ڕەنگێکی گونجاوە بۆ ئەمڕۆ) کۆمیدیای فریدریش دێرنمات کۆمیدیایەکی جیاوازە، گرۆتێسک و جیهانێکی ئەبسورد تێکەڵاو دەکات، تا فۆڕمێکی تراژیدی ـــ کۆمیدی تایبەت بەخۆی بخوڵقێنێ. ئەم نووسەرە لە ڕێگای بەکارهێنانی کۆمیدیاوە، بینەرەکانی ناچار کردوون کە بیر بکەنەوە و هەڵوێست وەربگرن.

فریدریش دێرنمات لە وەڵامی پرسیاری ڕۆژنامەنووسێکدا سەبارەت بە چەمکەکانی کۆمیدی و تراژیدی وتوویوتی: «باسی تراژیدیا مەکەن، تراژیدیا هەموو بنەما چارەنووسساز و تراژیدیاکانی خۆی لە دەست داوە، ڕێساکانی دۆڕاندووە و لە زەمەنێکی ڕووکەش و بێ بەهادا ون بووە.»

هەر ئەم نووسەرە بۆ یەکەم جار وشەی گرۆتێسک و شێوازێکی کاریکاتێری دەکاتە تەکنیکی شانۆنامەکانی، وێنە گەورەکراوەکان، بارودۆخە نائاساییەکان و ڕووداوە کۆمیدیاکانی، بارێکی تووڕە و قێزەوەن دروست دەکەن. دوورکەوتنەوەی فریدریش دێرنمات لە چەمک و بنەما فیکرییەکانی شانۆی پووچگەرایی، نزیکبوونەوەیەکە لە شێوازەکانی شانۆیەکی گوزارشتئامێزی تایبەت بەفریدریش دێرنمات.

## شانۆنامەکانی فریدرێش دێرنمات

فریدرێش دێرنمات وەک شانۆنامەنووسێکی بەتوانا ناسراوە و بەرهەمەکانی وەرگێڕدراونەتە سەر زمانە جیاوازەکانی جیهان. گرنگترین شانۆنامەکانیشی بریتین لە: نووسراو ١٩٤٦، کوێر ١٩٤٧،

ڕۆمۆلۆسی مەزن ١٩٤٨، زەماوەندی ڕێزدار مسیسپی ١٩٥٠، شەڕ لەسەر سێبەری کەر ١٩٥١، فریشتەکە لە بابل دادەبەزێت ١٩٥٣، دیدەنی پیرێژنەکە ١٩٥٥، زاناکانی سروشت ١٩٦٢، با گەمەی ستریندبێری بکەین ١٩٦٨.

فریدریش دێرنمات بۆ ناوەڕۆک و ڕووداوەکانی شانۆنامەی (نووسراو)(٢) سوودی لە چیرۆکە ئاینییە کۆنەکان وەرگرتووە. مەسەلەی ئاین و بەکارهێنانی لەلایەن دەسەلات و بە سیاسیکردنی ئاین، چەمکێکی گرنگی ئەم شانۆنامەیەیە. ئەو شێوازە گاڵتەئامێز و کۆمیدیا توندوتیژە ڕاستەوخۆیەی کە لە شانۆنامەی (نووسراو) دا بەکاری هێناوە، دواتر دەبێتە سیما و زمان و شێوازی نووسینی فریدریش دێرنمات. پێودانگە درامییەکەی شانۆنامەکەش لەسەر کۆمەڵێ مەنەلۆژی بەهێز و چڕ داڕێژراوە. هەموو کارەکتەرەکان سیمایەکی سەربەخۆیان هەیە و هەر یەکە بە تەنها و بە جیا باس لە خۆی و بۆ خۆی دەکات. یەکێک لە تەکنیکە گرنگەکانی ئەم شانۆنامەیە ئەوەیە کە فریدریش دێرنمات، لەو زەمەنەدا توانیویەتی جۆرە خورپەیەک لەلای بینەران و لەڕێگای هەڵوێست و ڕووداوی

(٢) شانۆنامەی (نووسراو) بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٤٧دا لەسەر شانۆی زیورخ نەمایش کراوە. شانۆنامەکە پێشوازییەکی گەورەی لێ دەکرێت و لە هەمانکاتدا هەرا و نارەزاییەکی زۆریشی بەرامبەر دەردەبڕدرێت، بەشێوەیەک پۆلیس ناچار دەبێت بێتە هۆڵی شانۆکەوە و خەڵکی تووڕە و نارازی و ئاژاوەچیی بکاتە دەرەوە. بەڵام ئەکتەرەکان بەهیچ شێوەیەک ئەو کاردانەوە بەهێزی بینەران کاریان تێ ناکات و بەردەوام دەبن تا کۆتایی لەسەر نەمایشەکەیان. لەبەر ئەنجامدا، کە شانۆنامەکە تەواو دەبێت بینەران لەبری فیکەکێشان و هوها لێکردن، بەچەپڵەڕێزان پێشوازییان دەکەن.



چاوەڕواننەکراوەوە دروست بکات.

بەڵام پەیامی شانۆنامەی (کوێر)(٣) ئەوەیە کە وشە دەکرێت لە یەک کاتدا ئامرازی بڕوا و درۆ و ڕیاکردنیش بێت. وشە دەتوانێ جیهانێکی نادیار و پڕ لە نهێنی بخوڵقێنێ، لە هەمان کاتدا جیهانێکی نەبووش دروست بکات.

پاڵەوانی سەرەکی ئەم شانۆنامەیە قەشەیەکی کوێرە، لەبەرئەوە نازانێ کە چی لە چواردەوری ڕوودەدات و تەنانەت نازانێ کە چی لە خۆشی ڕوودەدات. فریدریش دێرنمات بۆ نووسینی ئەم شانۆنامەیە گەڕاوەتەوە بۆ سەر ئینجیل و سوودی لە چیرۆک و نامەکانی کتێبی پیرۆز وەرگرتووە. بەڵام شانۆنامەکە بنەمایەکی مێژوویشی هەیە و دەگەڕێتەوە بۆ جەنگە سی ساڵییە خوێناوییەکەی ئەوروپا (١٦١٨-١٦٤٨)، لەنێوان کاتۆلیک و پرۆتستانەکاندا، لەگەڵ ئەوەشدا شانۆنەمەکە دانانرێت بە شانۆنامەیەکی مێژوویی. مێژوو لێرەدا دەسپێکی تری خوڵقاندنی ڕووداوەکانە و سەرلەنوێ لە فۆرم و شێوازێکی تردا، لە زەمەنێکی تر و لە چارەسەرێکی جیاوازدا بەرجەستە دەبێت.

بەڵام ڕۆحی کۆمیدیای فریدریش دێرنمات و زمانە ڕاستەوخۆ توندوتیژەکەی و بنەما و سترکتوری شانۆنامەکانی، بەشێوەیەکی پتەو و گشتگر لەگەڵ شانۆنامەی ڕۆمۆلۆسی مەزن دەست پێدەکات(٤).

مێژوو و ڕووداوە مێژووییەکان لەم شانۆنامەیەدا زەمینە و بنەمایەکی گرنگی هەیە، زۆر لە ڕەخنەگرەکان ڕۆمۆلۆسی مەزنیان لە

(٣) شانۆنامەی کوێر بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٤٨دا نمایش کراوە..

(٤) شانۆنامەی ڕۆمۆلۆسی مەزن بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٤٩ نمایش کراوە.

ڕەوتی شانۆی فریدریش دیرنماتدا، وەک خاڵێکی گۆڕانکارییە مێژووییەکان، یان وەرچەرخانێکی مێژوویی ئاماژەیان بۆ کردووە.

لە ڕۆمۆلۆسی مەزندا ڕووخانی دوا ئیمپراتۆرەکانی ڕۆما، وەک سەرکردەیەکی سەربازیی، خاڵە سەرەکییەکانی هێڵ و ڕووداوەکانی شانۆنامەکەیە. نووسەر زۆر بەدیقەت دووپاتی بەرجەستەکردنی ئەو زەمەنە مێژووییە دەکات کە ئیمپراتۆرییەتی ڕۆما بەرەو هەڵدێر و لەناوچوون دەچێت، بەڵام لە هەمان کاتدا هۆزە ئەڵمانییەکان، یان ئەو هۆزانەی کە ڕەگەزێکی ئاری و ئەڵمانییان هەیە، لەو ناوچانەدا سەرهەڵئەدەن.

فریدریش دیرنمات لەم شانۆنامەیەدا، هەنگاوێک زیاتر دەچێتە پێشەوە و زۆر بەڕاشکاوی ڕەخنە لە ئەقڵی شارستانی و کولتووری ئەوروپا دەگرێت. ڕۆمۆلۆسی سیزەری ئیمپراتۆرییەتی ڕۆما، لە بری بەرەنگاربوونەوەی دوژمنەکانی، پاراستنی ئیمپراتۆرییەتەکەی و سەرکوتکردنی بەرهەڵستکارەکانی. ژیانی تەرخان کردووە بۆ بەخێوکردنی جووجەڵە و مریشک. بەڵام لە هەمان کاتدا نووسەر ویستوویەتی ئاماژە بەو لۆژیکە هێمن و ستراتیژە بێ باکەی ڕۆمۆلۆس بکات، لەکاتێکدا هەموو کەسانی دەوروبەری و دەستوپێوەندەکانی لە ترساندا هەڵدێن.

فریدریش دیرنمات بۆ نووسینی ئەم شانۆنامەیە گەڕاوەتەوە سەر چیرۆک و بەسەرهاتەکانی مێژووی ڕۆما و لە خودی ئەو چیرۆکانەدا زەمینەیەکی لەباری بۆ گاڵتە و کۆمیدیایەکی سیاسی و توندوتیژ دۆزیوەتەوە. هەروەها فریدریش دیرنمات لە زۆر بۆنە و چاوپێکەوتنیشدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە دەیەوێت لە ڕۆمۆلۆسی



مەزندا بڵێت: «لەسەر مرۆڤ پێویستە کە نیشتیمانی کەمتر لە مرۆڤ خۆش بوێت.[٥]»

فریدریش دیرنمات بەشانۆنامەی (زەماوەندی ڕێزدار مسیسپی) سەرکەوتنێکی گەورە و ناوبانگێکی جیهانی بەدەست دەهێنێ[٦]. نووسەر لەم شانۆنامەیەیدا تەکنیکی سینەمای بەکارهێناوە، گەڕانەوە بۆ ڕابردووی ڕووداوەکان، کۆکردنەوەی ڕابردوو و ئێستا لە یەکەیەکی هونەری و لەنێو یەک دیمەندا، دەکاتە ئامرازی پەیوەندی و تەکنیکی گێڕانەوەی ڕووداوەکانی چیرۆکەکەی.

لە سەرەتا و دەستپێکی شانۆنامەکەدا کارەکتەرەکان دەدوێن و لە هەمان کاتدا هەڵوێستە لە تەک ڕووداوەکاندا وەردەگرن. بۆ نموونە لەپڕ گڵۆپەکانی هۆڵی بینەران پێدەکرێ و هەندێ لە کەسایەتییەکان ڕاستەوخۆ دەباتە ناو بینەرانەوە و پرسیاریان ئاڕاستە دەکەن.

شانۆنامەی (زاناکانی سروشت[٧]) گفتوگۆیەکی بەربڵاو لە ئەوروپا و ئەمەریکا دروست دەکات. فریدریش دیرنمات زاناکانی ئەتۆم و زانستە فیزیکییەکان ڕووبەڕووی کۆمەڵێ پرسی چارەنووسساز و ئاکاری دەکاتەوە. هەموو دەزانین کە دۆزینەوە و بەرەوپێشەوەچوونی

---

(٥) فریدریش دیرنمات بۆ چەندین جار ئەم شانۆنامەیەی سەرلەنوێ نووسیوەتەوە و گۆڕانکاری و ئاڵوگۆڕێکی زۆری لە ڕووداو و کارەکتەرەکانیدا کردووە. بەڵام لەساڵی ١٩٥٧دا بۆ دواجار فۆڕم و شێوازی تەواوەتی خۆی لەخۆ گرتووە.

(٦) شانۆنامەی ڕێزدار مسیسپی بۆ یەکەمجار لەسەر شانۆی میونشن و لە ساڵی ١٩٥٢دا نمایش کراوە.

(٧) شانۆنامەی زاناکانی سروشت لە هەموو شانۆنامەکانی تری فریدریش دیرنمات زیاتر لە ئەوروپا نمایش کراوە. ئەم شانۆنامەیە بۆ یەکەمجار لە شاری زیورخ و لە ساڵی ١٩٦٢دا نمایش کراوە.

زانیاری، چەکی ئەتۆمی، تەکنەلۆژیا و بەکارهێنانیان بۆ مەبەستی سەربازی و ئایدۆلۆژی، ژیان و گۆی زەوی ژەهراوی دەکات و دەبێتە هۆی کوشتن و لەناوبردنی هەزارەها کەسی بێ تاوان.

فریدریش دێرنمات لە وەڵامی پرسیارێکدا سەبارەت بەم شانۆنامەیە وتوویەتی: (لێم مەپرسە بیرۆکەی ئەم شانۆنامەیەم لەکوێوە بۆ هاتووە. مرۆڤ بیرۆکەی هیچ شتێکی بۆ نایەت، بەڵکو کۆی دەکاتەوە. هەموو شتەکان لەم ڕۆژگار و سەردەمەدا هەن، چاویان پێدا بگێڕە و کۆیان بکەرەوە و بەکاریان بهێنە.)

سێ کارەکتەری سەرەکی لەم شانۆنامەیەدا هەن، هەرسێکیان شێتن، یەکێکیان وا دەزانێ ئیسحاق نیوتنە، دووەمیان ئەنیشتین و سێیەمیشیان بەڕاستی زانایەکی ئەتۆم و زانستە سروشتییەکانە و لەو شێتخانەیەدا، لەگەڵ شێتەکانی تردا توند کراوە. ڕووداوەکانی شانۆنامەی (زاناکانی سروشت) وەک کۆمیدیایەکی ڕەش بەوە کۆتایی دێت کە شێتێک حوکمڕانی جیهان دەگرێتە دەست.

زاناکان شێتن، هەرچەندە زۆر هوشیارن، بەڕێوەبەر و بەرپرسە گەورەکان هوشیارن، بەڵام شێتن. جیهان پڕە لە خێر و خۆشی، بەڵام لە هەمان کاتدا پڕە لە شەڕ، کارەسات و مەینەتی. هێزی شەڕ هەمیشە هەبووە و لە هەموو شوێنێکیشدا جێگای خۆی دەکاتەوە.

فریدریش دێرنمات زۆر زیرەکانە جیهانە ڕەش و سپییەکەی شەڕی سارد و هەڕەشەکانی دەکاتە دەروازە و زەمینەیەکی لەباری ئەو ئەتمۆسفێرە گرۆتێسکەییە کە ئەو نووسەرە لە شێوازێکی کۆمیدیدا خوڵقاندوویەتی[٨].

(٨) فریدریش دێرنمات بۆ نووسینی ئەم شانۆنامەیەی سوودی لە لە شانۆنامەی (گالیلی) برێشت وەرگرتووە.



## فریشتەیەک لە بابل دادەبەزێت

فریدریش دێرنمات هەر لە تەمەنی هەرزەکارییەوە بیری لە چیرۆکەکانی تاوەری بابل کردۆتەوە، ئەو چیرۆکانە خەیاڵیان بزواندووە و لە ئەندێشەیدا ئەفسانە و واقیع، سیاسەت و مێژوو بوونەتە ناوەندێکی گرنگی بیرکردنەوە و خوڵقاندنێکی تری داستان و ئەفسانە کۆنەکان. ئەم بیرۆکە چڕ و بەربڵاوە لە ساڵی ١٩٤٨ەوە زیاتر فریدریش دێرنمات لە شانۆ نزیک دەکاتەوە، سەرەتا ویستوویەتی چیرۆک و ئەفسانە بابلییەکان بکاتە ناوەڕۆکی ڕۆمان و نۆڤێلتەکانی، دواتر شانۆ ڕێگای بابل دەگرێتە بەر. فریدریش دێرنمات هەمیشە هەستی بەفراوانی هێما و بنەما فیکری و چیرۆکە جۆربەجۆر و بەربڵاوەکانی تاوەری بابل کردووە. لە یەکەم تەقەلاکانی ئەو پڕۆژەیەدا دێرنمات سەرکەوتوو نابێت، یەکێک لە گرفتە سەرەکییەکانیش ئەوە بووە کە نەیتوانیوە ئەو هەموو چیرۆک و ڕووداوە جیاوازانە، بەهێما و بنەما فیکری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانیانەوە لە یەک شانۆنامەدا کۆکاتەوە. بەڵام هەر لە سەرەتاوە فریدریش دێرنمات ئەو هزرەی لەلا ڕوون و ئاشکرا بووە کە شانۆنامەکەی توانا و دەسەڵاتی بێ سنووری نەبوخز نەسر، پادشای بابل بەرجەستە بکات. هەوڵەکانی ئەم نووسەرە لەگەڵ تاوەری بابل و نەبوخز نەسری پادشا و ڕووداوە سەیر و سەمەرەکانی ئەو دەوڵەتە، بێ بەرئەنجام نابێ، بەڵکو لە ساڵی ١٩٥٣دا شانۆنامەی (فریشتەیەک لە بابل دادەبەزێت) دەنووسێت[٩].

فریدریش دێرنمات ئاماژەی ئەوەی کردووە کە شانۆنامەکەی پرسی

(٩) شانۆنامەی فریشتەیەک لە بابل دادەبەزێت بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٥٣دا لە میونشن و دواتر لە ساڵی ١٩٥٤دا لە زیورخ نمایش دەکرێت..

دەسەڵات و دروستکردنی تاوەری بابل دەخاتە ڕوو. بێگومان مەسەلەکانی دەسەڵات، دەسەڵات و جەماوەر، دەسەڵات و پرسە سیاسییەکان و بەدەسەڵاتکردنی دین و سیاسەت، تەوەرە گرنگەکەنی ئەم شانۆنامەیەن.

## ڕووداوەکان لە بابل

فریشتەیەک لە بابل دادەبەزێت، سەرەتا و کۆتایی

خودا بە جوانترین شێوە بوونەوەرێک دەخوڵقێنێ و دەیداتە دەست فریشتەیەک تا لەگەڵ خۆیدا بیباتە سەر زەوی و بیبەخشێت بە کلۆڵترین و هەژارترین پیاوی ئەو شارە. لە شاریش (نەبوخز نەسر)ی پادشا خۆی لە بەرگی هەژارێکی سواڵکەردا دەگۆڕێ، تا بزانێ خەڵکی چۆن ژیان دەگوزەرێنن. ڕێکەوت کوروبی، کچە خواوەند و نەبوخز نەسری پادشای بابل، لە بەرگە دڕاوەکەیدا کۆ دەکاتەوە و کوروبی ڕاستەوخۆ عاشقی نەبوخز نەسر دەبێت. تەنانەت فریشتەکەش کە نوێنەری خواوەندە و لە ئاسمانەوە دابەزیوە، نازانێت کە ئەو سواڵکەرە هەژارە، پادشای بابل نەبوخز نەسرە.

کوروبی هەروەک ئیندرای خواوەند لە شانۆنامە بەناوبانگەکەی ستریندبێری (خەونەیاری) دا زوو هەست بە کلۆڵی و ژیانی بێدەرەتان و پڕ کارەساتی خەڵکی دەکات.

**کوروبی:**

... ئەم سەرزەمینە بەشێوەیەکی زۆر ترسناک جیاوازە لەوەی کە فریشتەکە بیری لێ دەکردەوە. هەر هەنگاوێک دەنێم ستەم و بێدادییەکی زۆر دەبینم، دەرد و درمێکی زۆرتر، نائومێدییەکی گەورەتر



دەوری تەنیوم، مرۆڤ قەت بەختەوەر نییە.

فریشتەیەک لە بابل دادەبەزێت

کوروبی شەیدای نەبوخز نەسرێکی هەژار و بێدەرەتان دەبێت، بەڵام ئەو پادشا بەزەبرە جلوبەرگە دڕاوەکانی سواڵکەرەکەی نەینەوا فڕێ دەدا و دەگەڕێتەوە نێو کۆشکەکەی و ڕۆڵەکەی خۆی وەک پادشایەک. کوروبی ناتوانێ دڵدارەکەی لەیاد بکات و هەمیشە بەدوایدا دەگەڕێت (دەرۆزەکەرەکەی نەینەوا منی بەجێ هێشت.. هۆ فریشتەکەم. من ئەوم خۆش دەوێت و کەچی ئەو فەرامۆشی کردم.)

فریشتەیەک لە بابل دادەبەزێت

لە هەمان کاتدا هەرچی شاعیر، پۆلیس، کرێکار، سواڵکەر، بازرگان و سەربازەکانی بابلە، هەر هەموویان شەیدای کوروبی دەبن و شیعری بۆ دەڵێن. بەڵام کوروبی دڵی هەر لای سواڵکەرەکەی خۆیەتی. کە لە کۆتاییشدا لە کۆشکە شاهانەکەی پادشادا ڕووبەڕووی نەبوخز نەسر دەبێتەوە، نایەوێت باوەڕ بکات کە ئەوە پادشایە و پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە ئەو هەژارەکەی خۆیەتی و دەیەوێت پادشا ناچار بکات دەست لە دەسەڵات هەڵبگرێت تا پێکەوە، دوور لە دەسەڵات و هێزی پادشایەتی، بەشێوەیەکی ساکار بژین. بێگومان پادشا بەهیچ شێوەیەک بەو مەسەلەیە ڕازی نابێت.

**کوروبی:**

تووخوا واز لەو خەونە ناخۆشە بێنە و با ئەو بۆتەکەیە نەمێنێت، تۆ پادشا نیت. دەی دیسانەوە ببەوە بە خۆت، ئەو دەرۆزەکەرەی کە هەمیشە بوویت، من تۆم خۆش دەوێت. با لەناو ئەم خانووە بەردینە

بچینە دەرێ و ئەم شاری بەردە بەجێ بێڵین. من دەرۆزەت بۆ دەکەم و ئاگام لێت دەبێت، بەنێو هەرد و وەردەکاندا دەگەڕێین و ڕووەو ئەو سەرزەمینەی کە فریشتەکە باسی کرد، بیابانەکان تەی دەکەین و ناترسین. شەوانە دەست لەملانێ و دەنێو باوەشی یەکدیدا لەسەر زەوییەکە دەخەوین، لەبن درەختەکان و ژێر ئاسمانی پڕ لە ئەستێرەدا.

فریشتەیەک لە بابل دادەبەزێت

لە کۆتاییدا پشێوییەکی سەیر ئاراستەی ڕووداوەکان داگیر دەکات، شۆڕش هەڵدەگیرسێت و هەموو مەسەلەکان ئاوەژوو دەبنەوە. ئەوانەی کە شیعریان بۆ کوروبی دەوت دەبنە دوژمنی، پیاوانی ئاین و مەلاکان بەرگرییان لە هاتنی فریشتەکە و کوروبی کچی خواوەند دەکرد، بەڵام لەپڕ هەڵدەگەڕێنەوە و دەچنەوە ڕیزەکانی دەسەڵات و ملکەچی فەرمانەکانی پادشا دەبن، تەنانەت فریشتەکەش کوروبی بەجێ دەهێڵێ و بەتەنها دەگەڕێتەوە بۆ ئاسمان، نەبوخز نەسر بێباکانە ڕوودەکاتە کوروبی و دەڵێ: (فریشتەکە وا دەڕوات، دەگەڕێتەوە لای ئەستێرە کەسنەناسەکانی خۆی، تۆ تەنیایت. ئاسمانیش پشتی کردە تۆ، مرۆڤایەتیش تۆی ڕەت کردەوە.)

فریشتەیەک لە بابل دادەبەزێت

نەبوخز نەسر نهێنی گەمەکانی لایە و دەزانێ تەنها لەبەر هێزی دەسەڵاتە کە وازی لە کچی خواوەند هێناوە. بەڵام ئەوانەی کە گۆرانییان بۆ دەوت لەپێناوی سامان و دارایی، قەشە و مەلاکان لە پێناوی ئاین و پیاوانی دامودەزگاکانی کۆشکی پادشایەتیش لەپێناوی دەسەڵات و دەوڵەتدا.

کوروبی لەگەڵ عاقی سواڵکەردا و بەتەنها بە بیابانەکانی



چارەنووسدا ڕێ دەکەن. فریدریش دێرنمات لە فریشتەیەک لە بابل دادەبەزێت، دیالۆژ و پەخشان و زمانێکی شیعرئامێز، لە شێوازێکی شانۆیی چڕ و گراندا کۆدەکاتەوە. تاوەری بابل دەبێتە هێمایەکی گەورە و هەمیشە لە پشتەوەی ڕووداوەکاندایە، دروستکردنی ئەو تاوەرەش جۆرێکە لە ڕووبەڕووبوونەوە، بەگژداچوون و گەمارۆدانی ئاسمان، هێمای دەسەڵاتێکی ڕەهایە و مرۆڤیش لەو هاوکێشەیەدا بوونەوەرێکی بچووکە.

## کۆتایی و سەرەتایەکی تری جیهان

شانۆنامەی فریشتەیەک لە بابل دادەبەزێت بەپشێوییەکی گەورە کۆتایی دێت، لەو پشێوییەدا جیهان دەکەوێتە ڕۆخی کۆتایی و لەهەمان کاتدا سەرەتایەکی تری دروست بوونەوە. نووسەر دەیەوێت لە دەروازەکانی ئەو تاوەرە مەزنە مێژووییەوە وێنەیەکی دڵتەزێن و کارەساتی کۆتایی جیهان بەرجەستە بکات. ڕووداوەکان زۆر بەخێرایی لە ڕوانگەی کۆمەڵێک دیمەنی کورت کورت و چڕدا پێکدا دەچن و لە کۆتاییدا جیهان لە هەڵەکانی خۆیدا ون دەبێت. کۆمیدیای ئەم تراژیدیایەش دووپاتی ئەوە دەکاتەوە کە چۆن جیهان گەمە بە بەختیاری، پێداویستییەکان و تواناکانی خۆیەوە دەکات. دروستکردنی ئەو تاوەرە بابلییە گەورەیەش جۆرێکە لە تۆڵەسەندنەوە و لە هەمان کاتدا هێرشکردنە سەر ئاسمان. چەندە بارستاییەکانی ئەو تاوەرە بەرز و بەرزتر بێتەوە، بارستە و قەبارەی مرۆڤیش بچووک و بچووک دەبێتەوە تا لە ئەنجامدا دەبنە تەنها تارماییەکی ڕەشی بچووک. لەم هاوکێشە و گەمەی دەسەڵاتەدا، تاوەرەکە دەبێتە جۆرێک لە دەسەڵاتێکی توندوتیژ و بەهێز بەسەر مرۆڤدا، نەک داگیرکردنی

ئاسمان. کارەکتەری نەبوخز نەسر زیاتر دەبێتە وێنەیەکی کۆمیدی، بەڵام فریشتەکە کە نوێنەری خوایە، ساویلکەیە و لە هەڵەکانی خۆیدا ون دەبێت. عاقی سواڵکەریش لە بری فریشتەکە بەدەم کوروبییەوە دەچێت و یارمەتی ئەدات، کوروبی و عاقی تەنها و بێ دەرەتان کۆتایی بەو کارەساتە دەهێنن و کارەساتی گەورەتریش چاوەڕوانە.

**عاقی::**

.... ئەوان کە من و تۆیان بە مەرگ سپارد. لە پشت ئێمەوەش ئەوەتا تاوەری بابل بەرز و بڵند بەڕووی ئاسماندا هەڵشاخاوە و ترۆپکی دیار نییە، لە پۆڵا و لە بەرد دامەزراوە، کوێر و نەچەسپیو، کەچی وەستاوە و ڕکەبەری دەکا و نایەوێت بڕووخێت، ئەسپ سوارەکانیش ڕاوەدوومان دەنێن، بووین بەنیشانەی تیرەکانیان و هەر بەدواوەمانن. ئەی، لە پێشەوە چی بەردەمی گرتووین؟ هێزێک کە نەیتوانی دوای ئازایەتی بکەوێت و بەجێ ما، پێیەکانمان نوقمبوو دەنێو لمی نەرمدا ڕادەکێشین و پرزەمان لەبەر بڕا، گەردەلوولیش ڕوومەتمان داغ و زامار دەکات، نێوان ئێمە و سەربەستیش بەربەست و کەندەڵانە، خۆ دواجاریش ئێرە خاکێکە کە ڕابردوو لە یاد دەکات، بەڵام زەوییەکە کە دەنێو ڕۆشنایی زیوینی کازیوەدا دەدرەوشێتەوە، پڕە لە ستەم و بێدادی و چەوسانەوەی تازە بابەت، بەڵام پڕیشە لە بەڵێنی نوێ، پڕ پڕە لە سترانەکان و بەستە و سپێدەی تازە.

(هەردووکیان ون دەبن، دەکرێت کۆمەڵێک لە شاعیرەکان دوایان بکەون کە دواجار دەکەونە ناو گێژەڵووکە و گەردەلوول، بەدەم قەڵەمباز و گورگەلۆقەوە ڕێ دەکەن.)

فریشتەیەک لە بابل دادەبەزێت

## کارەکتەرەکان

* فریشتە
* کچ: کوروبی
* عاقی
* نەبوخز نەسر: پادشای بابل
* نمرود: کۆنە پادشای بابل
* شازادەی جێنشین: کوڕی هەردووکیان
* سەرۆک وەزیران
* گەورەی ئاخوندەکان: ئوتناپشتم
* ژەنەراڵ
* سەربازی یەکەم
* سەربازی دووەم



* سەربازی سێیەم
* خاوەن بانق: نەجیب
* بازرگانی شەراب: عەلی
* سۆزانی: تابتم
* کرێکاری یەکەم
* کرێکاری دووەم: هوشیاری چینایەتی پترە
* ژنی کرێکاری یەکەم
* ژنی کرێکاری دووەم
* پیرەمێرد
* فرۆشیاری شیری کەر: جەمیل
* ژمارەیەکی زۆر لە شاعیران
* سەرۆکی پاسەوانەکان
* ئاشپەز
* خەڵک و کەسانی دیکە
* هتد... هتد...

## پەردەی یەکەم

گرنگترین شت کە سەرنجمان ڕابکێشێ، وەک کۆی دیمەنەکانی شانۆ کە بۆتە باکگراوندی ئەم شانۆگەرییە کۆمیدییە: ئاسمانێکی کراوە و بەرفراوانە کە هەموو فەزای پشتەوەی تەختەی شانۆکەی داگیرکردووە، لە ناوەڕاستی ئەو ئاسمانەدا هەسارەی " ئاندرۆمیدا " دەدرەوشێتەوە، ئەستێرەکانی زۆر نزیک لە یەکەوە دەجریوێنن، هەروەک بلێی لە ڕێی تەلیسکۆبەکانی "ولسن" و "پالۆمار"ەوە دەرکەون، ئەم دیمەنە، لە دواوە، نیوەی فەزای پشتەوەی شانۆکەی ڕازاندۆتەوە، هەر لەو ئاسمانەوە (فریشتە)یەک لە ئێمە دیارە و واش دەردەکەوێ کە لە ئاسمانەوە دابەزێ، بەخۆی و ڕیشێکی درێژی خورمایی، لەژێر بەرگ و سیپاڵێکی هەلاهەلا و سواڵکەرانە، بەتەنیشتییەوە کچێک ڕووی خۆی داپۆشیوە. لەوە دەچێ هەر ئێستا و گەرماوگەرم گەیشتبنە "بابل" و ڕووەو کەناری ڕووباری "فورات" ڕێگەیان گرتبێتە بەر. لە ناوەڕاستی گۆڕەپانە چکۆلەکەدا چرایەکی بەگاز داگیرساوی بابلی کز کز دەسووتێ، هەڵبەت لەژێر ئەو ئاسمانە درەوشاوەیەدا کز و بێ تین و تاو خۆی دەنوێنێ و دادەگیرسێ. لە دواوەش... تۆزێک دوور لەسەر دیواری خانووەکان چەندەها پۆستەر و بۆردی داکوتراو دەبینین کە بەنارێکی لەسەریان نووسراوە:

**هەرکەسێک دەرۆزە بکات دوژمنکارە بەوڵاتەکەی.**

**سواڵکردن دوژمنی کۆمەڵگایە.**



**ئەی سواڵکەران وەرن با میری داتانمەزرێنێ.**

لە پشتەوە و تۆزێ دوورتر لەم دیمەنەش: شەقامێکی زۆر تێکدەدەنەوە و بە بەردەمی باڵەخانەکاندا لوول و پێچ دیارن، هەر هەمووی بەیەکەوە شارێکی گەورە پێکدێنێ کە تیایدا ملیۆنەها کەس بژی، جیهانێکە تێکەڵ لە زیبایی و پیسی، چەندین کۆشک و تەلار لەو ناوە بڵاون، گەلێک باڵەخانەی هەوربڕ و کوختی پەڕپووت بەتەک یەکەوە دیارن، لەگەڵ دووری مەودای چاو کوخت و باڵەخانەکان چکۆلە دەبنەوە تا دەبێ بە لمی زەردباوی بیابان.

**فریشتە:**

کچەکەم... مادامەکێ خوا بەجوانترین شێوە تۆی خوڵقاندووە، هەرچەند چرکەیەک لەمەوبەر، دەبێ هەر لە ئێستاکەوە تۆ ئەوە بزانیت کە من – من کە لە تەکتا ڕێ دەکەم، وەک سواڵکەرێک، بەڵام ئەوەش بزانە کە من فریشتەم، ئەو شتەی ژێر پێمان کە وشک و قاقڕە و بەسەریدا گوزەر دەکەین، گەر بەهەڵەدا نەچووبم زەوییە، ئەو خانوو و بەرە سپییانەش: شاری (بابل)ە.

**کچە:**

ڕاست دەکەی ئەی فریشتەی خوداوەند.

**فریشتە:**

(نەخشەیەک دەردێنێ و لێی ورد دەبێتەوە)

وا بزانم ئەم تەنە پان و پۆڕەش کە بەبەردەمماندا دەڕوات ڕووباری "فورات"ە.

(دەچێتە سەر کەناری ڕووبارەکە و پەنجە دەخاتە ناو ئاوەکە و

پاشان دەیباتەوە بۆ ناو دەمی)

لەوە دەچێ ئەم ڕووبارە لە یەک دونیا ئاونگ پێکهاتبێ.

**کچە:**

تەواوە... ئەی فریشتەی خۆشەویست.

**فریشتە:**

ئەو شتەش کە ڕۆشن و بازنەیی دەردەکەوێ... گەر کەمەکێ بتوانیت سەر هەڵبڕیت و سەیرێکی بکەی پێی دەوترێ مانگ، ئەو هەور و تەمەی کە پان و پۆڕ ئاسمانی پشت ئێمەی تەنیوەتەوە و تەنک و ڕوون خۆی دەنوێنێ "هەسارەی ئاندرۆمیدا"یە، تۆ باش دەیزانیت، ڕێی کاکێشانە، چونکە هەر ئێستا لەوێوە هاتین. (لەسەر نەخشەکە دەستنیشانی دەکا) دەقاودەق... هەرچییەکی هەیە وا لەسەر ئەم نەخشەیە و ڕەسمی کراوە.

**کچە:**

وایە.

**فریشتە:**

تۆش کە لەتەکما ڕێ دەکەی ناوت: "کوروبی" یە و وەک تازەش پێم وتیت: هەر تۆزێک لەمەوبەر خودا خۆی تۆی خولقاند. چونکە من دەتوانم دڵنیات بکەم کە من خۆم بەم چاوانە دیتم کە چۆن چۆنی خوداوەند دەستی ڕاستی ڕووەو (عەدەم) درێژ کرد و هەردوو پەنجەی (ئەسپێ کوژە و بەرزە لووتە) ی بەنەرمی لەیەکدی خشاند و ئا لەوێدا تۆ دەرکەوتیت، هەر لەسەر لەپی



خوداوەندیش بوو کە تۆ یەکەمین هەنگاوی ناسکی خۆت هەڵێنا.

**کچە:**

ئا... لەیادمە.... ئەی فریشتەکە.

**فریشتە:**

زۆر چاکە. هەمیشە ئەوەت لەیاد بێ، چونکە تۆ لەو زاتە دادەبڕێیت، ئەو زاتەی تۆی لە نەبوونەوە هێنایە بوون و کە هەر تۆزێک لەمەوبەر بوو لەسەر لەپی ئەودا سەمات دەکرد.

**کچە:**

باشە... ئەی ئێستا بەرەو کوێ بچم؟

**فریشتە:**

بڕۆ بۆ ئەو شوێنەی کە ئێستا لێی دابەزیت، بڕۆ و تێکەڵ بەخەڵک بە.

**کچە:**

مەبەستت لە خەڵک چییە... ئەوانە کێن؟

**فریشتە:**

(دەشڵەژێ و شپرزە دەبێت)

ئازیزەکەم "کوروبی"... دەبووایە من ئەوە بەتۆ ڕابگەیەنم و تێت بگەیەنم کە من بۆ خۆم سەبارەت بەم قۆناغ و دۆخەی (خەلیقەت) هیچ زانیارییەکی ئەوتۆم لەلا نییە. لەسەر ئەم بابەتە من تەنها لە یەک وانەدا ئامادە بووم، ئەوەشیان چەند هەزار ساڵێک لەمەوبەر بوو. بەپێی ئەو زانیارییانەی من

وابزانم توخمی مرۆڤ جۆرە بوونەوەرێک بن: شێوەیان بێتەوە سەر ئێمە، دەبێ من ئەوەش بڵێم کە بۆ من ئەوەیان ناجۆرە و دروست نایەتە پێش چاوم. لەوەش دەچێ لەشیان فرە ئەندام بێ و من ناشزانم هەر ئەندامەی بەکەڵکی چی دێ. من بۆ خۆم هەر بەم زووانە دەگەڕێمەوە سەر شێوە و ئاکاری جارانم... دەبمەوە بەفریشتە... ئەوەش مایەی دڵخۆشیمە.

**کچە:**

کەواتە من ئێستاکە یەکێکم لەو خەڵکە؟

**فریشتە:**

تۆ بوونەوەرێکی لە شێوەی ئینسان. (قورگی پاک دەکاتەوە) بەپێی ئەو تەنها وانەیەی من گوێ بیستی بووم: مرۆڤەکان لەرێی زاووزێوە زۆر دەبن. بەڵام سەبارەت بەتۆ خودا خۆی لە نەبوونەوە تۆی هێنایە بوون. من دەتوانم تا ڕادەیەک بتخەمە ناو خانەی بوونەوەرێکی (نائادەمی). تۆ نەمر و ئەبەدیت وەک (عەدەم)، مەرگیشت لەسەرە و فانیت وەک ئینسان.

**کچە:**

دە باشە... من چیم لەگەڵ خۆمدا هێناوە تا بە مرۆڤایەتی ببەخشم؟

**فریشتە:**

ئازیزەکەی من "کوروبی"... لەبەرئەوەی تەمەنی تۆ بەتەنها چارەکە سەعاتێکە، من زۆر گوێ بەپرسیارەکانت نادەم. لەگەڵ ئەوەشدا تۆ دەبێ ئەوە بزانیت کە کچی خاس پەروەردەکراو زۆر ناپرسێ. پێویست ناکات هیچ شتێک بەهیچ کەسێک



ببەخشێت. بەپێچەوانەوە، تۆ خۆت دیاریت و بەمرۆڤایەتی بەخشراویت.

**کوروبی:**

(دوای ساتێک لەکاردانەوە) تێت ناگەم.

**فریشتە:**

ڕۆڵەکەم... هەرچییەکی لەژێر دەستی خوداوەند- دا دێتە دەرێ، ئەو خوداوەندەی ئێمەی دروست کردووە، مەرج نییە ئێمەمانان تێی بگەین.

**کوروبی:**

داوای لێبووردنت لێ دەکەم.

**فریشتە:**

من فەرمانیشم پێکراوە کە تۆ بەکڵۆڵترین و نزمترین پیاوی ئەم شارە ببەخشم.

**کچە:**

منیش لەسەرمە گوێڕایەڵ بم.

**فریشتە:**

(دیسانەوە دەگەڕێتەوە سەر نەخشەکە)

هیچترین پیاوی ناو پیاوەکان دەرۆزەکەرە (سواڵکەرە). دواجار تۆ دەبیت بە ژنی "عاقی" سواڵکەر، خۆ ئەگەر ئەم نەخشەیەش ڕاست بێ، ئەوە عاقی دوا سواڵکەری زیندووی ئەم زەمینەیە کە تا هەنووکە ماوە، وەک گەنجینەیەکی دێرین بەنرخە... وەک هەر شتێکی عەنتیکە. (بەشانازییەوە) بەڕاستی نەخشەیەکی

سەرسوڕهێنەرە. هەموو شتێکی تێدایە.

**کوروبی:**

گەر "عاقی" کەسێکی نزم و هیچترین پیاو بێ، کەواتە دەبێ زۆر نەگبەت و بەدبەخت بێت.

**فریشتە:**

وشەکانمان چەند ناسکن ئەو کاتەی هێشتا گەنجین. هەرچییەکی خوا دروستی کردبێ چاکە، هەرچییەکی چاکیش بێ: بەختەوەرە. بەدرێژایی ئەو گەشتە بەرفراوانانەی من بەناو (خەلیقەت) دا کردوومە هەرگیز یەک گەردیلەشم نەدیوە پێی بوترێ بەدبەختی.

**کوروبی:**

ڕاست دەکەی... فریشتەی خۆشەویست.

**فریشتە:**

(کە ڕووەو دەستە ڕاست دەجوولێن، فریشتەکە ڕووەو هۆڵی ئۆرکێستراکە دەڕوانێ).

ئا لێرەدایە کە ڕووباری (فورات) پێچ دەکاتەوە. دەبێ هەر لێروکانەشدا بوەستین تا (عاقی) سواڵکەر دێ. بۆ خۆمان لێرە دادەنیشین و بەدەم چاوەڕوانییەوە سەرخەوێک دەشکێنین. ئەم گەشتەش تەواو شەکەتی کردم. وا هەست دەکەم لەو کاتەی کە بەچوار دەوری "مشتەری" دا دەخولاینەوە، ساتمەمان لە یەکێک لە ئەستێرەکانی کردبێ.

(لە پێشەوە و بەدەستە چەپدا هەردووکیان دادەنیشن.)





وەرە تەنیشتم و هەردوو باسکتم تێوە بئاڵێنە. هەر بەم نەخشە سەرسوڕهێنەرە خۆمان دادەپۆشین. من بەگەرمایی زۆر خۆری ئاسمانی جیا جیا ڕاهاتووم. خەریکە لە سەرمانا ڕەق دەبمەوە، هەرچەندە بەپێی وەسفی نەخشەکە بێ، ئێرە یەکێکە لە هەرێمە هەرە گەرمەکانی سەر زەوی.

(هەردووکیان دەچنە ژێر نەخشەکە و باوەش بەیەکدیدا دەکەن. لەلای ڕاستەوە، نەبوخز نەسر- ی پادشا وەژوور دەکەوێ، هێشتا گەنجە و خۆش تیپ دیارە، بەڵام تا ڕادەیەک ساویلکە دەردەکەوێ، دەست و پێوەندەکەی دەوری چۆڵ ناکەن: لە سەرۆک وەزیران، سوپاسالار، گەورەی ئاخوندەکان ئوتناپشتم تا دەگا بە جەللادێکی سوورپۆش.)

**نەبوخز نەسر- ی پادشا:**

لەبەرئەوەی هێزەکانم لە باکوورەوە گەیشتوونەتە (لوبنان)، لە باشوورەوە گەیشتوونەتە سەر دەریا، لە ڕۆژئاواشدا تا بیابان ڕۆیشتوون، لە ڕۆژهەڵاتیشدا گەیشتوونەتە قەرەی زنجیرە چیاکان کە تا ئەبەد هەڵدەکشێن... دە کەواتە من توانیومە هەموو جیهان داگیر بکەم.

**سەرۆک وەزیران:**

بەناوی (دەوڵەت)ەوە...

**ئوتنا پشتم - گەورەی ئاخوندەکان:**

بەناوی کڵێساوە...

**سوپاسالار:**

بەناوی سوپاوە...

**جەللاد**

بەناوی دادپەروەرییەوە

**هەموویان (بەیەکەوە)**

پیرۆزبایی لە خاوەن شکۆ دەکەین بۆ ئەو یاسا و دەستوورە تازەیەی بۆ گشت دنیا دایناوە.

(هەر هەموویان کڕنووش دەبەن)

**نەبوخز نەسر:**

من نۆ سەدەم لەبەر پێی (نەمرود) ی پاشادا بەسەر برد، بەکەیفی خۆی پێی دەخستە سەر پشتم، تەواو سەغڵەت و پەرێشان بووم، ئەوەشیان تاکە سووکایەتی نەبوو کە پێی دەکردم. تۆش ئەی سەرۆک وەزیران بۆ ماوەی نۆ سەد ساڵ لەبەر چاوی خەڵک تفت لە ڕووم دەکرد.

**سەرۆک وەزیران:**

خاوەن شکۆ، نەمرودی پادشا، بەزۆر ئەمەی پێ کردم. (خۆی زەلیل پیشان دەدا)

(لە دوورەوە گوێمان لە زرم و کوتی تەپڵی قولەڕەشەکان دەبێ.)

**نەبوخز نەسر:**

نەمرود- ی پادشا دەستگیر کراوە. هەر ئەم بەیانییە زوو دەگاتە (بابل)، بە زرم و کوتی تەپڵی قولەڕەشەکانەوە دیارە کە بەرەو ئێرە لە (لاماش)ەوە وا دەیهێنن، ئەو قولەڕەشانەی شاژنی (سەبەء) -سبأ- پێشکەشی کردین. ئیدی لەمڕۆکەوە من (نەمرود) دەخەمە ژێر پێیەکانم، تۆش ناچار دەکەم، ئەی سەرۆک وەزیران، تف لە چارەی بکەی.



**سەرۆک وەزیران:**

(دڵگەرمانە دەدوێ)

خاوەن شکۆ... لە سەردەمێکی زوودا کە جەنابتان پادشا بوون و نەمرود لەژێر پای ئێوەدا کەوتبوو، دەبوو من تف لەو بکەم. ئەو کاتەشی کە نەمرود بۆ ماوەی نۆ سەد ساڵ بوو پادشا و ئێوە کەوتنە ژێر پێی، دەبووایە تف لە چارەی جەنابتان بکەم. باشە ناکرێ لەو بەزمی تف لێکردنە بەیەکجاری ڕزگارم بکەن- داخوازییەکە کە هەر جارەی من پێشکەشی دەکەم چارەنووسی ئەم تەخت و تاراجە دەگۆڕێ-

**نەبوخز نەسر:**

دادپەروەری هەر دادپەروەرییە. تۆ ئەرکی خۆت جێبەجێ دەکەیت و ئەویشیان تف کردنە. (سەرۆک وەزیران کڕنۆش دەبات). ئەم ئیمپراتۆرییەتە تا ئەوپەڕی بۆگەنی کردووە، من نابێت کات بەفیڕۆ بدەم و گەرەکە لەم گەندو گووە پاکی بکەمەوە. ژیان کورتە و زۆر پرۆژە و پلانم لە خەیاڵدایە کە دەبێ تەواویان بکەم، ئەوکاتەی لەبەر پێی نەمرود کەوتبوون دڵم لای ئەو پرۆژە و نەخشانە بوو.

**سەرۆک وەزیران:**

خاوەن شکۆ... من وای بۆ دەچم کە سەردەمێکی پڕ لە خێر و خۆشی بۆ ئەم وڵاتە فەراهەم دەکەی.

**نەبوخز نەسر:**

سەرۆک وەزیران... بەلامەوە سەیرە کە تۆ ئاگات لە خەیاڵ و ختوورەی منە.

**سەرۆک وەزیران:**

خاوەن شکۆ... ئەوەیان شتێکی نەگۆڕە کە پادشاکان بە زمانێکی مرۆڤدۆستانە دەدوێن و ڕەفتاری دادپەروەرانە دەنوێنن، بەتایبەتی ئەو کاتەی باریان ناهەموار و گلۆڵەیان لە لێژیدایە.

**نەبوخز نەسر:**

وەک هەمیشە... ئەو کاتەی نەمرود–ی پادشا حوکمی خۆی دەگێڕا، پیشەسازی کەرتی تایبەت تەواوێک پەرەی سەند، دەوڵەتیش سەقامگیرتر، ژمارەی زۆر لە بازرگان و دەڵاڵی ناپەسەند کەوتنە ناو بازاڕەکانەوە، توجارباشی گەورە و بچووک، تا دەهات ژمارەی خاوەن بانقەکان و سواڵکەرەکان پتر دەبوون. شتێکی ترسناک بوو. بۆ هەنووکە من ناتوانم هیچ یاسایەک دژ بە بەرژەوەندی خاوەن بانقەکان دەربکەم، دەبێ بیر لە بودجەی وڵات بکەمەوە. بەهەرحاڵ من توانیم یاسایەک دژ بە دەرۆزەکردن دەربکەم کە ئیدی قەدەغە بکرێ. ئەرێ ئەو فەرمانەی منتان جێبەجێ کرد؟

**سەرۆک وەزیران:**

قوربان هەر هەموو سواڵکەرەکان بە فەرمانبەری دەوڵەت ناونووس کران، ئێستا کە هەر هەموویان سەرگەرمی باج کۆکردنەوەن. تەنها یەک سواڵکەر نەبێ کە ناوی "عاقی" یە و سوورە لەسەر ئەوەی کە تا مردن هەر سواڵکەر بێ.

**نەبوخز نەسر:**

باشە کەس پێی نەوتووە کە ئەم شتەی ئەو دەیکا زۆر هەڵە و ناشیرینە؟



**سەرۆک وەزیران:**

بێ سوودە گەورەم.

**نەبوخز نەسر:**

باشە... دارکاریتان کرد؟

**سەرۆک وەزیران:**

بەوپەڕی دڵڕەقییەوە.

**نەبوخز نەسر:**

یانێ ئازارتان داوە؟

**سەرۆک وەزیران:**

شوێن نەماوە لە لەشیدا بەگازە و گیرەی سوورەکراوە داغمان نەکردبێ، هەر هەموو ئێسک و پروسکیمان لێکدی ترازاندووە.

**نەبوخز نەسر:**

هێشتا هەر سوورە لەسەر قسەی خۆی؟

**سەرۆک وەزیران:**

لە کەلی شەیتان نایەتە خوارێ.

**نەبوخز نەسر:**

ئەوە هەمووی گوناهی ئەو "عاقی" ناوە بوو کە لە نیوەشەودا من خۆم لەسەر کەنارەکانی ڕووباری (فورات) دا بینییەوە. لەوە ئاسانتر نییە کە من لە سێدارەی بدەم. بەڵام جوانیش نییە بۆ فەرمانڕەوایەکی وەکو من مەزن مرۆڤ پەروەرانە ڕەفتار نەکەم و نەگەمە مەرامەکانی خۆم. هەر لەبەر ئەوە من بڕیارم دا کە یەک سەعات لە ژیانی خۆم لەگەڵ هیچترین کەسی ناو

خەڵکەکەی خۆمدا تەرخان بکەم، ئا ئەو کەچە عەبا کۆنەم بخە سەر شان کە لەناو دۆڵابی پشت شانۆکەوە هێنابووم.

**سەرۆک وەزیران:**

وەک دەفەرمووی گەورەم.

**نەبوخز نەسر:**

ڕیشێکی دەسکردم بۆ سازکە، ڕیشێکی سووورباو کە لەگەڵ ئەو جلانە بوەشێتەوە.

(نەبوخز نەسر لەژێر بەرگێکی دەرۆزەکەرانە وەستاوە.)

سەیرکەن... هەر هەمووتان... بزانن لەپێناو دامەزراندنی ئیمپراتۆرییەتێکی بێ کەم و کوڕییدا چی دەکەم، چوارچێوەیەکی گەورە کە هەر هەموومان بگرێتە خۆی، هەر لە وەزیرەوە تا جەللاد، هەر کەسە و لە شوێنی خۆیدا و کەس لە دەرەوە نەمێنێ، لە هەر یەکەشیان چی باشە دەستمان بکەوێ. تەواوی کامڵبوون ئەوەیە کە هیچ شتێک لە ڕادەی خۆی تێپەڕ نەکات و زێدەڕۆیی تیا نەکرێ، کەسێک نەبێ زیاد و مشەخۆر. بەڵام ئەوەتا ئەم سواڵکەرە مشەخۆر و زیادەیە. من نیازمە ئەو "عاقی" یە ڕایی بکەم کە ببێ بەیەکێک لە فەرمانبەرانی میری، بۆیە بڕیارم دا کە منیش بچمە بەرگی سواڵکەرێکەوە و لەتەکیا دەرۆزە بکەم و پێی بسەلمێنم کە هەژاری دوا چارەنووسیەتی. خۆ ئەگەر ئەو هەر سوور بوو لەسەر ئەوەی هەر وا بەچارەڕەشی بمێنێتەوە، ئەوە دەبێ بزانێ کە بەدارتەلێکەوە هەڵیدەواسم.

(جەللادەکە کڕنۆش دەبات)



**سەرۆک وەزیران:**

حیکمەتی جەنابت سەرسامی کردین.

**نەبوخز نەسر:**

بە شتێک سەرسام مەبە کە تێی ناگەی.

**سەرۆک وەزیران:**

فەرمانت بەجێیە پادشام.

**نەبوخز نەسر:**

هەمووتان بکشێنەوە، بەڵام زۆر دوور مەکەونەوە، حەز دەکەم کە بانگم لێکرد لەم دەوروبەرە بن. تا ئەو کاتە بڕۆن و لەبەر چاوان ون بن.

(هەر هەمووان کڕنۆش دەبەن و بۆ دواوەی شانۆکە دەکشێنەوە. نەبوخز نەسر لەلای پێشەوە دادەنیشێ، بەلای چەپدا و لەسەر کەناری فورات. لەم ساتەوەختەدا فریشتە و کوروبی لەخەو وەئاگا دێن.)

**فریشتە:**

(بەخۆشییەوە) ئەها سەیری کە... ئا ئەوەتا پیاوێک.

**کوروبی:**

جلەکانی بەری لە جلەکانی تۆ دەچن، هەمان ڕیشی سووورباو.

**فریشتە:**

کچەکەم.. خۆیەتی... ئەم کابرایە دەقاودەق ئەو کەسەیە کە من و تۆ بەدوایدا دەگەڕێین.

(ڕوو لە نەبوخز نەسر دەکا)

من دڵشادم بەوەی کە "عاقی" سواڵکەر بناسم.

**نەبوخز نەسر:**

(بە بینینی فریشتەیەک لە بەرگی سواڵکەردا دەشڵەژێ)

من عاقی سواڵکەر نیم. من سواڵکەرێکی ترم کە لە (نەینەوا) وە هاتووم. (بەتوندوتیژی) من لەوە تێدەگەم کە من و عاقی دوا سواڵکەری سەر ئەم زەمینەین.

**فریشتە:**

(ڕوو دەکاتە کوروبی)

ئازیزەکەم کوروبی... من سەرم لێ تێکچووە، ئەم نەخشەیەی بەردەمم هەڵەیە. ئەوەتا سواڵکەرێکی دیکەش لە (نەینەوا) ماوە. کەواتە دوو سواڵکەر لەم دونیایەدا ماون.

**نەبوخز نەسر:**

(خۆی دەدوێنێ)

گەرەکە وەزیری ناوخۆ لەسێدارە بدەم. لەناو ئیمپراتۆرییەتەکەی مندا دوو سواڵکەر ماون. (ڕوو لە فریشتەکە دەکا) ئەی تۆ لەکوێوە هاتوویت؟

**فریشتە:**

(بە دوودڵییەوە) لەودیو هەرێمەکانی لوبنان-ەوە.

**نەبوخز نەسر:**

پادشای مەزن، نەبوخز نەسر، ڕایگەیاندووە کە لەودیو لوبنان-ەوە دونیا کۆتایی دێ. هەموو زانایانی جوگرافیا و ئەستێرەناسەکانیش هەر لەسەر هەمان بڕوان.



**فریشتە:**

(سەیری نەخشەکە دەکا) ئەوەتا چەندەها گوند و شارۆچکەی دیکە هەن. سەیری کە... ئەمەیان (ئەتینا) یە، ئەوەتا ئیسپارتە، قەرتاجینە، مۆسکۆ، پەکین (نەخشەکەی پیشان دەدا)

**نەبوخز نەسر:**

(لەلاوە) وا بڕوا هەموو جوگرافیاناسانی کۆشکەکەم لە سێدارە دەدەم. (ڕوو دەکاتە فریشتەکە) پادشای گەورەمان، نەبوخز نەسر، ئەو گوند و شارۆچکانەش داگیر دەکا.

**فریشتە:**

(ڕوو لە کوروبی دەکا) ئەم سواڵکەرە تەواوی مەسەلەکەی ئێمەی هەڵگێڕایەوە. ئێستا پێویست بەوە دەکا بزانم کامەیان هەژارترە: عاقی یان ئەم سواڵکەرەی نەینەوا، ئەوەشیان زیرەکی و دیقەتی دەوێ.

(لەلای چەپەوە سواڵکەرێکی دیکە و لەژێر بەرگێکی هەلا هەلادا دێتە ژوورێ، سواڵکەرێک کە وەک دووانەکەی دیکە ڕیشی سوورباوە، ئێستاکە سێ سواڵکەری ڕیش سوور وان لەسەر شانۆ.)

**فریشتە:**

ئەوەتا ئادەمیزادێکی تر وا هات.

**کوروبی:**

ئەویش وەک تۆ جلەکانی پەڕپووتن، هەمان ڕیشی خورمایی.

**فریشتە:**

گەر ئەوەیان "عاقی" سواڵکەر نەبێ، ئەوسا وەزیری ناوخۆش

لەسێدارە دەدرێ.

"ئەو زاتە لە ناوەڕاستی شانۆکە و لە کەنار ڕووباری فورات دادەنیشێ، پشتی بەسەر دارتەلەکە داداوە."

**نەبوخز نەسر:**

(قورگی پاک دەکاتەوە) بێگومان تۆ عاقی-ت، دەرۆزەکەرەکەی بابل.

**فریشتە:**

ئا... خۆیەتی... عاقی... دەرۆزەکەری ناودار، ئەو کەسەی ناوبانگی بەهەموو دونیادا بڵاوبۆتەوە.

**عاقی:**

(بوتڵێک جن-ی پێیە و قومێکی لێ دەخواتەوە) من هەرگیز گرنگی بەناو نادەم.

**نەبوخز نەسر:**

هەر کەسە و ناوێکی هەیە.

**عاقی:**

تۆ کێیت؟

**نەبوخز نەسر:**

منیش هەر دەرۆزەکەرم.

**عاقی:**

کەواتە تۆ زۆر بێکەڵکیت. لە ڕوانگەی سواڵکردنەوە بیر و بۆچوونەکانی تۆ هەر هەمووی چەوتن. دەرۆزەکەری ڕاستەقینە هیچی نییە، نە پارەی هەیە و نە ناو. سەرەتا ناوێک لەخۆی



دەنێ، پاشان دەیگۆڕێ و ناوێکی دیکە هەڵدەگرێ هەروەک ئەوەی پارچە نانێک بخوا. هەر بۆیە هەر سەد ساڵ جارێک من سواڵی ناوێکی تازە دەکەم.

**نەبوخز نەسر:**

(بە سەرزەنشتکردنەوەیەکەوە) سەبارەت بەهەر مرۆڤێک زۆر گرنگە کە ناوی خۆی هەبێ. هەر کەسێک خۆ دەبێ خاوەنی شتەکانی خۆی بێ و جێ و ڕێیەکی هەبێ.

**عاقی:**

من ئەو کەسەم کە خۆم حەزی پێدەکەم. من خۆم هەموو شتێک بووم، ئێستاش عاقی سواڵکەرم. بەڵام لەوانەشە ببمە نەبوخز نەسر: پادشای بابل.

**نەبوخز نەسر:**

(هەڵدەبەزێتەوە وەک ئەوەی هێدمەگرتی بووبێ) شتی وا نەبووە و نابێ.

**عاقی:**

بوون بە پادشا؟ لەخۆی ئاسانتر نییە. یەکێکە لە ئاسانترین فڕوفێڵەکانی سواڵکردن ئەو کاتەی دەست بە دەرۆزەکردن دەکەی. من لە ژیانی خۆمدا حەوت جاران بووم بە پادشا.

**نەبوخز نەسر:**

(بەسەر خۆیدا زاڵە) هیچ پادشایەک لە نەبوخز نەسر مەزنتر نییە.

(هەر هەموو دەست و پێوەندەکەی کە لە دواوەی شانۆ دەرکەوتوون کڕنۆش دەبەن و جارێکی دیکە ون دەبن.)

**عاقی:**

تۆ مەبەستت "نێبی" چکۆڵە؟

**نەبوخز نەسر:**

نێبی؟

**عاقی:**

ئمم. هاوڕێی من، نەبوخز نەسر، پادشای بابل.

**نەبوخز نەسر:**

(دوای وەستانێک، بە شکۆمەندییەکی زۆرەوە) من بۆ خۆم بەلامەوە شتێکی زەحمەتە کە تۆ توانیت پادشای هەرە مەزنی پادشاکان بناسیت.

**عاقی:**

هەرە مەزن؟ بوودەڵە و مێشک پووت.

**نەبوخز نەسر:**

بە پەیکەرەکانییەوە دیارە کە زاتێکی شکۆمەند و ڕێکوپێکە.

**عاقی:**

ئۆو... چاکە... پەیکەرەکان. باشە کێ ئەو پەیکەرانە دادەتاشێ؟ پەیکەرتاشەکانی بابل. ئەوانە پەیکەری هەموو پادشاکان لەسەر یەک شێوە دادەتاشن. ئەوان ناتوانن دەستخەڕۆم بکەن. من (نێبی)، پادشای خۆمان دەناسمەوە. بەداخەوە ئەو ئامۆژگارییەکانی منی لەگوێ نەگرت.

**نەبوخز نەسر:**

(بە سەرسامییەوە) ئامۆژگاری تۆ؟



**عاقی:**

هەموو جار بۆ کۆشکەکەی خۆی بانگم دەکا، بەتایبەتی گەر تاوە شێتییەکە دەیگرێ.

**پادشا**

بۆ کۆشکی خۆی؟

**عاقی:**

لەهەموو ژیانمدا پادشای وا گێلم نەدیوە. زۆر زەحمەتە ئەو کابرایە بتوانێ پاشایەتی بکات.

**نەبوخز نەسر:**

ئاخر ئەرکێکی زۆر گرانە حوکمی هەموو دونیا بکەی.

**عاقی:**

هەموو پادشایەک هەمیشە ئەم قسەیە دووبارە دەکاتەوە. من هەر پادشایەکم ناسیبێ وای وتووە. ئەمەیان بڕوبیانووی هەموو پادشایەکە. هەر کەسێک کە دەرۆزەکەر نەبێ پێویستی بەبڕو بیانووی وای دەبێ. وا بزانم ڕۆژگارێکی سەخت و دژوار چاوەڕێمان دەکا. (دیسانەوە بوتڵەکە بەسەر دەمییەوە دەنێ و سەیری فریشتەکە دەکا.) تۆ کێی؟

**فریشتە:**

منیش دەرۆزەکەرێکم.

**عاقی:**

ئەی ناوت چییە؟

**فریشتە:**

من لە گوندێکەوە هاتووم کە هێشتا خەڵکەکەی بێ ناون.

**عاقی:**

ئەو گوندە دڵگیرە کەوتۆتە کوێوە؟

**فریشتە:**

ئەودیو سنووری لوبنان.

**عاقی:**

دەڤەرێکی یەکجار خۆشە. ئەی تۆ چیت لە من دەوێ؟

**فریشتە:**

لە وڵاتی مندا گڵۆڵەی دەرۆزەکەرەکان کەوتۆتە لێژی. ئیدی زۆر قورس بووە بۆ من لەوێ بژیم، جگە لەوەش من لەسەرمە کە پارووە نانێک بۆ ئەم کچەم پەیدا بکەم، ئەوەتا دەبینی لە تەکمەوە وەستاوە و بە سەرپۆشێک ڕووی خۆی داپۆشیوە.

**عاقی:**

دەرۆزەکەرێک ئەوە حاڵی بێ دەبێ یەکێک بێ لە فەریکە دەرۆزەکەرەکان کە جگە لە ئارەزوومەندێک هیچی دیکە نەبێ.

**فریشتە:**

ئەنجوومەنی دەرۆزەکەرەکان پارەی ئەم سەفەرەی داومەتێ تا بێمە ئێرە و لە بەناوبانگترین و سەرکەوتووترین دەرۆزەکەر فێری هونەری دەرۆزەکردن بێم، ئەو کەسەش عاقی– یە، بۆیە تکات لێ دەکەم کە وام لێ بکەی ببمە دەرۆزەکەرێکی کارامە و سەرکەوتوو.

**عاقی:**

ئەنجوومەنەتەکەتان کارێکی بەجێی کردووە، دیارە هێشتا کەسانی هۆشمەند لەدونیادا ماون.



**کوروبی:**

(ڕوو لە فریشتەکە دەکا و نیگەرانە) تۆ درۆیان دەکەی ئەی فریشتەکە.

**فریشتە:**

کچەکەم ئاسمان هەرگیز درۆ ناکات. بەڵام هەندێک جار ئاسمان ناتوانێ مەبەست و پەیامەکانی خۆی بۆ مرۆڤ ڕابگەبەنێ.

**عاقی:**

(ڕوو لە نەبوخز نەسر دەکا) باشە ئەی تۆ بۆ بۆ هاتیت بۆ لام؟

**نەبوخز نەسر:**

من ناوم – ئاناشا ماشتا کلاکو–ە... لەنێوان هەر هەموو دەرۆزەکەرەکانی نەینەوا– لە هەمووان دیارتر و مەزنتر و بەناوبانگترم.

**عاقی:**

(بەگومانەوە) وتت تۆ پێشەنگی هەر هەموو دەرۆزەکەرەکانی نەینەوای؟

**نەبوخز نەسر:**

ئاناشا ماشتا کلاکو، پێشەوا و گەورەی هەر هەموو دەرۆزەکەرەکانی نەینەوا.

**عاقی:**

جا چیت لە من دەوێ؟

**نەبوخز نەسر:**

دەقاودەق بەپێچەوانەی ئەو شتەی کە ئەم دەرۆزەکەرە

دەیخوازێ. من هاتووم تاوەکو پێت بڵێم کە ئیدی ئێمە و بگرە تۆش ناتوانین چیدیکە لەسەر دەرۆزەکردن بەردەوام بین، وا چاکە واز بێنین. ڕاستە کە ئێمە سەرنجی میوانە بیانییەکان ڕادەکێشین، گەرچی ئێمە شتێکی سەیر و عەنتیکەین لە جوانی و زیبایی ڕۆژهەڵاتی دێرین و کۆن، بەڵام ئێستاکە سەردەمێکی تازە هاتۆتە پێشێ. دەبێ بەو یاسای قەدەغەکردنی دەرۆزەکردنە ڕازی بین کە نەبوخز نەسری پادشا دەری کردووە.

**عاقی:**

جا ئەوە وایە؟

**نەبوخز نەسر:**

لە وڵاتێکی سۆسیالیستیدا دەرۆزەکەرەکان جێگەیان نابێتەوە. شتێکی گونجاو نییە بەدەست هەژارییەوە بناڵێنین، هەژارییەک کە پیشەی دەرۆزەکردن لەگەڵ خۆیدا دەیهێنێ.

**عاقی:**

ئەمم.

**نەبوخز نەسر:**

هەر هەموو دەرۆزەکەرەکانی نەینەوا و بابل، لە ئورک و ئوور، هەتا لە حەلەب و سوسە گۆچانی سواڵکەرییان فڕێ داوە، لەبەر ئەوەی پادشای پادشاکان کار و نانی بۆ هەمووان دابین کردووە. ئێستا بە بەراورد لەگەڵ جاران کۆڵێک باشترین.

**عاقی:**

وا مەڵێ...!



**نەبوخز نەسر:**

من و تۆ کە لە دەرۆزەکردندا لێزان و بلیمەتین دووچاری هەمان مەینەتی هاوڕێکانمان نەبووین، هەرچەندە ئێمە زۆر پەڕپووت و نابووت دیارین، هەر کەس دەتوانێ هەستی پێ بکا گەر سەیرێکی جلی بەرمان بکا. بەڵام لەگەڵ ئەو هونەرە زۆرەی دەرۆزەکردن و گەشەسەندنی بازرگانی شتێکی ئەوتۆمان دەست ناکەوێ، بۆ نموونە کەمترین کرێ و هەقدەستی کرێکارێکمان دەست ناکەوێ شاعیرەکان دەستکەوتیان زۆرترە.

**عاقی:**

قسەی پووچ!

**نەبوخز نەسر:**

جا هەر لەبەر ئەوە بڕیارمداوە کە واز لە دەرۆزەکردن بێنم ئەی خاوەن شکۆ، بەنیازم کە ببمە یەکێک لە دەست و پێوەندەکانی نەبوخز نەسر- ی پادشا. تکات لێ دەکەم کە تۆش هەروا بکەیت و سەعات هەشت داوای خۆت بەوەزیری دارایی بگەیەنیت. ئەمەیان دوا هەلە تا گوێڕایەڵی ئەم فەرمانە بیت. نەبوخز نەسر پیاوێکی زۆر بەویژدانە، گەر وا نەکەیت لەوانەیە هەڵتواسێ بەم دارتەلەی پشتت پێ داداوە.

(لە پشتەوەی شانۆ کابرای جەللاد هەڵدەستێتە سەر پێ و دەنووشتێتەوە.)

**عاقی:**

تۆ وتت ناوت (ئاناشا ماشتا کلاکو)ە و دەرۆزەکەری نەینەوای.

**نەبوخز نەسر:**

یەکەمین و بەناوبانگترین دەرۆزەکەری نەینەوا.

**عاقی:**

کەچی لە شاعیرێک پتریشت دەست ناکەوێ؟

**نەبوخز نەسر:**

تێپەڕ ناکا.

**عاقی:**

دەبێ تۆ کەموکوڕییەکت هەبێ و لە هونەری دەرۆزەکردنەکە لێزان نەبیت. من، هەر خۆم بەتەنیا، پەنجا شاعیر لە بابل بەخێو دەکەم.

**نەبوخز نەسر:**

(شارەزا و فێڵبازانە دەدوێ)

ئاخر لەوانەیە شاعیرەکانی نەینەوا لە شاعیرەکانی بابل پتریان دەست بکەوێ.

**عاقی:**

تۆ گەورەی هەموو دەرۆزەکەرەکانی، منیش گەورەی هەر هەموو دەرۆزەکەرەکانی بابل- م. زۆر جاران ویستوومە لە بەرامبەری پاڵەوانێکی دیکەی سـوالکردندا بەهرە و توانای خۆم تاقی بکەمەوە. با من و تۆ گرەو لەسەر پێشبڕکێیەک بکەین، گەر تۆ گەمەکەت بردەوە ئەوە من و تۆ لە سەعات هەشتەوە بڕیاری ئەوە دەدەین کە ببینە فەرمانبەری میری. خۆ ئەگەر منیش بردمەوە، ئەوە لەسەر دەرۆزەکردنەکەی خۆمان بەردەوام دەبین



و گـوێ بەهیچ بڕیارێکی شاهانە نادەین. وا خەریکە ڕۆژ دەبێتەوە و خەڵکی لە خەو هەڵدەستن. ئێستا خەراپترین کاتە بۆ دەرۆزە کردن، بەڵام باشتر... دەتوانین بەهەرەی خۆمانی تیا تاقی بکەینەوە.

**فریشتە:**

کوروبی ئازیز... ئەوەیان ساتەوەختێکی مێژووییە. هەر ئێستا تێدەگەی کە کامەیان مێردی تۆیە، هەژارترین و نابووتترین دەرۆزەکەری نێو دەرۆزەکەرەکان.

**کوروبی:**

ئەی فریشتەکەم من چۆن ئەوە بزانم؟

**فریشتە:**

زۆر ئاسانە کچەکەم... ئەوەی کە لەم پێشبڕکێیەدا دەدۆڕێ دەبێ بەنزمترین کەس لەناو هەموو خەڵکی دونیادا.

(بەفیزێکەوە لە ناوچەوانی خۆی دەدا).

**عاقی:**

ئەوەتا دوو کرێکار هاتن و ڕووەو بابل ڕێگەیان گرتۆتە بەر. لە دەوروبەری شارەوە هاتوون، هیچ خۆراکێکیان پێ نییە و سێ سەعاتیان دەوێ تا بگەنە سەر کاری خۆیان لە کارگەی کەرپووچی - ماشراش - دەبێ فریای شەفتی بەیانی بکەون. با نۆرەی یەکەم بۆ تۆ بێ ئەی دەرۆزەکەری نەینەوا.

(دوو کرێکار لە چەپی شانۆوە دێنە ژوورێ)

**نەبوخز نەسر:**

(دەکڕووزێتەوە) هۆ کرێکارانی شەرەفمەند خێرێک بە

هەڤاڵێکی خۆتان بکەن کە لە یەکێک لە کانەکانی نەینەواوە هاتووم: نەخۆش و پەککەوتە.

**کرێکاری یەکەم:**

ئەی کرێکاری ئابڕوومەند وا ناشیرین و گێلانە مەدوێ.

**کرێکاری دووەم:**

کرێکارانی نەینەوا کرێکەیان بە(دە عانە) زیادی کردووە لە تەنها هەفتەیەکدا. ئەرکی سەر شانی ئەوانە کە خزمەت بە نەخۆشەکانی خۆیان بکەن.

**کرێکاری یەکەم:**

لەم کاتەدا داوای خێرمان لێ دەکەیت، ئێستا کە میری بۆ هەموو خانوو و بەرەکان لە بری خشت گرانێت بەکار دێنێ.

**کرێکاری دووەم:**

ئاخر چونکە گرانێت تا سەردەمانێکی درێژ بەرگە دەگرێ و دەمێنێ.

**عاقی:**

هەر یەکە و عانەیەکم بداتێ... قاچ ڕەشینە. ئەوەتا خۆتان دەبینن کە لە چ ململانێ و مەینەتییەکی گەورەدان تاوەکو چەند درهەمێک پەیدا بکەن، لە هەفتەیەکدا، کەچی من – ئا من دەمەوێ شکۆ و ئابڕووی چینی کرێکاران بەرز ڕابگرم و نەچمە پای ئەوەی بچەوسێمەوە، بەڵکو دەرۆزەکردنم پێ باشترە – من خۆم برسی دەکەم. بەخاوەنی کورەی خشتەکان بڵێن با بە دۆبن یان هیچ نەبێ هەر یەکە و عانەیەکم بداتێ.



**کرێکاری دووەم:**

چۆن بتوانم هەر بەتەنیا شۆڕشێک دەست پێ بکەم؟

**کرێکاری یەکەم:**

من دەبێ بیر لە چارەنووسی خاو و خێزانەکەم بکەمەوە.

**عاقی:**

بۆ تۆ وا دەزانی من بێ خاووخێزانم؟ بەهەر کووچە و کۆڵانێکدا بگەڕێی کەس و کاری من دەبینی. یانێ چی بەتەنیا جێم دێڵی، عانەیەکم پێ نەبەخشیت دەگەڕێیتەوە سەردەمی بەر لە تۆفانی نوح، ئەوکاتەی کە کۆیلە و ملکەچ بوویت.

(هەردوو کرێکارەکە زۆر نا بەدڵ عانەکان دەخەنە دەست عاقی و ڕاستەڕێ مل دەنێن.)

(عاقی عانەکان هەڵدەدا بۆ ئاسمان)

گێمی یەکەمم بردەوە.

**نەبوخز نەسر:**

زۆر سەیرە. کرێکارانی نەینەوا تەواو بەپێچەوانەوە ڕەفتار دەکەن.

**عاقی:**

ئەوەتا "جەمیل" یش هات، شیری کەر دەفرۆشێ، لە ماندوویێتی خۆی دەشەلێ.

(جەمیل لەلای چەپەوە دەردەکەوێ و بوتڵە شیرەکان لەبەر دەرگاکان دادەنێ.)

**نەبوخز نەسر:**

تۆ، ئەی شیرفرۆشی چەپەڵ و چەورە، دە عانەم بدەرێ، تۆ کە

بەقەستی کوشتن بیرییەکانی بەدەستی خۆت هیلاک و مردوو دەکەی، گەر نەمەدەیتێ لای (مەردۆک)، پشکنەری کارگەکان زمانت لێ دەدەم.

**جەمیل**

مەردۆک دەڵێی، بەرپرسی کارگە و ئازووقە، ئەو زەلامەی لە هەموو کارگەکانی شیرەمەنی بەرتیل وەردەگرێ؟ لای ئەو زمانم لێ دەدەی؟ لەکاتێکدا کە شیری مانگا لە هەموو شوێنێکدا دەست دەکەوێ و منیش مایەپووچ و ماڵ وێران؟ تۆ لەو باوەڕەدای من نیو عانەش بەدەرۆزەکەرێکی زۆر چەپەڵی وەک تۆ ببەخشم؟

**عاقی:**

(دوو عانەکە فڕێ دەداتە بەردەمی جەمیل کە تۆزێک لەمەوبەر دەستی کەوتبوو)

ها بیگرە جەمیل، دوو عانەم هەیە بۆ تۆ لە بری باشترین شیری کەر. من سواڵکەرم و تۆش شیری کەر دەفرۆشیت. ئێمە هەردووکمان سەر بەکەرتی تایبەتین و سەرگەرمی پیشەی سەربەست. بژی شیری کەر و کاری سەربەست. شیری کەر وای کرد بابل تا دێ مەزنتر بێ. شیری کەر بوو خۆراکی وڵات پارێز و نیشتمان پەروەران.

**جەمیل**

(شادومانە) ها بیگرە... ئەوە دوو بوتڵ شیر و درهەمێکیش زیادە بۆ تۆ. لە تەک پیاوێکی وەک تۆدا لە (بابل) من دەتوانم دژی ئەم دەوڵەتە بجەنگم کە پشتگیری کارگەکانی شیری مانگا



دەکات لەهەموو شوێنێکدا. "شیری کەر باشترین خۆراکی نیشتمان پەروەرانی (بابل)ە. جوانە... زۆر جوانە... ئەمەیان لە دروشمەکەی دیکە گەلێ جوانترە کە دەڵێ "شیری مانگا مایەی گەشەسەندنە!"

(بەدیوی دەستە چەپدا دەچێتە دەرێ.)

**نەبوخز نەسر:**

دیار و سەرنج ڕاکێشە. من هێشتا نەمتوانیوە ڕابێم و ڕێگەیەک بدۆزمەوە.

**عاقی:**

ئەوەش هەڵێکی دیکەی زۆر دەگمەن تاقیکردنەوەیەکی ڕاستەقینە بۆ هونەری دەرۆزە کردن. (تابتوم) ی سۆزانی و کارەکەرەکەی ڕووەو باخچەی (ئانو) ڕێ دەکەن بەو نیازەی لەوێ سەوزەی تازە بکڕن. ڕاهێنانێکی سادە و هونەری ڕێکوپێک بۆ دەرۆزەکردن.

(تابتوم–ی سۆزانی و لە پشتەوەی شانۆکە دەردەکەوێ و کارەکەرەکەش بەدواوەیەتی و زەمبیلەیەکی بەسەر سەرەوەیە.)

**نەبوخز نەسر:**

(دەپاڕێتەوە) خێرێکمان پێ بکە ئەی خانمی خانەدان.. ئەی شازادەی پاکی. خێرێک بەدەرۆزەکەرێکی سەرڕاست هەرچەندە زۆر هەژار و بەستەزمانم، منێک کە سێ ڕۆژە پاروویەکم نەگلاندووە.

**تابتوم:**

ها ئەوە درهەمێک بۆ تۆ. بەڵام لە بری ئەوە لە پەرستگای

(عشتار) ی خوداوەند-دا نوێژم بۆ بکە و بپارێوە کە دەیەها دۆست و عاشقی دەوڵەمەندم بۆ بنێرێ.

(تابتوم درهەمێکی پێ دەبەخشێ)

**عاقی:**

ها... ها!

**تابتوم:**

شتە پیس بە چی پێدەکەنیت؟

**عاقی:**

من پێدەکەنم، ئۆه... ئەی خانمی شەنگ و شۆخ، چونکە تۆ تەنها درهەمێکت دا بەم شەیتانە بەستەزمانەی نەینەوا، ئەم دەرۆزەکەرێکی بێ بەهرەیە، دەبێ دوو درهەمی بدرێتێ گەر دەتەوێ بەدڵ و کوڵ نوێژت بۆ بکا و بپارێتەوە... ئەی خانمی زۆر جوان.

**تابتوم:**

درهەمێکی تر؟

**عاقی:**

ئا درهەمێکی دیکە.

(سۆزانییەکە درهەمێکی دیکە بە نەبوخز نەسر دەبەخشێ)

**تابتوم:**

(ڕوو دەکاتە عاقی) بەهەرحاڵ... تۆ کێی؟

**عاقی:**

من دەرۆزەکەرێکی پاک و تەمیز و لێزانم.



**تابتوم:**

تۆش نوێژم بۆ دەکەیت و لای خوداوەندی عیشق و ئەڤین بۆم دەپاڕێیتەوە؟

**عاقی:**

من زۆر بەدەگمەن نوێژ دەکەم... ئەی خانمی شاجوان... بەڵام بۆ تۆ جیایە و لەڕێ لادەدەم.

**تابتوم:**

ئەی هیچ کاتێک نوێژ و نزا و پاڕانەوەکانت گیرا بوون؟

**عاقی:**

هەمیشە... خانمە گەنج و جوانکیلەکەم.. هەمیشە. لەتاو پاڕانەوە و نوێژ و نزاکانی من هەر چوار پایەی عەرشەکەی "عشتار" دەلەرزن. لەتاو ناڵە و هاواری ڕەشەبا ئاسام، دەیبینی کە چۆن دۆست و عاشقی زۆرترت دەست دەکەوێ، زۆرتر لەوەی کە لە بابل و نەینەوا هەن بەیەکەوە.

**تابتوم:**

من دوو درهەمیش بە تۆ دەبەخشم... ها بیگرە.

**عاقی:**

بەڵام بەتەنها زەردەخەنەیەکی ئەو لێوە سوورانەی تۆم بەسە. خەندەیەکی تۆ هەموو شتێکە.

**تابتوم:**

(بە سەرسامییەوە) یانێ تۆ پارەی منت ناوێ؟

**عاقی:**

دڵگیر مەبە ئەی لە هەمووان دڵگیرتر و جوانتر، من

دەرۆزەکەرێکی جیا و دەگمەنم. من بەتەنها دەست لە پادشاکان و پارەدار و خانمانی چینی سەرەوە پان دەکەمەوە، من لە زێڕ کەمتر ناوێ. بەڵام لە تۆوە تەنها خەندەیەک ئەی شۆخی شۆختر لە هەموو جوانان، خەندەیەکت بۆ من بەسە.

**تابتوم:**

(بە مەراقەوە) ئەو خانمە خانەدانانە چەندت دەدەنێ؟

**عاقی:**

دوو پارچە زێڕ.

**تابتوم:**

من دەتوانم سێ پارچە زێڕت پێ ببەخشم.

**عاقی:**

کەواتە تۆ دەبیت بە یەکێک لە خانمانی ماڵە گەورەکان... ئەی لەهەمووان زیباتر.

(ژنە سێ پارچە زێڕی پێ دەبەخشێ)

هەتا خاتوو "چاموراپی" کە ژنی سەرۆک وەزیرانە لەوە پترم ناداتێ. (لە دواوەی شانۆکە سەرۆک وەزیران دیارە کە بەمەراقەوە گوێی گرتووە.)

**تابتوم:**

چاموراپی؟ ئەو لووت بەرزە... جارێکی تر چوار پارچە زێڕت دەدەمێ.

(خۆی و کارەکەرەکەی یەکسەر سەر شانۆ بەجێ دێڵن. سەرۆک وەزیران توورە دەبێ و بزر دەبێ.)



**عاقی:**

چاکە؟

**نەبوخز نەسر:**

(سەری دەخورێنێ) من دانی پێدا دەنێم کە تۆ ئەم گێمەت بردەوە.

**فریشتە:**

(ڕوو دەکاتە کوروبی) ئەم عاقی- یە دەرۆزەکەرێکی کارامە و لێزانە. لەوە دەچێ زەوی شوێنێکی سەیر و سەمەرە بێ، ئەستێرەیەکی پڕ لە بەزم و ڕەزم، بەتایبەتی بۆ من، کە بەناو ئەو هەموو خۆر و ئەستێرانەدا ڕۆیشتووم.

**نەبوخز نەسر:**

من دەمەوێ تازە بەتازە فێر ببم و ڕابێم.

**عاقی:**

ئەوەش باشە ئاناشاماشتاکلاکو-ی سواڵکەر هەر ئێستا "ئێنگیبی"، بەڕێوەبەری بانقی ئێنگبی و کوڕەکانی- دێن بۆ ئێرە، دە قات لە نەبوخز نەسری، پادشای هەرە مەزن، دەوڵەمەندترە.

**نەبوخز نەسر:**

(بەدەم هەناسە هەڵکێشانەوە) ئەوانە سەرمایەداری گەوج و بێ شەرمن.

دوو کۆیلە لەلای ڕاستەوە وەدەردەکەون و "ئێنگبی" یان لەناو کەژاوەیەکدا هەڵگرتووە. لە دوای کاروانەکەوە پیاوێکی قەڵەو و خەسێندراو نەرمە نەرمە غار دەدات.)

**نەبوخز نەسر:**

سیی پارچە زێڕ... ئەی خاوەن بانقی پایەدار... تەنها سیی پارچە زێڕ.

**ئێنگبی:**

هۆ برای سواڵکەر... تۆ لەکوێوە هاتوویت؟

**نەبوخز نەسر:**

لە "نەینەوا"وە هاتووم. مامەڵەی من بەتەنها لەگەڵ خەڵکانی خانەدان و چینی سەرەوەیە. لە ژیانیشمدا هەرگیز لە سی ی پارچە زێڕم کەمتر وەرنەگرتووە.

**ئێنگبی:**

بازرگانە دەوڵەمەندەکانی (نەینەوا) نازانن چی لە پارەکانیان بکەن. بۆ شتی هیچ و بێ خێر دەسبڵاون، کەچی بۆ خێر و کاری مەزن تا بڵێی پیسکە و قرچۆکن. لەبەر ئەوەی تۆ بیانیت... هانێ ئەوە پارچە زێڕێک.

(ئاماژەیەک بۆ پیاوە خەسیوەکە دەکات تا پارچە ئاڵتوونێک بدات بە نەبوخز نەسر.)

**ئێنگبی:**

(ڕوودەکاتە عاقی) تۆش خەڵکی نەینەوای؟

**عاقی:**

من... من دەرۆزەکەرێکی (بابل) یم.

**ئێنگبی:**

وەک خەڵکی ڕەسەنی بابلی... هانێ ئەوە درهەمێکی دیکە.



**عاقی:**

من لە فلسێک پتر وەرناگرم. من ڕقم لە زێڕە... هەر بۆیە بووم بە دەرۆزەکەر.

**ئێنگبی:**

تۆ ڕقت لە زێڕە کابرای دەرۆزەکەر؟

**عاقی:**

هیچ شتێک لەو پارچە مێتاڵە پیسە قێزەوەنتر نییە.

**ئێنگبی:**

کەواتە هانێ ئەم پارچە زێڕەش بۆ تۆ... هەر وەک دەرۆزەکەرەکەی (نەینەوا).

**عاقی:**

تەنها فلسێک... خودانی گەورەی بانق.

**ئێنگبی:**

دە پارچە زێڕ.

**عاقی:**

نەخێر.

**ئێنگبی:**

باشە... بیست پارچە.

**عاقی:**

ڕاکە و گەمەی خۆت بکە ئەی بلیمەتی دونیای سامان و دارایی.

**ئێنگبی:**

باشە... سی ی پارچە زێڕ.

(عاقی تف دەکاتەوە)

ئەوە تۆی کە سی ی پارچە زێڕ لە بەڕێوەبەری گەورەترین بانقی بابل وەرناگریت؟

**عاقی:**

گەورەترین سواڵکەری بابل بە تەنها یەک فلسی لە ئێنگبی و کوڕەکانی داوا دەکات.

**ئێنگبی:**

ناوت چییە؟

**عاقی:**

عاقی.

**ئێنگبی:**

ئەم جۆرە کەسە هەقی پاداشتی هەیە. ئا... خەسیو... سێ سەد پارچە زێڕی بدەرێ.

(کابرای خەسیو پڕ جۆڕکێک ئاڵتوونی پێ دەبەخشێت. کەژاوەکە ڕووەو دەستە چەپ دەجووڵێت.)

**عاقی:**

چۆنە... باشە؟

**نەبوخز نەسر:**

نازانم... لەوە دەچێت ئەمڕۆکە بەختم نەبێت.

(لەگەڵ خۆیدا و لەبەر خۆیەوە دەدوێت.)

دەی با وا بێت... من ئەم دەرۆزەکەرە دەکەم بەوەزیری دارایی خۆم.



**فریشتە:**

کوروبی... ئازیزەکەم... تۆ دەبێت بە حەڵاڵی ئەم دەرۆزەکەرەی نەینەوا .

**کوروبی:**

ئۆە... زۆرم پێخۆشە و شادومانم. من خۆشم دەوێت. چەندە بەستەزمانە.

(لە دەستە چەپەوە لاوێک دێتە ژوورێ کە بەشێوەیەکی ترسناک قژ و ڕیشی بەرداوەتەوە، پارچە نەخشێکی لە گڵ دروستکراو بە"عاقی" دەبەخشێت و پاشان پارچە زێڕێکی لێ وەردەگرێت، هەر بەلای چەپدا مل دەنێت و شانۆ بەجێدەهێڵێت.)

**نەبوخز نەسر:**

(سەرسامە) کەواتە... ئەوە کێ بوو؟

**عاقی:**

شاعیرێکی بابلی- یە. لەوە دەچێت بەم نیشانە خەڵات کرابێ. (نیشانەکە فڕێدەداتە سەر تەختەی شانۆکە. لەلای ڕاستەوە سێ سەرباز دێنە ژوورێ و (نەمرود) ی پادشا بە کۆت و بەندکراوی بەدوای خۆیاندا ڕادەکێشن. جل و بەرگی پادشاهانەی لەبەردایە، کتومت، وەکو نەبوخز نەسر کە لە سەرەتای دیمەنەکەدا دەرکەوت.)

**نەبوخز نەسر:**

(وەک ئەوەی لەناکاو سروشی بۆ هاتبێ و وروژابێت)

لەوە دەچێت من بێ خێر و گێل بم و لەم چەشنە دەرۆزەکردنە

هیچ و بێ فەڕە سەر دەرنەکەم. لە شاری نەینەوا من پەیڕەوی گەلێک شێوازی باڵاتر دەگرمە بەر و هونەر دەنوێنم. ئەوەتا ئێستا ئەم سەربازانە دیل و بەندییەکی پایەدار بەدوای خۆیاندا ڕادەکێشن کە دواجار خەراپەکارییەکانی خۆی بوو ئەم دونیایەی وێران کرد کە هەر هەموو مێژوونووسەکان لەسەر ئەم حەقیقەتە ڕێک کەوتوون. هەر کەسێک بتوانێت سواڵی شتێکی لێ بکات و لێی وەربگرێت، گرەوەکە دەباتەوە.

**عاقی:**

(هەردوو دەستی لەیەک دەخشێنێت)

دەکرێ. بەڵام لە هونەری دەرۆزەکردندا گرفتێکی چکۆلە و سەرنجڕاکێش لە ئارادایە.

**سەربازی یەکەم:**

ئەم پیاوەی کە ئێمە بەدوای خۆماندا ڕایدەکێشین، بێ دەستەڵات و زنجیرکراوە، ناوی (نەمرود)ە و جارێک لە جاران پادشای هەموو دونیا بوو.

**نەمرود:**

سەیرکەن... هۆ سواڵکەران... ببینن کە چۆن چۆنی سەربازەکانم منیان کەلەپچە کردووە، سەیری جێ قامچییەکانی سەر پشتم کە خوێنیان لێ دەچۆڕێت. من تەخت و تاراجی خۆم جێهێشت و دژی دۆقی (لاماش) و هەڵگەڕانەوەی پیاوەکانی من جەنگام، ئەی ئێستا کێ لەسەر عەرشەکەی من دانیشتووە؟ کەسێک کە لەبەر پێی خۆم دەکەوت!



**نەبوخز نەسر:**

کەسێک کە توانی هەڵێک بقۆزێتەوە.

**نەمرود:**

من ئێستاکە کەوتووم، بەڵام ئەو ڕۆژە دێت کە سەرلەنوێ سەر بکەومەوە. ئێستاکە نەبوخز نەسر وا لە سەرەوە، بەڵام ڕۆژێک دێت کە جارێکی دیکە بکەوێتەوە خوارەوە.

**نەبوخز نەسر:**

ئەو ڕۆژە هەرگیز نایەت.

**نەمرود:**

هەزارەها ساڵ ئەم دۆخە هەر وا بووە و دووبارە بۆتەوە. من تینوومە.

(کوروبی بەهەردوو دەست گۆڵێک ئاوی لە ڕووباری فورات-ەوە بۆ دەهێنێت تا بیخواتەوە.)

**نەمرود:**

ئەم ئاوە پیسە بەدەستی تۆ زۆر خۆشترە لە شەرابی پادشاکانی بابل.

**کوروبی:**

(بە شەرمەوە) دەتەوێت زیاتری لێ بخۆیتەوە؟

**نەمرود:**

دەمم پێ تەڕ کرد. ئەوەندەم بەسە. ها ئەوەم لێ وەربگرە لە پاداشتی ئەم چاکەیەی کە کردت... ئەی کچە سواڵکەر. ئەگەر سەربازەکان ویستیان بتبەن، شەقێک لەناوگەڵیان هەڵدە و بەم شمشێرە دایانپاچە.

**کوروبی:**

(تاساوه) جا تۆ بۆ وا دەڵێیت؟

**نەمرود:**

هیچ پادشـــایەک ناتوانێت شـــتـــێکی لەوە بەنرخـــتـــرت پێ ببـەخشـێت... کـچـەکـەم. لەم دونیـایەدا لەوە باشـتـر نیـیـە کـە بزانیت چۆن لەگەڵ خەڵکی هەرچی و پەرچی مامەڵە دەکەیت.

**سەربازی یەکەم:**

دەمی ئەو کۆنە پادشا لێکەوتووە دابخە.

**کوروبی:**

(بەدەم گریانەوە) تۆ گوێت لێیە هۆ فریشتەکە... گوێت لێیە ئەم کابرایە چی دەڵێت؟

**فریشتە:**

مەترسـە لەوەی کە دەیڵێت... ڕۆڵەکەم. ئەو کـاتەی کە دەیبـینیت یەکەمین تـرووسکە و ڕۆشنایی ئەسـتـێرەیەکی بێ نـاو دەڕژێتـە سـەر ڕووباری فـورات، ئەو کاتە دەبێت تێبگەیت کە ئەم جیـهانە لەسەر چاکترین شێوە دامەزراوە.

(ساتەوەختێک بەر لە هەڵهاتنی خۆر، هێدی و لەسـەرخۆ، لەنێو تەنکە تەمی سەرلەبەیانی وەدەردەکەوێت.)

**سەربازی یەکەم:**

وەرە... کۆنە پادشا لەسەر سک ڕابکێشە.

**نەبوخز نەسر:**

هێی!



**سەربازی یەکەم:**

ئەو برادەرە چی دەوێت؟

**نەبوخز نەسر:**

وەرنە ئێرە... هەر هەمووتان.

**سەربازەکان**

(بەیەکەوە) چیت دەوێت؟

**نەبوخز نەسر:**

لەبەردەممدا کڕنوش بەرن. دەمەوێ شتێکتان پێ بڵێم.

**سەربازەکان**

(سەر نەوی دەکەن) دەی باشە... چیت دەوێت؟

**نەبوخز نەسر:**

(بە هێمنی) ئێوە دەزانن من کێم؟

**سەربازەکان**

نەو...

**نەبوخز نەسر:**

من گەورە و سەرکردەی هەمووتانم... من نەبوخز نەسر– م؟

**سەربازەکان:**

(پێدەکەنن) ها... ها... ها!

**نەبوخز نەسر:**

هەرچیم پـێ وتن بیکەن، ئـەوسـا بە فـەرمـانێک دەتانکەم بە ئەفسەری پلە یەک.

**سەربازی یەکەم:**

(زۆڵانە دەدوێت) جا بەڕێزتان فەرمان بە چی دەکەن؟

**نەبوخز نەسر:**

کۆنە پادشا بخەنە ژێر دەستی خۆم.

**سەربازی یەکەم:**

فەرمانت بەجێیە خاوەن شکۆ!

(بە دەسکی شمشێرەکانیان ئەوەندە لە نەبوخز نەسر دەدەن تا لەسەر زەوییەکە دەکەوێت. ژەنەراڵەکە شمشێری لە کالان دەرکێشاوە و دەیەوێت پەلامار بدات، بەڵام سەرۆک وەزیران لە دواوە ڕایدەکێشێت.)

**سەربازی یەکەم:**

دەبەنگ!

**کوروبی:**

ئۆە..!

**فریشتە:**

هێمن بەرەوە... کچەکەم. ئەمەیان ڕووداوێکی سادەیە و بەهیچ جۆرێک ناتوانیت ئیقاعی ئەم دونیایە بشێوێنیت.

**عاقی:**

ئەوە ئێوە بۆچ ئەم دەرۆزەکەرە چاکەی نەینەوا- تان لەگەڵ زەوییەکە تەخت کرد... هۆ سەربازینە؟

**سەربازی یەکەم:**

ئەم پۆخڵە بانگەشەی ئەوە دەکات کە نەبوخز نەسر- ی پادشا بێت.



**عاقی:**

تۆ دایکت ماوە؟

**سەربازی یەکەم:**

(سەرسامە) بەڵێ... لە (ئوروک) دەژی.

**عاقی:**

ئەی باوکت؟

**سەربازی یەکەم:**

مردووە.

**عاقی:**

ژنت هێناوە؟

**سەربازی یەکەم:**

نەخێر.

**عاقی:**

کەسێکت دەسنیشان کردووە تا بیخوازیت؟

**سەربازی یەکەم:**

هەبوو... هەڵوەشایەوە.

**عاقی:**

کەواتە بەس دایکت لەسەرت دەگری و شین دەگێڕێت؟

**سەربازی یەکەم:**

(سەرسامە) چی؟

**عاقی:**

ناوت چییە؟

**سەربازی یەکەم:**

مومابیتو... سەربازێکم لە سوپای نەبوخز نەسری پادشا.

**عاقی:**

هەر بەم زووانە سەرت پەل دەدرێت و بەسەر ئەو خۆڵ و لمەدا غل دەبێتەوە مومابیتو. هەر بەم زووانە هەڵۆکان دەتکەن بە ژەمێک خۆراکی خۆیان، سەربازەکانی پادشا، هەر هەموو سەگەکان لەسەر ئێسک و پروسکی تۆ دەیکەن بە شەڕ.

**سەربازەکان:**

مەبەستت چییە؟

**عاقی:**

هەردووکتان لەبەردەممدا کڕنوش بەرن، تا سەردەمانێکی درەنگ هەلی واتان بۆ نارەخسێت.

**سەربازەکان:**

(کڕنوش بۆ عاقی دەبەن) دەی. چی دیکەت دەوێت؟

**عاقی:**

ئێوە دەزانن کە کێتان دارکاری کرد؟

**سەربازی یەکەم:**

دەرۆزەکەرێکی درۆزن کە ویستی کڵاومان بکاتە سەر و خۆیمان لێ بکات بە نەبوخز نەسر-ی پادشا.

**عاقی:**

بەس ئەم درۆی نەکردووە. ئێوە نەبوخز نەسر- تان دارکاری کرد، پادشای گەورەتان لەگەڵ زەوی تەخت کرد.



**سەربازی یەکەم:**

دەتەوێ چیمان پێ بڵێیت؟

**عاقی:**

لەوانەیە ئێوە هەرگیز گوێتان لێ نەبووبێت کە پادشاکان خووی سەیر و سەمەرەیان هەیە و لەژێر جلوبەرگی سواڵکەران خۆ دەشارنەوە و لە ڕۆخانەی ڕووباری فورات دادەنیشن و دەیانەوێ بزانن ئاخۆ خەڵکی چۆن دەژین و گوزەرانیان چۆنە.

**سەربازەکان:**

هەرگیز شتی وامان نەبیستووە.

**عاقی:**

هەموو خەڵکی بابل ئەوە دەزانن.

**سەربازی یەکەم:**

من لە شاری ئوروک-ەوە هاتووم.

**سەربازی دووەم:**

من لە شاری (ئور)ەوە هاتووم.

**سەربازی سێیەم:**

من لە شاری (لاماش)ەوە هاتووم.

**عاقی:**

ئێستاش هەر هەمووتان لە (بابل) دەمرن.

**سەربازی یەکەم:**

(بە پەرۆشییەوە لە نەبوخز نەسر دەڕوانێت) ئای کە بەدبەختییە.

**سەربازی دووەم:**

بەدبەختییەکی کوشندە.

**سەربازی سێیەم:**

هەناسەیەک لە قورگیدا تاساوە.

**عاقی:**

نەبوخز نەسر بەوە ناسراوە کە زۆر دژە مرۆڤە و زۆر بە وردی بیری لە جۆرەکانی سزا و مەرگ دەکاتەوە. (نێبی) بوو کە (لوگالزاکسی) پارێزگاری شاری ئەکەد–ی خستە ناو قەفەزی مارە پیرۆز و زەبەللاحەکە.

**سەربازی یەکەم:**

نێبی؟

**عاقی:**

نەبوخز نەسر باشترین هاوڕێی منە. من سەرۆک وەزیرانم، حامورابی، لە بەرگی سواڵکەردا خۆم نواندووە تاوەکو ئاگام لە گوزەرانی خەڵکی ئاسایی بێت.

(لەم کاتەدا سەرۆک وەزیرانی ڕاستەقینە بۆ پێشەوە تاو دەدات، بەڵام "ژنەراڵ" بەرزەفتی دەکات و ڕایدەکێشێتە دواوە.)

**سەربازەکان:**

(وریا دەبنەوە) خاوەن شکۆ!

**عاقی:**

(بە فیزێکەوە) ها... هیچی دیکەتان گەرەکە؟

**سەربازی یەکەم:**

(بە ئارامییەوە) پادشا هەناسە هەڵدەکێشێت.



**سەربازی دووەم:**

نەڕاندی.

**سەربازی سێیەم:**

ئەوەتا دەجووڵێت.

**عاقی:**

خاوەن شکۆ هەر ئێستا وەئاگا دێت.

**سەربازەکان**

(نائومێدانە دەکەونە سەر ئەژنۆ) تکایە یارمەتیمان بدە... سەرۆک وەزیران ڕزگارمان بکە.

**عاقی:**

خاوەن شکۆ داوای چی لێ کردن؟

**سەربازی یەکەم:**

فەرمانی پێ کردین کە پادشای کۆن تەسلیم بکەین.

**عاقی:**

کەواتە تەسلیمی کەن. منیش فەرمان دەردەکەم کە گوێچکەی هەمووتان ببڕن.

**سەربازەکان:**

(بە ترسەوە) گوێچکەی ئێمە؟

**عاقی:**

ئەو کاتەی کە هەموو شتێک وترا و کرا، ئێوە خاوەن شکۆتان دا بە زەویدا.

**سەربازی یەکەم:**

(بەبێ فیزی) ئەوەتا.... هانێ بیگرە.. پادشای کۆن، بۆ تۆ...

خاوەن شکۆ. کەلەپچەی لەدەست کراوە و دەمی بەستراوە تاوەکو بە چەنەبازی خۆی تێکت نەدا.

(لەبەردەم عاقی دا –نەمرود– بەزەویدا دەدات)

**عاقی:**

ئێستاکە ڕاکەن و ژیانی خۆتان ڕزگارکەن. خاوەن شکۆ خەریکە دێتەوە هۆش خۆی.

(سەربازەکان ڕادەکەن و نەبوخز نەسر بە ئازارێکەوە هەڵدەستێتەوە سەر پێ)

(بە فیزێکەوە) سەیری ئەو پادشا لێکەوتووە بکەن کە بە دەرۆزەکردن بۆ خۆمم پەیدا کرد.

(بە شادومانییەوە) ئەی عاقی بابلی... تۆ گرەوی دەرۆزە کردنت بردەوە.

**کوروبی:**

سەرزەمین جێگایەکی خۆشە ئەی فریشتە. هەر ئێستا دەتوانم ببم بە حەلاڵی ئەو دەرۆزەکەرەی کە خۆشم دەوێت.

**نەبوخز نەسر:**

(بە خەمێکەوە) ئەو سەربازانە گەوج و گێل بوون... دڕندە. چۆن توانیتان ڕزگارم کەن لە دەستیان؟

**عاقی:**

زۆر بەئاسانی. من پێم وتن کە تۆ پادشای بابل بوویت.

**نەبوخز نەسر:**

جا خۆ منیش هەر وام پێ وتن.



**عاقی:**

ئاخر ئەوە بوو هەڵەی تۆ. گەر خۆت بڵێیت: من پادشام کەس بڕوات پێ ناکات، چونکە ئاواهی جێی گومانە، بەڵام گەر کەسێکی دیکە پێیان بڵێت ئەم زاتە پادشایە، بڕوا دەکەن.

**نەبوخز نەسر:**

(نیگەرانە) ئێوە لە منتان دا.

**عاقی:**

تۆ سواڵکەرێکی بێ کەڵکی، پیاوێک لە نەینەواوە. تۆ خۆت دەکوژیت... ئەوەندە بەدڵ کار دەکەیت بێ ئەوەی هیچ دەستکەوتێکت هەبێت.

**نەبوخز نەسر:**

(ماندووە) ئەم پیشەی دەرۆزەکردنە زۆر شتێکی پیس و نەگریسە، جگە لە ڕەنج و ئەرکێکی پڕ لە هیلاکی هیچی دیکە نییە.

**عاقی:**

تۆ سەبارەت بە دەرۆزەکەران کەم دەزانیت. ئێمە مامۆستای نهێنی خەڵکین، ئێمەین کە ئەم خەڵک و خوایە پەروەردە دەکەین. جلوبەرگی شڕ لەبەر دەکەین وەک نموونەی مرۆڤی نەگبەت و بەشمەینەت دەردەکەوین، ملکەچی هیچ یاسایەک نین، کەس نییە شکۆی ئەو سەربەستییەمان لێ زەوت بکات. وەکو گورگ هەمیشە برسین و خۆراک هەڵدەلووشین و وەک سیامەستەکانیش دەخۆینەوە تاوەکو بەخەڵکی بڵێین: ئەها هەژاری چ ترسناک و پڕ ئازارە،، تاوەکو خەڵکی ببینن هەژاری

چۆن مرۆڤ ڕووت و ڕەجاڵ و تینوو دەکات، لەژێر پردە سێ تاقییەکاندا دەژین و دەخەوین، لەپاڵ گەنجینە جێماوەکانی ئیمپراتۆرییەتە زۆر کۆن و دێرینەکاندا دەخەوین، تاوەکو بیسەلمێنین کە دواجار هەر هەموومان بەدەرۆزەکردن کۆتاییمان پێ دێت... لەگەڵ سووڕانەوەی چەرخی زەمانە. کەواتە ئێستاش بگەڕێوە (نەینەوا) و هەوڵبدە باشتر و عاقڵانەتر لەجاران دەرۆزە بکەیت. تۆش ئەی دەرۆزەکەری ئەوپەڕی دونیا بەو جۆرە دەرۆزە بکە کە خۆت بۆ خۆتت دامەزراندووە و گوندەکانی دەوروبەری (لوبنان) مەڵبەندی دەرۆزەکردنی خۆتە.

(لە دەستە ڕاستەوە –تابتوم– سۆزانییەکە و کارەکەرەکەی لە بازاڕ گەڕانەوە.)

**تابتوم:**

(ڕوو لە عاقی دەکات) هانێ ئەوە چوار پارچە زێڕ بۆ تۆ.

(پارچە زێڕەکانی پێ دەبەخشێت)

**عاقی:**

ئەی خانمە نازدارەکە بەزەیی و دڵۆڤانی تۆ گەیشتۆتە ئەوپەڕی. من ئەم مەسەلەیە بە خاتوو حامورابی– ژنی سەرۆک وەزیران، ڕادەگەیەنم.

**تابتوم:**

(بە ئیرەییییەوە) تۆ بۆ لای ئەوان دەچیت... بۆ لای خانەوادەی حامورابی؟

**عاقی:**

بۆ نانی نیوەڕۆ بانگهێشتی کردووم.



(سەرۆک وەزیران لە دواوەی شانۆکە لێی ڕاست دەبێتەوە و دیارە کە تووڕەیە.)

**تابتوم:**

لەوێندەرێ چیت دەخەنە بەردەم؟

**عاقی:**

ئۆو... ئەو جۆرە خۆراکەی کە هەمیشە لەسەر خوانی سەرۆک وەزیراندا دەیخۆیت. ماسییە سوورەی ترش و خوێکراو، پەنیری ئیلام و پیاز.

**تابتوم:**

من ماسی دیجلە– م لایە.

**عاقی:**

(هەڵدەبەزێتەوە) ماسی دیجلە؟

**تابتوم:**

بەڕۆنی کەرە و تووری تازەوە.

**عاقی:**

بەڕۆنی کەرەوە؟

**تابتوم:**

لەگەڵ گۆشتی مریشکی سۆمەری.

**عاقی:**

مریشک!

**تابتوم:**

لەگەڵ هەندێک برنج، بوتڵێک شەرابی لوبنانی.

**عاقی:**

ژەمی وا هەر شایەستەی دەرۆزەکەرە.

**تابتوم:**

گەر پێت خۆشە دەتوانیت بێیت.

**عاقی:**

لەگەڵتا دێم، دەستت بێنە ئەی لە هەمووان نازدارتر. با ژنی سەرۆک وەزیران بەدیار خوانە بێنازەکەی خۆیەوە دابنیشێت.

(لەگەڵ تابتوم- دا بە بەری دەستە چەپدا دەچنە دەرێ و کارەکەرەکەش بەدوایان دەکەوێت. عاقی "نەمرود" بەدوای خۆیدا بەکێش دەکات. سەرۆک وەزیران مشتی خۆی توند دەکات و ڕایدەوەشێنێت، پاشان ون دەبێت.)

**فریشتە:**

(وەستاوە) ئێستاش دوای ئەوەی ئەو کابرا ناودارە ئێرەی بەجێهێشت، کاتی ئەوە هاتووە بێمەوە سەر حەقیقەتی خۆم. (جلوبەرگی دەرۆزەکەرانە فرێ دەدات و ڕدێنە دەسکردەکەشی دادەماڵێت، وەک فریشتەیەکی نوورانی و درەوشاوە دەردەکەوێت. نەبوخز نەسر دەکەوێتە سەر ئەژنۆ و ڕووی خۆی دەشارێتەوە.)

**نەبوخز نەسر:**

ڕوخسارت بە شەوارەی خستم. گڕی ڕۆبەکەی بەرت دەمسووتێنێت. هێزی باڵەکانیشت دەمخەنە سەر موچوڕکە و ئەژنۆکانم دەکەونە لەرزە.



**فریشتە:**

من فریشتەی خودام.

**نەبوخز نەسر:**

جا داوات چییە ئەی شەنگ و شکۆدار؟

**فریشتە:**

لە ئاسمانەوە بۆ لای تۆ هاتووم.

**نەبوخز نەسر:**

جا تۆ بۆ هاتوویتە لای من هۆ فریشتەکە؟ لەگەڵ دەرۆزەکەرێکی نەینەوا- دا بە نیازی چیت؟ ئەی پەیامنێری خودا تۆ بڕۆ بۆ لای نەبوخز نەسری پادشا. تەنها ئەم شایستەی ئەوەیە کە پێشوازیت بکات.

**فریشتە:**

ئۆ... سواڵکەر- ی ئاناشامشاتاکلاکو، ئاسمان گوێ بە پادشاکان نادات. بەپێچەوانەوە، مرۆڤ چەندە هەژارتر بێت، ئەوەندە پتر لەبەر چاوی ئاسمان خۆشەویستتر دەبێت.

**نەبوخز نەسر:**

(سەرسامە) شتی وا چۆن دەبێت؟

**فریشتە:**

(دوای کەمێک بیرکردنەوە) من هیچم لە مێشکدا نییە. (دووبارە بیردەکاتەوە) لەڕاستیدا شتێکی سەیر و نائاساییە. (وەک ئەوەی داوای لێبووردن بکات) بەڵام من کەسێکی مرۆڤناس نیم، من سروشتناسم. من شارەزام لە ناسینی

ئەستێرە و خۆرەکان، بەتایبەتی خۆرە سوور و هەرە گەورەکان. من دەستنیشان کراوم و ئەرکم ئەوەیە هەژارترین پیاو بدۆزمەوە، بەڵام لە حیکمەتی ئاسمان تێناگەم بۆ. (وەک ئەوەی لەناکاو شتێک لەناو مێشکیدا بدرەوشێتەوە.) لەوانەیە حیکمەت لەوەدا بێت: مرۆڤ چەندە هەژارتر بێت، تێر و تەواوتر ڕەنگدانەوەی بەرکەماڵی سروشتە.

(لە دواوەی شانۆ ئۆتاناپشتم دەستی بەرز کردۆتەوە، وەک قوتابییەک کە وەڵامی پرسیارێک بزانێت.)

**نەبوخز نەسر:**

جا تۆ لەو بڕوایەدایت کە من لە هەمووان نزمتر و هەژارتر بم؟

**فریشتە:**

بە دڵنیاییەوە.

**نەبوخز نەسر:**

هەژارترین؟

**فریشتە:**

هەژارترینی نێو هەر هەموو هەژارەکان.

**نەبوخز نەسر:**

جا تۆ چیم بۆ دەکەیت؟

**فریشتە:**

شتێکی زۆر دەگمەن.. باوەڕ ناکەیت، خەڵاتێکە لە خواوە.. میهرێکە.

**نەبوخز نەسر:**

دەی ئەو خەڵات و میهری خواهانەم پیشان بدە.



**فریشتە:**

کوروبی.

**کوروبی:**

بەڵێ فریشتەکە؟

**فریشتە:**

وەرە ئێرە، کوروبی. وەرە لام.. ئەی ئەو کەسەی خودا بەدەستی خۆی دروستی کردوویت؟ لەبەردەم هەژارترین کەس بووەستە، لەبەر دەمی ئەو دەرۆزەکەرە. ئاناشاماشتاکلاکۆ، لە (نەینەوا)وە.

(لە بەرامبەر نەبوخز نەسر دەوەستێت و فریشتەکە سەرپۆشەکە لەسەر ڕووی لا دەدات. بەدەم قیژەیەکەوە نەبوخز نەسر ڕوخساری خۆی دەشارێتەوە. "ئۆتاناپشتم" دەترسێت و ون دەبێت.)

**فریشتەکە:**

(بەخۆشییەوە) ئەوەتا خەڵاتەکە. خەڵاتێکی وەها جوان کە لە ئاسمانەوە هاتبێت، ئەی دەرۆزەکەرەکەی نەینەوا، لای تۆ خەڵات و میهرێکی مەزن نییە؟

**نەبوخز نەسر:**

جوانییەکەی... ئەی پەیامنێری ئاسمان... لە سیحر و شکۆی تۆی تێپەڕاندووە. تۆ لە تەک شکۆ و جوانی ئەودا جگە لە سێبەر هیچی دیکە نیت، منیش لە بەرامبەر پرشنگی چاوەکانیدا هیچی دیکە نیم.

**فریشتە:**

کچێکی جوانە. کچی باشە. هەر ئەمشەو خودا خۆی لە نەبوونەوە خوڵقاندی.

**نەبوخز نەسر:**

(بە نائومێدییەوە) ئەم کچە بۆ من نەهاتووە، بۆ منێکی هەژار و دەرۆزەکەرێکی شاری نەینەوا، بۆ من نییە... بۆ منێک کە هەر دەڵێیت کەلاکێکی داڕزیوم. بڕۆ... من شایەستەی ئەم نازدارە نیم.. ئەی فریشتەکە. بڕۆ بۆ لای نەبوخز نەسری پادشا بڕۆ!

**فریشتە:**

بۆ تۆیە و تەواو بڕاوەتەوە.

**نەبوخز نەسر:**

(دەپاڕێتەوە) تەنها پادشا شایستەی ئەم جوانی و پاکیزەیییە ئەم هەموو شکۆیە. ئاوریشمی دەکاتە بەر، مافووری زۆر بە نرخ لەبەر پێیەکانی ڕادەخات و تاجی زێڕینیش دەخاتە سەر سەری.

**فریشتە:**

بۆ پادشا نەهاتووە و نابێت.

**نەبوخز نەسر:**

(بەداخێکەوە دەدوێت) کەواتە تۆ بەنیازیت ئەم ڕۆح لەبەرە پیرۆزە بە هەژارترین دەرۆزەکەر ببەخشیت؟

**فریشتە:**

تەنها ئاسمان خۆی دەزانێت چی دەکات. بیبە. کچی باشە. کچی پەروەردەیەکی جوانە.



**نەبوخز نەسر:**

(بەنائومێدییەوە) جا دەرۆزەکەرێک لەگەڵ شۆخێکی وادا چی بکات؟

**فریشتە:**

من مرۆڤ نیم. من چۆن بزانم داب و نەریتی ئێوە چ جۆرێکە؟
(بیر دەکاتەوە) کوروبی!

**کوروبی:**

بەڵێ فریشتەکەم؟

**فریشتە:**

تۆ ئاگات لە (عاقی) ی دەرۆزەکەر بوو کە چۆن سەرکەوتووانە گرەوەکەی بردەوە؟

**کوروبی:**

ئاگام لە هەموو شتێکە... ئەی فریشتە.

**فریشتە:**

دەی کەواتە لاسایی عاقی بکەرەوە. ئیتر تازە تۆ بوویت بە هی ئەم دەرۆزەکەرەی نەینەوا و مەرجە تۆ یارمەتی بدەیت تاوەکو عاقی دەرۆزەکەرێکی لێزان و سەرکەوتوو بێت.
(ڕوودەکاتە نەبوخز نەسر) ئاناشماشتاکلاکو... ئیتر لەمەودوا ئەم کچە بۆ دەرۆزە کردن یارمەتیت دەدات.

**نەبوخز نەسر:**

(هێدمەگرتی بووە) ئەم گەوهەرە جوانەی خودا دەرۆزە بکات؟

**فریشتە:**

من نازانم ئاخۆ ئاسمان چی شاردۆتەوە کە شۆخێکی وا

پێشکەش بە دەرۆزەکەرێک دەکات.

**نەبوخز نەسر:**

لە تەک نەبوخز نەسر- دا دەتوانێت بەسەر هەموو جیهانەوە فەرمانڕەوا بێت. لەتەک مندا جگە لە دەرۆزەکردن هیچی بۆ نامێنێتەوە.

**فریشتە:**

تۆ فێربەو بزانە... یەکجار و تا ماویت.. کە حوکمی دونیا کاری ئاسمانە و دەرۆزەکردنیش پشکی مرۆڤە. کەواتە بەردەوام بە زیرەکانە و بە دڵ سواڵی خۆت بکە... لەسەرخۆ و بەرێزەوە. نە زێدەڕۆیی تێدا بکە و نە نانەسکێ بێت. گەر توانیت بەو سواڵکردنە خۆت لەو چینی ناوەڕاستەدا بهێڵیتەوە... ئەوەندەت بەسە. ماڵئاوا.

**کوروبی:**

(دەترسێت) فریشتەکەم خۆ تۆ نیازت نییە جێم بهێڵیت؟

**فریشتە:**

ڕۆڵەکەم... من دەڕۆم. من تۆم هێنایە ناو توخمی مرۆڤ، گەرەکە هەر ئێستا بفڕم و ئێرە جێبێڵم.

**کوروبی:**

بەڵام من هێشتا کەسیان ناناسم.

**فریشتە:**

جا بۆ من دەیانناسم... کچەکەم؟ ئەرکی منە کە توخمی ئادەمیزاد جێبهێڵم و ئەرکی تۆشە لەگەڵیاندا بژیت. مەرجە



هەردووکمان ملکەچی ئەم یاسایە بین... کوروبی... کچەکەم...ماڵئاوا.

**کوروبی:**

چاوەڕێ بە... فریشتەکەم... بمێنەرەوە!

**فریشتە:**

(باڵەکانی بۆ فڕین دەکاتەوە) هەرگیز ناکرێت. پاشانیش... من ئەرکی دیکەشم بەسەرەوەیە کە مە رجە ڕاپەڕێنم. مەرجە بە هەموو زەویدا بگەڕێم و ئاگاداری شتەکان ببم. مەرجە زۆر خێرا ئەم دونیایە تەی بکەم، ورد بگەڕێم و زانیاری کۆ بکەمەوە و نهێنی و شتە هەرە سەراسیمەکانی ئەم گەردوونە بدۆزمەوە. ڕۆڵەکەم... من تا هەنووکە تەنها ڕووە مادی و بەرجەستەکراوەکەی ئەم جیهانە دەناسم... ئەویش بەنیوە ناچڵی و.... هیچی تر.

**کوروبی:**

فریشتەکەم...! بمێنەرەوە... تکایە... لێرە بە!

**فریشتە:**

دەبێ دوور بفڕم، دەبێت بەنێو کازیوەی زیوینی بەربەیاندا هەڵبفڕم. لەسەرخۆ هەڵکشێم... بازنە بەبازنە دەوری (بابل) تەی بکەم، مەرجە دوور و بڵند هەڵفڕم تا لەناو پەڵە هەورە سپی و چکۆلەکاندا خۆم ون دەکەم، تا ئاستی توانەوە لەناو ڕۆشنایی ئاسماندا.

(فریشتە لە شەقەی باڵ دەدات و زۆر بەدیقەتەوە پاڵتۆی سواڵکەری و ڕدێنی دەستکردی دەخاتە سەر باسکی)

**کوروبی:**

تکایە... بمێنەرەوە... فریشتەکەم!

**فریشتە:**

(لە دوورەوە) ماڵئاوا.. کوروبی... ڕۆڵەکەم... ماڵئاوا. (بەدەم فڕین و دوور کەوتنەوە ون دەبێت) ماڵئاوا!

**کوروبی:**

(بەنەرمی) مەڕۆ..! مەڕۆ!

(کوروبی و نەبوخز نەسر ڕوو بەڕووی یەکدی دەبنەوە... هەردوو بەتەنیا... لەژێر کازیوەی زیوینی بەربەیاندا)

**کوروبی:**

(بەنەرمی) تەواو... ون بوو.

**نەبوخز نەسر:**

بەوپەڕی شکۆ و مەزنی خۆیەوە ئێرەی بەجێهێشت.

**کوروبی:**

منیش ئێستا لەگەڵ تۆدام.

**نەبوخز نەسر:**

تۆ ئێستا لەگەڵ مندای.

**کوروبی:**

لەناو تەمی ئەم بەربەیانەدا خەریکە هەموو گیانم دەیبەستێت.

**نەبوخز نەسر:**

فرمێسکەکانت بسڕەوە.



**کوروبی:**

بۆ چما مرۆڤەکان ناگرین ئەو کاتەی کە فریشتەیەکی ئاسمان ماڵئاواییان لێ دەکات؟

**نەبوخز نەسر:**

هەڵبەتە دەگرین.

**کوروبی:**

(پاش ئەوەی لە نزیکەوە لەدەم و چاوی ورد دەبێتەوە) من هیچ فرمێسکێک لە چاوانتا نابینم.

**نەبوخز نەسر:**

ئێمە گریانمان بیرچۆتەوە و لە بری ئەوە فێری سوێند خواردن بووین. (کوروبی لێی دوور دەکەوێتەوە) ئەوە بۆ دەترسیت؟

**کوروبی:**

هەموو ئازای جەستەم دەلەرزێت.

**نەبوخز نەسر:**

لەپیاوان مەترسە. تەنها لە خودا بترسە کە هەموومانی لەسەر وێنەی خۆی دروست کردووە. هەموو شتێک دەستکردی خۆیەتی.

**کوروبی:**

هەرچییەکی خودا بیکات جوانە. من لەناو دەستەکانی ئەودا ئارام و دڵنیا بووم. من نزیک بووم لەخودا... لەبەر فەیزی نووری ئەودا وەستابووم.

**نەبوخز نەسر:**

ئێستاکەش بووکە شووشەکەی خۆی فڕێ داوەتە ناو

دەستەکانی من. ناو دەستی هیچترین و پەڕپووتترین شت لەنێو هەموو بوونەوەرەکانی خۆی، دەرۆزەکەرێک، "ئاناشاماشتاکلاکو"ی شاری نەینەوا. تۆ لە ئەستێرەکانەوە هاتیتە خوارێ و لەبەردەمی مندا دابەزیت. چاوەکانت، ڕوخسارت، لەش و لارت هەر هەموو گەواهی جوانی بەهەشتن، بەڵام ئەو هەموو کەماڵ و زیبایییەی ئاسمان بۆ هەژارترین کەس لە دونیادا و لەسەر زەوییەکی وا ناتەواو چ کەڵک و مانایەکی هەیە؟ ئاخۆ کەی ئاسمان فێری ئەوە دەبێت هەر کەسە و ئەوەی پێ ببەخشێت کە پێویستییەتی؟ هەژاران و کەسە بێ هێزەکان بەناو یەکدیدا ترنجاون هەروەک ئەوەی مەڕ و مالات بن... وا لە برساندا دەمرن. کەسە بەهێزەکانیش زۆر تێر و پڕن، بەڵام تەنیان. دەرۆزەکەر خۆزگەی لەتە نانێکە، پێویستە ئاسمانیش ئەو پارچە نانەی بداتێ. نەبوخز نەسر ی پادشا برسی مرۆڤێکە، کەواتە مەرجە ئاسمان تۆی پێ ببەخشێت. بۆچی ئاسمان لە تەنیایی نەبوخز نەسر تێناگات؟ ئاخۆ بۆچی ئاسمان دەبێت تۆ بنێرێت تا گاڵتە بەهەردووکمان بکەیت: منی سواڵکەر و نەبوخز نەسری پادشا؟

**کوروبی:**

(بیر دەکاتەوە) من ئەرکێکی گرانم لەسەر شانە.

**نەبوخز نەسر:**

چ ئەرکێک؟

**کوروبی:**

مەرجە ئاگام لەتۆ بێت و دەرۆزەشت بۆ بکەم.



**نەبوخز نەسر:**

تۆ منت خۆش دەوێت؟

**کوروبی:**

ژنێک تۆی هێنایە دونیایەوە... دەکرێت بۆ ئەوە بووبێت کە تا هەتاهەیە منت خۆش بوێت، منیش لە عەدەمەوە خوڵقاوم بۆ ئەوەی تا ماوم تۆم خۆش بوێت.

**نەبوخز نەسر:**

لەژێر ئەم کەوایەدا گەڕوگول بووم، گولی هەموو لەشمی وەک بەفر سپی هەڵگەڕاندووە.

**کوروبی:**

هێشتا خۆشم دەوێت؟

**نەبوخز نەسر:**

ڕووەو قەفرا و بیابان و چۆڵەوانییەک دەتبەن. لەژێر گڕ و تین و تاوی خۆردا و لەسەر لمێکی سووتاودا کۆتاییت پێدێت.

**کوروبی:**

هەر خۆشم دەوێت.

**نەبوخز نەسر:**

کەواتە ماچم کە گەر منت خۆش دەوێت.

**کوروبی:**

باش... ماچت دەکەم.

**نەبوخز نەسر:**

(کە ماچەکە تەواو دەبێت بەجۆرێک پەلاماری کوروبی دەدات کە

لەسەر زەوییەکە تەختی دەکات و لەهەمان کاتدا قاچێک دەخاتە سەر جەستەی).

ئاواهی فڕێت دەدەمە سەر عەردەکە، ئەی ئەو کەسەی کە بەجۆرێک خۆشم ویستیت کە مەحاڵە پیاوێکی دیکە هەبووبێت وەک عاشق و شەیدا، کەچی ئەوەتا خەڵاتی خودام خستۆتە ژێر پێیەکانم و بەسەریدا دەڕۆم، گەرچی تۆ کەسێکی هەر هەموو بەختەوەری من بەندە بەتۆوە. ئەوەتا... من ئاواهی پاداشتی ماچەکانت دەدەمەوە. ئاسمان بەچاوی خۆی دەبینێت کە چۆن مامەڵە لەگەڵ خەڵاتەکەی دەکرێت، چۆن چۆنی هیچترین زەلام کەسێک بێ نرخ دەکات و دەیشکێنێت کە ئەگەر نەبوخز نەسری پادشا بیناسیبایە لە زێڕ و خۆشەویستی خۆیدا نوقمی دەکرد... زێڕ و زیوی هەر هەموو بابل.

(عاقی لە دەستە چەپەوە دێتە ژوورێ و نەمرود- ی دیل بەدوای خۆیدا ڕادەکێشێت.)

**عاقی:**

(بەسەرسامییەوە) ئەوە چی دەکەیت... لەو کچە هەڵدەدەی هۆ دەرۆزەکەرەکەی نەینەوا؟

**نەبوخز نەسر:**

(بەقێز و کینەیەکی زۆر تاڵەوە) من دیارییەکەی خوداوەندم خستۆتە ژێر پێیەکانم. خەڵاتێکی تازە و خۆشەویست، ئەوەتا بەچاوی خۆت دەیبینیت، هەر دوێنێ شەو خوڵقاوە، ئاسمان بۆ پەڕپووتترین پیاوی ناردووە و هەر بەدەستی خۆم لە فریشتەیەکەوە وەرمگرت. تۆ گەرەکتە؟



**عاقی:**

هەر دوێنێ شەو خوڵقاوە!

**نەبوخز نەسر:**

لە عەدەمەوە هاتووە.

**عاقی:**

کەواتە خەڵاتێکی بێ کەڵکە.

**نەبوخز نەسر:**

هەر لەبەر هەرزانی من ئامادەم بەم دیلە لەگەڵ تۆدا بیگۆڕمەوە.

**عاقی:**

زۆر باشە... پاشان ئەوەش بزانە کە ئەم بۆ خۆی کۆنە پادشایە.

**نەبوخز نەسر:**

ها ئەم پارچە زێڕەش کە من هەر بەدەرۆزە کردن پەیدام کردووە.

**عاقی:**

ئەی سەبارەت بە بەها دێرین و مێژووییەکەی؟

**نەبوخز نەسر:**

دوو درهەمە.

**عاقی:**

ئەم مامەڵەیە هیچ نییە.

**نەبوخز نەسر:**

چاکە... تۆ لەسەر ئەو مامەڵەیە دەوەستیت؟

**عاقی:**

تەنها لەبەرئەوەی کە تۆ بێ ئەندازە دەرۆزەکەرێکی گەوجی.. ها بیگرە! (کۆنە پادشاکە فرێ دەداتە بەر پێیەکانی) تۆش... کچە چکۆلانەکەم هەستەوە، تۆ تازە هی منی. هەر دەبێت فریشتەیەک تۆی هێنابێت بۆ ئێرە. من حەکایەتی پەریزادەکان و ئەفسانەکانم حەز لێیە، گەرەکمە بڕوا بەو شتانە بکەم کە کەس بڕوای پێیان نییە. من پشتم بەتۆ دەبەستم کە لە عەدەمەوە خوڵقاویت. ئەو پیاوەی لوبنان سەغڵەتم دەکات. تۆ ئەم دونیایەی ئێمە ناناسیت، بەڵام من دەیناسم و شارەزام، بۆیە دڵی خۆت تەنگ مەکە. تۆ تەنها یەکجار دارکاری کراویت، بەڵام من هەزارەها جار دارکاری کراوم. وەرە... با بڕۆین بۆ بازاڕی ئانوس گاردن- ئەمڕۆ ڕۆژی ئیشە، ساتەوەختێکی چاکە و من بۆنی پارە و قازانج دەکەم. با ئێستا بزانین بەسواڵکردن چیمان بۆ پەیدا دەکرێت، تۆ بەجوانیت و منیش بەم ڕدێنە سوورباوەوە، تۆ کە هەموو لەشت خرمش و ڕووشاوە لە دەرئەنجامی لێدان و کوتان، منیش کە بەدەست پادشاوە دەچەوسێمەوە.

**کوروبی:**

(بەناسکی) بەڵام من تۆم هەر خۆش دەوێت ئەی سواڵکەرەکەی نەینەوام.

(عاقی لە دەستە ڕاستەوە دەچێتە دەرەوە و خۆی بەسەر کوروبی-دا لار کردۆتەوە. نەبوخز نەسر بەتەنیا لەگەڵ نەمرود-دا بەجێماوە، نەمرود کۆت و بەند کراوە و لەبەر پێی نەبوخز



نەسر-دا بەدەم بەستراوەیی کەوتووە. ئەم جلی سواڵکەرانەی دادەکەنێت و ڕدێنە سوورباوەکەی دادەماڵێت و بەهەردوو پێ دەچێتە سەری، پاشان بەقووڵی دەکەوێتە ژێر تێڕامان و بیرکردنەوەوە... بێ جووڵە و غەمگین ئان و سات دەست و پێوەندەکەی بەوپەڕی وریاییەوە لێی دەچنە پێش.)

**سەرۆک وەزیران:**

(دەشڵەژێت) خاوەن شکۆ!

**نەبوخز نەسر:**

فەرمانی لەسێدارەدانی عاقی دەرۆزەکەر بۆ دە ڕۆژ دوابخەن. گەر ویستی ببێت بەفەرمانبەری دەوڵەت، باڵاترین دەزگاکانی دەوڵەت لەبەردەم ئەم کراوەن. گەر قایل نەبوو... ئەوسا من جەلادەکەی خۆم دەنێرمە گیانی. تۆش ئەی سوپاسالار تا ئەودیو سنووری لوبنان پێشەوایەتی سوپاکەم بکە. ئەو گوندە پەرپووتانە داگیر بکە سپارتنز، مۆسکنگ، پێکۆ و ئاتەیج یان ناویان هەرچییەک بێت. ئێمەش، لەولاوە، لەگەڵ پادشای بەدیل گیراودا دەگەڕێینەوە ناو کۆشکەکەمان تاوەکو بتوانین لە خزمەتکردنی هەر هەموو مرۆڤایەتیدا بەردەوام بین، خەڵکانێک کە ماندوون... زۆر نەگبەتن و هەتا خودی ئاسمان خۆی سووکایەتی پێکردوون.

کۆتایی پەردەی یەکەم

## پەردەی دووەم

(لە ناوجەرگەی شاری بابل- دا و لەژێر یەکێک لە پردەکانی سەر ڕووباری فورات- دا هەر هەموو ڕووداوەکانی پەردەی دووەم دەقەومێن. کۆشک و باڵەخانەکان زۆر بەرز و بڵند بەناو ئاسماندا هەڵکشاون. ئۆرکێستراکە لە پێشەوەی شانۆکە ڕووبارئاسا خۆ دەنوێنێت، پردەکەش وەک قەنتەرەیەکی مەزن لەپشتەوەی شانۆکە ڕووەو پێشەوە بەرزبۆتەوە تاوەکو لەژێرەوە وەک پانە برگەیەک دەربکەوێت. بەبان سەریشەوە ژاوەژاوی خەڵکی ئەو شارە گەورەیە دەگاتە گوێ. تەقەتەقی نەبڕاوەی تراموای کۆنە شاری بابل، قاووقیژی بەجۆشی کۆڵکێش و خۆڵڕێژەکان تێکەڵ بەیەکدی دەبن. بەچەپ و ڕاستی پردەکەدا قاڵدرمەیەک بۆ خوارەوە و ڕووەو کەنار ڕووبارەکە دەتبات. جێنشینی عاقی- کەلاوە کۆنێکی پەڕپووت بوو کە لە جۆرەها کەلوپەلی سەر بەکات و قۆناغی جیاوازی تێدابوو: تابووتی بەردین، بت و پەیکەر، کۆنە تەخت و تاراجی شاهانە، پایسکیلێکی بابلی، تایە و شتی تر، هەر هەمووشی کەوتبووە ژێر پیسی ڕۆژگار و بۆکۆنیان لێ دەهات و ئەو ناوە هەر هەمووی زبڵ و زار بوو. سەرەڕای ئەو هەموو



تێکەڵ و پێکەڵییە، لەنیوەی ڕێگادا و بەرلەوەی بگەیتە قەنتەرەی پردەکە کەللەیەکی داتاشراوی گلگامش زەق و زۆپ قوت ببۆوە. لەنزیک پەیکەرەکەوە دەیەها پارچە قوماشی باریک و درێژکۆلە هەڵواسرابوون کە زۆربەی دڕابوون و سەبارەت بەدەرۆزەکردن ئاگاداری جیاوازی لەسەر نووسرابوو:

" ئەمڕۆ دوا هەلی ڕەخساوی تۆیە."

لەدەرەوە و بەدەستە ڕاستدا پردێک، ڕێک و ڕاست، دەکەوێتە دەستە ڕاست، لەولاوە ئاگردانێک، کتلییەک. زەوییەکەی بەگڵە سوور داپۆشراوە، لێرە و لەوێ قوتووی مورەبا و دەستنووسی شیعر پەرش و بڵاوە. لەهەموو شوێنێکدا کەڤاڵ و کاغەزی تەنک هەڵواسرابوون، لەتەک دەیەها خشتی لەقوڕ دروستکراو و نزیک بەیەکدی ڕیز کرابوون، هەر هەمووشیان بەشیعر پڕ کرابوونەوە، زۆر بەکورتی لەوە دەچوو کارەکتەرەکان بەناو زبڵخانەیەکی زۆر گەورەدا هاتوچۆ بکەن. لەپێشەوە و بەدەستە ڕاستدا چەندەها کەس لەناو فوراتدا بەدەنگێکی خنکاوەوە زیقەیان دێت و مەلە دەکەن، بەدەستە چەپدا دوو چەتەی چەپەڵ کە سەر بەتاوانبارانی ناو (بابل) ن، ئەوانیش عومەر- ی گیرفانبڕ و یوسف- ی ماڵبڕن، لەسەر تابووتێکی بەردیندا خەوتوون. لە دەستە چەپەوە (عاقی و کوروبی)، لەژێر جل و بەرگی هەلاهەلادا دێنە ژوورێ. عاقی توورەگەیەکی بەکۆڵەوەیە.

**عاقی:**

لێرە بڕۆن و دوور کەونەوە هەی گەند و گووینە. نامەوێت شتی دزراوی ئەم و ئەو و ماڵان لەسەر تابووتەکەم هەڵڕێژن.

(عومەر و یوسف خۆ دەدزنەوە)

دوورکەونەوە و لەو ڕووبارە پیسەدا خۆتان بشۆن... هەی قەلەڕەشە بەڵەکەکان. قیرەتان بێ مانایە. ئەم پردە کە دروست کرا، بۆ یادی شەرافەتمەندانەی (گلگامش) کرا کە پاڵەوانی نەتەوایەتیمان بوو، بۆ ئەوە دروست نەکراوە ببێتە پەناگای گەڕ و گولەکان، پاڵەوانە نەتەوایەتییەکانمان پیاوکوژانی ناوداری سەرزەمین بوون، هەڵبەتە پزیشکەکان نابنە هاوشانی ئەوان.

(عومەر و یوسف ون دەبن)

**کوروبی:**

ئەو شتە پیسانە کە لەسەر لەپ دەخزین چی بوون؟

**عاقی:**

گەڕ و گولن، خەڵکانێکی نائومێد کە هێشتا لەناو ڕووباری فورات- دا بەدوای ئەو ئومێدەدا دەگەڕێن. سەیرە کە ئەو هەموو شتە پیسانە لانەیەکیان نەبێ کە تیایدا بسرەون.

**کوروبی:**

عاقی خۆم... ئەم سەرزەمینە بەشێوەیەکی زۆر ترسناک جیاوازە لەوەی کە فریشتەکە بیری لێ دەکردەوە. هەر هەنگاوێک دەنێم ستەم و بێدادییەکی زۆر دەبینم، دەرد و درمێکی زۆرتر، نائومێدییەکی گەورەتر دەوری تەنیوم. مرۆڤ قەت بەختەوەر نییە.

**عاقی:**

لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە کە ئەوان خێریان بۆ ئێمە هەبێت. جارێکی دیکە من و تۆ توانیمان لەم سواڵەی ئەمڕۆ دەستکەوتمان زۆر بێت. نیوەڕۆیە و کەمێک پشوو دەدەین،





پاشان ڕوو دەکەینە باخچەی لەسێدارەدان.

(توورەکەکەی لەسەر زەوی دادەنێت)

**کوروبی:**

باشە... عاقی خۆم.

**عاقی:**

ئێستا تۆ تەواو فێری سواڵ بوویت و پێشکەوتوویت. من بەتۆ دڵخۆشم. تەنها یەک شتی تۆم بەدڵ نییە و هەڵەیە: ئەو کاتەی کە خەڵکی پارەت بۆ فڕێ دەدەن تۆ پێدەکەنیت. هەڵەیەکی زۆر گەورەیە. ڕوخسارێکی غەمناک کاریگەری پترە خەڵکی دەبزوێنێت.

**کوروبی:**

ئەوەیانم بیر ناچێتەوە.

**عاقی:**

بۆ بەیانی خۆت لەسەر ئەوە ڕابێنە. نائومێدی دەتخاتە ژێر باری خەم. (شتەکانی ناو توورەگەکە هەڵدەڕێژێت) ئەوەتا مرواری، بەردی گرانبەها، پارچە زێڕ، دینار و درهەم پێویستم پێیان نییە و دووریان بخەرەوە.

(هەمووی هەڵدەداتە ناو فورات)

**کوروبی:**

ئێستاکە تۆ هەموو پارە و شتەکانت فڕێدایەوە ناو ڕووبارەکە.

**عاقی:**

چاکم کرد؟

**کوروبی:**

ئاخر هیچ مانایەکی نییە... گەر ئێمە ڕەنجی دەرۆزە کردنەکەمان فڕێ بدەینەوە ناو ڕووباری فورات.

**عاقی:**

ئەوەیان باشترین شێوەیە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی سوالکەریمان. دەستبلاوی زۆر پێویستە. دەستم لە ملیۆنەها کەس پان کردۆتەوە. ملیۆنەهاشم فڕێداوەتە ناو قوڕ. ئەوەیان تاکە ڕێگەیەکە کە دونیا لە دەوڵەمەندەکان پاک بکرێتەوە. (گیرفانەکانی دەپشکنێت) زەیتوون. زەیتوون لە هەموو شت باشترە. مۆز، قوتوویەک لە باشترین ماسی سەردین، جن، لەگەڵ خوداوەندێکی سۆمەری لە عاج داتاشراو. (لە پەیکەری خواوەندەکە ورد دەبێتەوە) خوداوەندی خۆشەویستی. بەڵام ناکرێت تۆ ئەو پەیکەرە ببینیت. بۆ ئەوە نەکراوە کچە منالکارەکان سەیری بکەن.

(پەیکەری خوداوەندی خۆشەویستی دەخاتەوە ناو توورەکەکە.)

**کوروبی:**

چۆن حەز دەکەیت با وابێت عاقی گیان.

**عاقی:**

"چۆن حەز دەکەیت عاقی گیان... بەسەرچاو... فەرمانی تۆیە عاقی." تۆ شەو و ڕۆژ ئەم ڕستانە دووبارە دەکەیتەوە. پێتەوە دیارە کە شتێک غەمگینی کردوویت.

**کوروبی:**

ئا... من گیرۆدەی عەشقی دەرۆزەکەرەکەی نەینەوا بووم.



**عاقی:**

ئەو کەسەیە کە تۆ ناوەکەیت بیرچۆتەوە.

**کوروبی:**

ناوێکی سەیری هەبوو پێم لەبەر نەکرا. بەڵام ناوەستم و هەمیشە بەدوایدا دەگەڕێم... سوالکەرەکەی خۆم. ڕۆژێک دێت من بیدۆزمەوە. بەدرێژایی ڕۆژ دەگەڕێم.. هەر هەموو گۆڕەپانەکانی بابل، سەر قالدرمەکانی بەردەم کۆشک و تەلارەکان. هەمیشە یادی دەکەم، ئەو کاتانەی کە سەر هەڵدەبڕم و لە ئەستێرەکان دەڕوانم، بەرز و دوورەدەست بەسەر ئەم شەقامە بەردرێژ کراوانەوە، من بەدوای ڕووخساری ئەودا دەگەڕێم لەناو گۆمی پڕ لە باق و بریق و ترووسکەیان. جار هەیە دەیبینم کە یەک تەختە لەسەر زەوی ڕاکشاوە... خۆشەویستەکەم... ڕێک و ڕاست لەمن دەڕوانێت و لە ڕوخسارم ورد دەبێتەوە... سپی و گەورۆنە بەرامبەر بەتەم و مژێکی پڕ لە باق و بریقی ئەستێرەکان، هەر لەو شوێنەوە کە فریشتەکە منی لێوە دابەزاندە خوارێ.

**عاقی:**

ئەوینێکی بێ ئاکام.

**کوروبی:**

ئەم ئەوینەم تاکە ئومێد و ئاکامە. ئاخر چۆن لەسەر ئەم زەوییە بژیم بێ ئەو حەز و سۆزەی کە من بۆ تۆ و خۆشەویستەکەم هەمە؟

**عاقی:**

لەبەرئەوەی مرۆڤ ناتوانێت لەسەر ئەو زەوییە بژی، هەر بۆیە

بڕیارم دا لە پەراوێزدا بژیم و بوومە دەرۆزەکەر. ئێستا من و تۆ لەژێر جوانترین پردی بابل- دا وەستاوین. من ماڵی خۆم نییە کە پیسی بکەم بەهەندێک خەیاڵ و ختوورەی دەرۆزەکەرێک کە لە ماوەی یەک سەعاتدا تەنها یەک پارچە زێڕ و دە عانە پەیدا دەکات. (هەڵدەستێتەوە) ئەو هەموو چامە شیعرییانە چین لێرە. ئۆو... هەڵبەت... لەوە دەچێ شاعیرەکان لێرەوە ڕۆیشتبن.

**کوروبی:**

(ئاسوودەیە) ئۆو... ئاخۆ بۆم هەیە ئەم شیعرانە بخوێنمەوە؟

**عاقی:**

لە ئێستادا کە هونەر و ئەدەب لە بابلدا تەواو بێ بایەخ بووە، وا باشترە خۆت لە خوێندنەوەی شیعر بەدوور بگریت.

(پارچە کاغەزێک دەکاتەوە و سەیرێکی دەکات و پاشان فڕێی دەداتە ناو ڕووباری فوراتەوە.) شیعری دڵداری. هیچ نەماوە جگە لە شیعری دڵداری لەوەتەی تۆم لە بەرامبەری کۆنە پادشای لێکەوتوو گۆڕیوەتەوە. هەستە کەمێک شۆربام بۆ بکە- ئەوەیان زۆر چاکترە. ئەوەتا هەندێک گۆشتی گامان لەلایە بەدەرۆزەکردن پەیدامان کرد... تازەیە و بیخە ناو شۆرباکە.

**کوروبی:**

بەسەرچاو عاقی.

**عاقی:**

منیش وام نیازە بچمە ناو یەکێک لەو تابووتە بەردینانە.

(کە سەری یەکێک لەو تابووتە بەردینانە هەڵدەداتەوە، لەناوەڕاستی تەختەی شانۆکە، دەسڵەمێتەوە و بازێک بۆ دواوە



دەدات، چونکە یەکێک لە شاعیرەکان لەناکاو ڕاست دەبێتەوە.)

(عاقی بەتووڕەیییەوە لێی دەپرسێت)

ئەوە تۆ لەناو ئەم تابووتە چ دەکەیت؟

**شاعیر:**

شیعر دەهۆنمەوە.

**عاقی:**

ئەوەیان شوێنی شیعر نووسین نییە. ئەم شوێنە جێژوانی من و لەیلا- یە... دولبەرە شۆخ و شەنگەکەی من. جگە لەوەی کە من لە تۆفانەکەوە لێرەم و لەناو ئەم تابووتەم. سووک وەک مەلێک بەسەر دەریای سەرشێتەوە هەڵیگرتم. لێرە دوور بکەوە لە شوێنێکی دیکە شیعران بنووسە. ئەوەتا چەند سەلکە پیازێک بیبە.

(چەند سەلکە پیازێک بۆ کوروبی- هەڵدەدات و لەناو تابووتەکەدا ڕادەکشێت. شاعیرەکە دوور دەکەوێتەوە. کوروبی سەرگەرمی شۆربا لێنانە لای ئاگردانەکە، بەدەستە چەپدا نێبۆ- ی پۆلیس بەقاڵدرمەکەدا دێتە خوارێ و نێوچەوانی دەسڕێت.

**پۆلیس:**

عاقی دەرۆزەکەر... ڕۆژێکی گەرمە و تەواو شەکەتی کردووم.

**عاقی:**

سڵاو لە تۆ... نێبۆ ی پۆلیس. لەسەر شەرەفی تۆ شادمانم کە لەبەرت هەڵبستم، چونکە من ڕێزێکی زۆرم هەیە بۆ پۆلیس، بەڵام هێشتا پێویستم بەوە هەیە ئاگاداری پشتی خۆم بم.

دواجار کە لە بنکەی پۆلیس بووم داغتان کردم، شتی زۆر قورستان بەهەر چوار پەلەوە بەست.

**پۆلیس:**

من ئەوەیانم لە بەرژەوەندی تۆ کرد. من بۆ خۆم دەقاو دەق پەیڕەوی فەرمان و یاساکانی میری بووم بەوە کە گەرەکمان بوو کە هەر هەموو دەرۆزەکەرە سەرپێچیکەرەکان بخەینەوە ناو دەزگاکان و ببنە فەرمانبەر.

**عاقی:**

جوامێری. ئاخۆ دەتوانم تابووتێکت پێشکەش بکەم... تابووت بۆ پۆلیسێکی دڵگەرم و جوامێر.

**پۆلیس:**

من حەز دەکەم لەسەر ئەم بەردە دابنیشم. (بەدەم دانیشتنەوە) ئەم تابووتانە دەبنە مایەی دڵتەنگیم.

**عاقی:**

ئەمەیان تەخت و تاراجی دوا سەرۆکی پیاوانی ئەشکەوت نشین بوو. بێوەژنەکەی پێ بەخشیم. با قومێک شەرابی سوورت بدەمێ.
(بوتڵێک لەژێر جبەکەیەوە دەردێنێت و دەیداتە دەست پۆلیسەکە)

**پۆلیس:**

(بەدەم خواردنەوەوە) زۆر سوپاس. لەناو ئەم بەزمەدا نەخۆش کەوتووم. ڕۆژ بەڕۆژ ماندووتر دەبم، فەرمانیان پێ کردووم هەر



هەموو کتێبەکانی ناو مەکتەبەکان کۆ بکەمەوە و چی جوگرافیناس و ئەستێرەناس هەن بیانگرم.

**عاقی:**

بۆ چییان کردووە؟

**پۆلیس:**

لەوە دەچێت جیهان لەوە گەورەتر بێت کە ئەوان مەزەندەیان دەکرد. ئاشکراشە کە ئەوان نەیانتوانی چەند گوندێکی دیکە لەودیو سنووری لوبنان ببینن. زانستیش، وەک هەر شتێکی دیکەی ناو ئەم وڵاتە، نابێ هەڵەی تێدا بکرێت.

**عاقی:**

ئەوەیان سەرەتای کۆتاییيە.

**پۆلیس:**

ئێستاکەش سوپاکەمان بەڕێوەیە و بەنیازە ئەو شوێنانە داگیر بکات.

**عاقی:**

بەدرێژایی شەو ڕووەو باکوور و بەسەر پردی گلگامشدا دەپەڕینەوە. من بەتەواوی بۆنی کارەسات دەکەم.

**پۆلیس:**

من وەک فەرمانبەرێک مەرجە گوێڕایەڵ بم، نەک بیر بکەمەوە.

**عاقی:**

چەندە دەوڵەت بیەوێت کارەکانی مەیسەر بن، ئەوەندە پتر پێویستی بەفەرمانبەری گەلحۆ هەیە.

**پۆلیس:**

ئێستا تۆ وا دەڵێیت. بەڵام گەر تۆ رۆژێک لەرۆژان ببیتە فەرمانبەر ئەوسا بەم وڵاتە سەرسام دەبیت. ئەوسا رێکی و بتوونییەکەی بەشەوارەت دەخات.

**عاقی:**

تێگەیشتم. جا تۆ بۆ ئەوە هاتوویت. تۆ گەرەکتە پەروەردەم بکەیت تاوەکو ئامادەم بکەیت بۆ ئەوەی ببمە فەرمانبەر.

**پۆلیس:**

من هەرگیز هەلی وا نابوێرم.

**عاقی:**

من هەر ئەوسا کە لە بنکەی پۆلیسەکان بووم هەستم پێکرد.

**پۆلیس:**

من کە لێرەم بۆ کارێکی فەرمی هاتووم.

**عاقی:**

زۆر دیارە. (پۆلیسەکە دەفتەرێک لەبەر باخەڵی دەردەهێنێت)

**پۆلیس:**

ئەمرۆ دوا رۆژتە.

**عاقی:**

کورە وا مەڵێ... بەڕاستیتە؟

**پۆلیس:**

تۆ لە گۆڕەپانی (ئانۆ) دا دەرۆزەت دەکرد.

**عاقی:**

بەدەستی ئەنقەست وام نەکردووە.



**پۆلیس:**

هەندێک هەواڵم پێیە بۆ تۆ.

**عاقی:**

ئامێرێکی تازەی ئەشکەنجەدانە؟

**پۆلیس:**

بڕیارێکی تازەیە. بۆ داننان بەتواناکانی تۆ. میری بڕیاری داوە کە تۆ بکات بەسەرۆکی بۆردی کارگێڕی و نابووتی و مایەپووچی. دارایی چاوی خستۆتە سەر تۆ، هەروەها لەناو لایەنە فەرمییەکاندا دەنگۆیەکی واش لەئارادا هەیە کە داهاتوویەکی زۆر گەورە چاوەڕێتە.

**عاقی:**

داهاتوویەک، کار و پیشەیەک... نیبۆ ی پۆلیس... هیچیان سەرسامم ناکەن.

**پۆلیس:**

کەواتە دەتەوێ بڵێیت کە تۆ ئەم پۆستە گرنگە ڕەت دەکەیتەوە؟

**عاقی:**

من بەنیازم وەک هونەرمەندێکی سەربەست بمێنمەوە.

**پۆلیس:**

کەواتە تۆ سووریت لەسەر دەرۆزەکردن؟

**عاقی:**

ئەوەیان پیشەی خۆمە.

(پۆلیسەکە دەفتەری تێبینییەکانی لەخۆی دوور دەخاتەوە.)

**پۆلیس:**

کارێکی خەراپە... ناجۆرە. (عاقی هەڵدەستێتە سەر پێ)

**عاقی:**

زۆر چاکە نیبۆ- ی پۆلیس، دەتوانیت بمبەیتەوە پۆلیسخانەکە.

**پۆلیس:**

پێویست ناکات. هەر ئێستا جەللادەکە خۆی دێت.

(خامۆشی. عاقی بێ ئەوەی ئاگای لەخۆی بێت دەست دەنێتە گەردنی. پاشان لە پۆلیسەکە ورد دەبێتەوە.)

**عاقی:**

مەبەستت جەللادە قەڵەوەکەیە؟

**پۆلیس:**

نەخێر... گەورەم. جەللادەکەی ئەم دەڤەرە باریک و درێژە. سەبارەت بەئیشەکەی خۆی هونەرمەندە. بەڕاستی بەزمێکی خۆشە گەر سەیری بکەیت. لەوەیاندا بلیمەتێکی بێ هاوتایە.

**عاقی:**

مەبەستت کابرای ڕووەک خۆری بەناوبانگە؟

**پۆلیس:**

(سەر دەلەقێنێت) لێم مەگرە دیارە سەبارەت بەسێدارە هێشتا شتێکی ئەوتۆ نازانیت. لەوە دەچێت بەجەللادەکەی نەینەوا- ت زانیبێ. جەللادەکەی ئێمە خوێنەرێکی گەورەی کتێبە کۆنەکانە.

**عاقی:**

(ئارامە) ئۆه... ئەوەیان جیاوازییەکی گەورەی هەیە.



**پۆلیس:**

هەر ئێستا بەرەو ئێرە دێت.

**عاقی:**

زۆر بەختەوەر دەبم گەر بیناسم.

**پۆلیس:**

عاقی دەرۆزەکەر... کابرا گاڵتە نازانێت. من پێت دەڵێم کە وریا بیت. گەر بەیانی لە فەرمانگەکە نەبیت بۆ ناونووسین بەو نیازەی کە بچیتە ڕیزی فەرمانبەرانەوە، لەوە دڵنیا بە کە لەسێدارەت دەدات.

**عاقی:**

من لە فەرمانی ئەو دەرناچم.

**کوروبی:**

(بەترسەوە) ئاخۆ ئەوان نیازی وایان هەیە بتکوژن؟

**عاقی:**

کچەکەم... پێویست بەوە ناکات خۆت شپرزە بکەیت. من بەدرێژایی ئەو ژیانە پڕ هەرا و جەنجاڵەی خۆمدا ئەوەندە هەڕەشەم لێ کراوە کە ئیدی وام لێ هاتووە گاڵتەم پێی بێت.

(هەر هەموو تابووتەکان دەکرێنەوە و لەهەموو لایەکەوە شاعیرەکان دێنە دەرێ.)

**شاعیر:**

ئەمەیان بابەتێکی تازەیە بۆ شیعر.

**شاعیرێکی دیکە:**

بابەتێکی زۆر بەهێزە!

**شاعیری سێیەم:**

بەه.. بەه لەو شاکارە.

**چوارەمیان:**

چ دەگمەنە!

**هەموویان:**

قسەمان بۆ بکە... کابرای سواڵکەر... بدوێ.

**عاقی:**

زۆر چاکە... با من لە حیکمەت و چیرۆکی ژیانی خۆم ئاگادارتان بکەمەوە. ئەو کاتەی کە من هێشتا گچکەلۆکە بووم، هەزاران ساڵ لەمەوبەر، هیچ شتێکم نەدەزانی، باوکم بازرگان بوو. جلەکانی بەری ئاڵتوون پۆش بوو، دایکیشم خشڵ و خاڵی زیوینی دونیای لەخۆ دەدا، ماڵەکەشمان پڕ بوو لە فەرشی نایاب و ئاوریشم و ساتان. زیوس ڕەونەقی نەما، چی زێڕمان هەبوو پێچرایەوە. لە (بابل) دا کۆمپانیای (نەجیب) و کوڕەکانی هەموو شتێکی ئێمەیان بەتاڵان برد، باوکمیان بەدارێکەوە بەستەوە تا لە برسانا مرد، پاشانیش دایکم، دەنێو ئەو وێرانەیەدا هیچمان بۆ نەمایەوە.

**شاعیرەکان:**

دەنێو ئەو وێرانەیەدا هیچ نەمایەوە.

**عاقی:**

ئەوسا پێغەمبەرێک لە شاخەکانی (عیلام)ەوە هات و منی کرد بەکوڕی خۆی. بەدرێژایی شەو و ڕۆژەکان لە پەرستگاکاندا دەمامەوە و قوربانیم پێشکەش بەخوداوەندەکان دەکرد،



جلەکانم کۆن و پەڕپووت بوون، سەر و پرچیشم لەبەر خۆڵ و تۆز دیار نەبوو. باوی ئایین نەما و خودا نیعمەتی خۆی بردەوە. گڵۆڵەی پیاوانی ئایینی کەوتە لێژیی. پێغەمبەرەکەش بەدارێکەوە بەسترایەوە تا لە برسانا مرد، خوداوەندەکانیش لەناو بران، دەنێو ئەو وێرانەیەدا هیچ نەمایەوە.

**شاعیرەکان:**

دەنێو ئەو وێرانەیەدا هیچ نەمایەوە.

**عاقی:**

ژەنەراڵێک کە سەرتاپا پۆڵا پۆش بوو پەروەردەکردنی منی گرتە ئەستۆ، سەربازێکی گوێڕایەڵی پادشا بوو، هیچ کوڕێکی حەڵاڵزادە ئاوهایی وەک من، شەرافەتمەند نەبوو. ئەو ژەنەڕاڵە سواری لەزین دادەگرتە خوارێ، خاوەن قەڵا، موڵک و ماڵی دونیای هەبوو. کەچی ئەو هەموو شکۆمەندی و لاف و گەزافە نەما. پێگە و مەقامی تێداچوو. لە بابل دا ئەو تەخت و بەختە نەما و تەخت و بەختێکی دیکە هات. ژەنەڕاڵەکە لە دار بەسترا تا مرد، پاشانیش نۆرەی سەربازەکانی هات لەدار بدرێن، دەنێو ئەو وێرانەیەدا هیچمان پێ قوتار نەکرا.

**شاعیرەکان:**

دەنێو ئەو وێرانەیەدا هیچمان پێ قوتار نەکرا.

**عاقی:**

هەروەک چۆن پیاوی دەوڵەمەند بەقات و قڕی کۆتایی هات، پیاوی خوداپەرستیش بەمەرگ، هەتا پیاوی بەهێزیش لەبرسانا مرد، بۆیە کەسی ژیر بەخۆی دەوت: مەرجە مرۆڤ وەکو گڵ و

خۆڵ وابێت، چونکە جێپێیەکانی پیاوخەراپ و جەللادەکان لەسەر ئەو خاکە دەرناکەوێت. لەهەموو بابل-دا تەنها یەک دەرۆزەکەر مایەوە، کە تاجی سەر سەری درِک بوو، کە لەوانە بوو پاڵتۆکەی بەری هەلا هەلا بێت و ریشی بوەرێت، بەڵام تەنها ئەم لەو وێرانەیەدا ڕزگاری دەبێت.

**شاعیرێک:**

چیرۆکی شەوی ئەڤینداریەکەت لە تەک شازادەی تێتس- دا.

**شاعیرێکی دیکە:**

چۆن چۆنی توانیت سواڵی هەموو گەنجینەی دەوڵەت بکەیت.

**شاعیری سێیەم:**

دواییش چیرۆکی جەجاڵ.

**عاقی:**

هەر هەمووی بێ بایەخە. من میوانم هەیە. کوروبی... تۆ ئاگات لە چێشتەکە بێت.

**پۆلیس:**

(بە سەرسامییەوە... ئەو کاتەی شاعیرەکان ون دەبن) لە ڕاەی ئاسمان... شوێنی نیشتەجێ بوونەکە پڕە لە شاعیر.

**عاقی:**

کەواتە وایە. منیش سەرسام بووم. لەوە دەچێت پێویست بەوە بکات کە ژێر پردەکە بەتەواوەتی پاک بکەمەوە و گەسکێ لەو شاعیر و ماعیرانە بدەم.

(پۆلیسەکە ڕاست دەبێتەوە و بە شکۆمەندییەوە خۆ دەنوێنێت.)



**پۆلیس:**

ئۆو... دەم هەراش، تۆ هەر سووریت لەسەر ئەوەی لە سێدارە بدرێیت؟

**عاقی:**

بێ گومان و بەدڵنیاییەوە.

**پۆلیس:**

بڕیارێکی ناخۆشە، بەڵام ناچارم کە ڕێزی لێ بگرم.

**عاقی:**

(حەپەساوە) ئەوە چیتە... نێبۆ ی پۆلیس؟ زوو زوو لەبەردەممدا سەر نەوی دەکەیت و ڕەسمییانە دەمدوێنیت؟

**پۆلیس:**

ئەی لە هەمووان شکۆمەندتر... هەڵبەتە تۆ زۆر لە خەمی کوروبی- دایت کە ئاخۆ دوای خۆت چی بەسەر دێت. من بۆ خۆیشم زۆر سەغڵەتم و بیر لە چارەنووسی ئەم کچە دەکەمەوە. هەموو کەسێک لە بابل دا ئیرەیی بەتۆ دەبات. هەمووشیان بەداخەوەن کە کوروبی وەها هەژار و دەست کورتە. ئەوان هەموو هەوڵێک دەدەن تاوەکو ئەم کچە لەتۆ بستێننەوە. تۆ تاوەکو ئێستا کەست یخ کردووە؟

**عاقی:**

شەش.. تۆ ئەو ژنەڕاڵەت لەیاد چووە کە لەسەر پردی عەشتارەوە هەڵمدایە خوارەوە. دەتوت ئەستێرەی کلکدارە لە ئاسمانەوە ڕووەو خواری خوارەوە دادەکشێت.

**پۆلیس:**

(دیسان دەنووشتێتەوە) ئەی لەهەمووان شکۆمەندتر، ئەم کچە پێویستی بەکەسێکە بیپارێزێت. هەرگیز لەو کچە جوانترم نەدیوە. هەر هەموو خەڵکی بابل باسی دەکەن. خەڵکی لە هەموو لایەکەوە دێن... لە ئوور–ەوە، ئوروک، چالدیا، لە ئوز–ەوە دێن، لە هەموو دەڤەرەکانی ئیمپراتۆرییەتەوە دێن و سەرسامن بەو کچە. هەر هەموو شارەکە عەشقی بوون. هەموو پیاوێک خەون بەکوروبی– یەوە دەبینێت، لە خەیاڵی ئەودان، هەمووان گیرۆدەی بوون. هەر هەموو ماڵەکان، گۆڕەپانەکان، هەتا باخچەی سێدارەش، هەر هەموو بەلەمەکانی ناو ڕووباری فورات، هەر هەموویان پڕن لە ئاخ و ئۆف و هەناسەی عیشق، پڕن لە بەستە و گۆرانی. هەتا ئێستا سێ کوڕی ماڵە خانەدانەکان لەتاو ئەوینی ئەو کچە خۆیان هەڵداوەتە ناو ڕووبارەکە و خنکاون. خاوەن بانقەکانیش شیعری بۆ دەنووسن و فەرمانبەرەکانیش مۆسیقای بۆ دادەنێن.

(لە سەرەوە و بەسەر قاڵدرمەکانەوە، بەدەستە ڕاستدا نەجیب–ی خاوەن بانق دەردەکەوێت و کۆنە گیتارێکی بابلی بەدەستەوەیە.)

**نەجیب:**

سەردەمانێک هەر خولیا و شێتی پارە بووم
خولیای ئەوەی ئاخۆ حیساب لە چ ژمارەیەکە و..
نرخی شتەکان لە کوێ دەوەستێ
ئەمڕۆکەش دەڵێم: هەی نەفرەت لە زێڕ و زیو بێ



لەبری بەڵێن و کۆنتراکتی ناو بازاڕ
گیرۆدەی نازی کوروبی–م و هەمیشە گرفتار
گەرچی دۆڕاوم و زیانم بە سەدە و بە هەزار(*)

**پۆلیس:**

ئەها من چیم پێ وتیت؟

**نەجیب:**

ئیتر من تەواو... بایەخم بۆ هیچ نەما
کارم چییە بە ورچ یان بە گا
کوروبی گیان وا دەنێو دڵمدا
شکۆمەندی پووڵدار و بانق و سەرمایە
من هەر هەموویم تێهەڵدا
بێ دەربەستم و بۆ پێشەوە ملم نا.

**عاقی:**

(سەرسامە) ئەی لەو خەزنەدارە!

(لە سەرووی قاڵدرمەکانەوە و بەدەستە چەپدا عەلی وەدیار دەکەوێت و گیتارێکی بەدەستەوەیە.)

**عەلی:**

سەردەمانێک منیش شەرابم دەفرۆشت
شەرابی سوور... سوور
ئەوەتا ئێستاش بووم بەشاعیر
ئۆو... ئەی کچە زۆر جوانەکەی سواڵکەر

(*) دەسکاریم کردووە تاوەکو ئیقاعی هەبێ، چونکە لە دەقەکەدا بەرگی شیعری لەبەر رکراوە.

ببە بە یارم و دەپارێمەوە لێت:
دڵی خۆتم پێ ببەخشە ئەی دولبەر

**پۆلیس:**

ئەوەش شاعیرێکی دیکە.

**عاقی:**

عەلی... بازرگانی شەرابە.

**نەجیب:**

من سەرسامم عەلی... ئەی بازرگانی گەورەی شەراب کە تۆ بەهەمان کێش و سەروای من شیعران دەنووسی.

**عەلی:**

(بە فیزێکەوە) نەجیب-ی خەزنەدار ئەوەیان کێش و سەروای خۆمە.... دەبێت ببووریت.. هی خۆمە ئەو کێش و سەروایە.

**هەموو شاعیرەکان:**

(لەناکاو وەدەردەکەون) کێشی منە! کێشی منە!

(جارێکی دیکە ون دەبنەوە)

**عاقی:**

هەمان بەزمە. با کەسێک بۆ خۆی شیعران بنووسێت، لەپڕ کەسێکی دیکەی لێ پەیدا دەبێت و بە دزین تاوانباری دەکات.

(لە ناکاو پۆلیسەکە بڕیار دەدات و شیعرێک لە گیرفانی جانتاکەی دەردێنێت)

**پۆلیس:**

منی جوامێر... سەردەمێک بوو.. ببووم بەپۆلیسی هاتوچۆ



دڵسۆز و دەستپاک و دڵقایم و ڕاستگۆ
کەچی هەنووکە بۆ هەمیشە دڵم بۆ شۆخێک لێ دەدا
نازدارێکە کە بۆ من بووەتە پەرستگا

**عاقی:**

ئای لە نیبۆ-ی پۆلیس!

**پۆلیس:**

هەنووکە چی قەڵەباڵغی خەڵک و کەروبار هەن
ڕووەو بازاڕ و دوکانەکان ڕایاندەدەم،
وەلێ نازانم لە کوێندەرێ خۆ دەگرنەوە.
ئاخر کچۆڵەیەکی زۆر شیرین منی خستۆتە سەر هەلەکەسەما
چەند خەونیش بەوەوە دەبینم جوان لێم بێتە پێشێ و
بڵێ: دەی نزیک بەرەوە.

**عاقی:**

(دڵڕەقانە) ئەوە تۆ چیتە کابرا؟ من چاوەڕێم دەکرد کە تۆ ئەم ناوە لە شاعیرەکان پاک بکەیتەوە، گەسکێکی لێ بدەیت، نەک ژمارەیان پتر بێت و لێرە کەڵەکەیان بکەیت.

(پۆلیسەکە بە شڵەژانێکەوە شیعرەکە قەد دەکات. سەرەڕای ئەوەش کە بەدەم قسە کردنەوە پتر دەشڵەژێت ئەو کاتەی کە بازرگانی شەراب و کابرای خاوەن بانق بەلامسەرلایی مۆسیقا دەژەنن)

**پۆلیس:**

بمبوورە. کتوپڕ کەوتمە ناو ئەم دۆخەوە. لەڕاستیدا وەک خەڵک

دەیزانێت و باوە من کابرایەکی بێ دەم و پل و کڵۆڵم، وەلێ دوێنێ شەو کە مانگم بینی بەسەر ڕووباری فورات- هوە بەرز هەڵدەکشا، گەورۆنە و زیوین، هەر ئەو کاتە کوروبی-م کەوتەوە یاد، کە بینیم هەر کەسە و بەچوار دەوری منەوە سەرگەرمی نووسینی شیعرە، منیش لەناکاو بۆم هات و نووسیم. (دیسانەوە کڕنووش دەبات.) ئەی دەرۆزەکەرەکەم. من نێبۆ- م ناوە. لە شەقامی لوبنان خانوویەکی بچووکم هەیە. لە ساڵی تازەدا پلەیەک سەردەکەوم و دەمکەن بەباش چاوشی وێستگەکە.

(لە دەستە چەپەوە دوو کرێکار وەدەردەکەون)

**کرێکاری یەکەم:**

ئەوەتا... عاقی دەرۆزەکەر کە شەرەفی چینی کرێکاران دەپارێزێت.

**کرێکاری دووەم:**

هەڵبەتە لەناو تەرمدا.

**کرێکاری یەکەم:**

بەنوێژی نیوەڕۆ سەر دەکات بەهەموو کونێکدا و دەرۆزە دەکات گەورەی کرێکارەکانی بابل-ە.

**کرێکاری دووەم:**

کچەکەش چڵکنە و جل و بەرگیشی هەلاهەلایە.

**کرێکاری یەکەم:**

ئەوپەڕی شوورەییە.



**کرێکاری دووەم:**

لە هەمووی سەیرتر... زێڕ و زیو پەیدا دەکات و بە خاکەناس هەڵیاندەداتە ناو ڕووباری فوراتەوە.

**کرێکاری یەکەم:**

تەنها شاعیرەکان دەتوانن شتێکی لێ قازانج بکەن. هەر چەندە ئێمە ناتوانین شیعران بنووسین... هەتا گەر هەوڵیش بدەین.

(هەردووکیان بەو نیازە شیعر دەردێنن کە بە دەنگی بەرز بیخوێننەوە. عاقی تووڕەیە و لەناو تابووتەکەیەوە قیت دەبێتەوە.)

**عاقی:**

لە ڕاهی ئەو خوایە... واز بێنن.

**کرێکاری یەکەم:**

من سەرسامی ئەوەم ئاخۆ ئەم کچە جوانەی لەکوێ دەست کەوتووە.

**عاقی:**

من ئەم کچەم لە دەرۆزەکەرێکی بێ توانا و ناشارەزا دەستکەوت... ئەو دەرۆزەکەرەی نەیتوانی لە هەردووکتان یەک فلسی چنگ بکەوێت.

**کرێکاری دووەم:**

چ گەلحۆیەکی چەپەڵ بووە؟

**کرێکاری یەکەم:**

کەواتە ئەم کچەی لەکوێ دەست کەوتووە؟

**عاقی:**

لە چیرۆکێکی ئەفسانەیی دەچێت، گوایە فریشتەیەک لەگەڵ خۆیدا هاوردوویەتی و داوییەتی بەم، گوایە لە هەسارەی ئەندرۆمێدا– هوە فڕاندوویەتی بۆ سەر زەمین.

(شاعیرەکان دەردەکەونەوە)

**شاعیرەکان:**

فریشتەیەک؟

**هەموویان:**

دەقاودەق.

**شاعیرەکان:**

چ بابەتێکی تازە و سەنگینە بۆ نووسینی شیعر.

**عاقی:**

من زۆر بەتوندی مکوڕم لەسەر ئەوەی کە نەهێڵم کەس شیعری بەسەردا بهۆنێتەوە.

(شاعیرەکان ون دەبنەوە)

**کرێکاری یەکەم:**

دە باشە.. ئاخۆ مەرجە ئێمە بڕوا بەم شتانە بکەین؟

**نەجیب:**

لە هەسارەی "ئەندرۆمێدا" هوە. لە ڕوانگەی زانستییەوە شتێکی وا نابێ و ناکرێت.



(قاقای پێکەنینێک)

**کرێکاری دووەم:**

هەر هەمووی فریودانی خەڵکە. فریشتە و شتی وا لە گۆڕێدا نییە. ئەمەیان دەسکردی ئاخوند و قەشەکانە.

**نەجیب:**

من گومانی ئەوە دەکەم کە ئەم کچەیان فڕاندبێت.

**عەلی:**

هەقە پۆلیس لەم شتە بکۆڵێتەوە.

**پۆلیس:**

پۆلیس بروبیانوویەکی ڕەسمی بەدەستەوە نییە تاوەکو گومان لە هاتنی فریشتەکە بکات. بەپێچەوانەوە. ئەوە تەنها خوانەناسەکانن کە جێگەی گومانن.

(تابتم– ی سۆزانی لە دەستە ڕاستەوە بەقاڵدرمەکاندا دێتە خوارەوە)

**تابتم**

ئەمەیان شوورەیی تاوانە.

**عاقی:**

سڵاو... خانمی جوان و نازدار.

(سۆزانییەکە دەست بەسەر لەش و لاری کوروبی– دا دەهێنێت وەک ئەوەی کە ئەسپێک بێت.)

**تابتم:**

ئەم کچەش هەر ئادەمیزادێکە. ئاخۆ ددانی جوانتر و ساغترە

له کەسانی دیکە؟ بەلەک و ڕانەکانی تۆکمەترە؟ شێوە و ئاکاری جوانترە؟ بەهەزارەها کچی وا لەم دەوروبەرەدا هەن... لەویش هەرزانترن.

**کوروبی:**

دەستت لابە لەسەر من. من هیچ زیانێکم بۆ تۆ نەبووە.

**تابتم:**

هیچ زیانێکت نەبووە بۆ من... ها؟ گوێ بگرە ئێستا ئەی کچۆلە بەستەزمان و پاکیزەکە! گوایە دەتەوێت دەست لە بەرخۆڵەیەکی وەک تۆ نەدەم. ها! خەیاڵت خاوە... من دەستم لەتۆ ناکێشمەوە، چاکترە لەوە دڵنیا بیت. هەر هەموو بابلییەکان لەپێناو تۆ وازیان لە من هێنا، کەچی ڕووی ئەوەت هەیە خۆتم لێ بکەیت بە پاکیزەیەکی ئابڕوودار.

**کوروبی:**

کەس لەپێناو من تۆی بەجێ نەهێشتووە. من جگە لە دەرۆزەکەرەکەی نەینەوا کەسی دیکەم خۆش ناوێت.

**تابتم:**

تۆ دەرۆزەکەرەکەی نەینەوات خۆش دەوێت؟ تۆ چاوت خستۆتە سەر خاوەن بانقەکانی بابل، تۆ تەنها خەزنەدارەکان دەبینیت و بەس.

(هەوڵ دەدات قژی کوروبی ڕاکێشێت، بەڵام ڕووەو لای عاقی ڕادەکات.)

**کرێکاری یەکەم:**

واز لەو کچە بێنە... هەی سۆزانی.



**عەلی:**

وای لەو وشە ناشیرینانەی کە لەبەردەم ئەم کچۆڵەیە فڕێ دەدرێت... چ بێزەوەرە گەر فێری ئەم وشانە بێت!

**نەجیب:**

ئەم سەر بەماڵ و حاڵێکی تەواو جیاوازە.

**تابتم:**

ماڵ و حاڵێکی جیاواز؟ هەمیشە ماڵ و حاڵی من شیاوی خاوەنی بانقەکان و بازرگانانی شەراب بووە.

**عاقی:**

ئەی لە هەمووان شۆختر... تۆ بۆچی خۆت سەغڵەت کردووە؟

**تابتم**

تۆ بڵێیت ماڵ هەبووبێت لە ماڵەکەی من پڕ ڕێز و نهێنی پارێزتر؟ بۆ لە هەموو بابل- دا کەس هەیە سینە و مەمکی لە هی من جوانتر بێت؟

**عاقی:**

من تێناگەم ئاخۆ ئەم قسانەی تۆ چ پەیوەندییەکی بەکوروبی- ییەوە هەیە؟

**تابتم:**

تووشی زۆر گرفت و کێشە بووم و خۆم زۆرم هەوڵدا تا ئاواهی گەنج و جوان بمێنمەوە. پارێزم دەکرد، هەمیشە خۆم دەشۆری و مەساجم دەکرد. ئاکامەکەی چی بوو؟ ئەو کاتەی ئەم کچە پەیدابوو، هەر هەموو عاشقەکانم وازیان لە من هێنا و کەوتنە شیعر نووسین.

**نەجیب:**

(لە سەرەوەڕا و بەدەستە ڕاستدا) کوروبی ئەو ڕۆح سرووشەی پێ بەخشین کە کاری جوانتر بکەین.

**عەلی:**

(لە سەرەوەڕا بەدەستە چەپدا) سیحری لێ کردووین.

**کرێکاری یەکەم:**

ئێستاکە دەزانین کە ئێمە بۆچی ڕەنج دەدەین.

**کرێکاری دووەم:**

هەفتەی بۆ درهەمێک.

**پۆلیس:**

ئەم کچە ورەی داوینەتێ.

(نەجیب، عەلی، کرێکارەکان و پۆلیسەکە زۆر هێواش و دڵگیرانە، بەیەکەوە، ستران دەچڕن)

**هەموویان:**

زۆر ڕاستە. چ گڕ و کڵپەیەک وا لە ناخەوە داگیرساوە و ناکوژێتەوە.. هەڵایساوە.

**عاقی:**

من چیدی جێگەی شاعیر و ماعیر لە ماڵەکەی خۆمدا ناکەمەوە.

(شاعیرەکانیش دەردەکەونەوە و لەگەڵ ئەوان دەکەونە گۆرانی چڕین.)



**شاعیرەکان:**

مرۆڤایەتی هەرگیز خۆی بڵند نانوێنێ
تەنها ئەو کاتە نەبێ کە لەتاو عیشق
ترپە و کوتە کوتی دڵ خێراتر دەبێ
ئەو کاتەیە کە ڕۆحی شەڕ وەلا دەنرێ
تەنها پاکی و ڕاستی دێنە گۆڕێ.

**تابتم:**

کەواتە ئێوە هەمووتان ورەتان بەرزە... وا نییە؟ ئاخۆ مەرجە من بڕوا بکەم؟ گەر وابێت... ئەم شتە بچکۆلەیە بۆ خۆشی من نەهاتووە. ئێمە لە پیشەی خۆماندا خزمەتگوزارین و دڵسۆز بەخەڵکی.

(لە لای چەپەوە هەردوو ژنی کرێکارەکان دەگەنە جێ. شاعیرەکان دەترسن و ون دەبن.)

**ژنی یەکەم:**

کەواتە پیرەمێردەکەی من لەژێر پردی گلگامش- دا کار دەکات و بەردەوامە، لەم دەوروبەرە کە پیسترین شوێنە... وا نییە؟

**کرێکاری یەکەم:**

بەڵام ئازیزەکەم، تەنها ڕێکەوت وای کرد لێرە تێپەڕم... گیانەکەم.

**ژنی دووەم:**

مێردەکەی منیش هۆ ئەوەتا.

**کرێکاری دووەم:**

جا ئەوەیان چ پەیوەندی بەتۆوە هەیە؟ دەتەوێ خەڵکی لەوە

ئاگادارم کە زوو زوو دەچوویتە ژوانی سکرتێری ئەو ڕێکخراوە؟

(پۆلیسەکە بڕیاری خۆی دەدات لە کوروبی نزیک دەبێتەوە، ئەویش پەنا دەباتە بەر عاقی کە لە ناو تابووتەکە دانیشتووە، کوروبی خۆی لە پەنا تەرمەکە مەڵاس دەدات.)

**پۆلیس:**

هۆ کچەکە.. من ناوم ئێبۆ- یە. لە شەقامی لوبنان خانوویەکی چکۆلەم هەیە. لە ساڵی تازەدا دەبمە بەرپرسی بنکەکە. لە بنەماڵەکەی ئێمەدا هەر هەموو پیاوەکانی مێردی چاکن. گەر بکرێ و بڵێم لە خانەوادەکەی خۆمان ناو و ناوبانگمان زۆر پاکە. زۆر بەختەوەر دەبیت. من تا ئەوپەڕی ئارەزوومە کە تۆ بەتەواوەتی...

**کرێکاری یەکەم:**

(دێتە پێشەوە) خاتوون... من ناوم (حەسان)ە. من ئارەزوویەکی کوشندەم هەیە کە بەتەواوی بەختەوەرت بکەم. زۆربەی کات لە لادێ دەژیم، هەڵبەتە خاوەن بەشە سامانی خۆمم. ژنەکەم ئەوەتا لێرەیە و ئامادەیە باشترین ژوورت بۆ بڕازێنێتەوە. ژیانێکت دەبێت دوور لە دەرد و نەخۆشی، ژیانێکی سادە، وەلێ ژیانێک پڕ لە ڕەزامەندی.

**ژنی کرێکاری یەکەم:**

ئەم پیاوەم تەواو عەقڵی تێکچووە.

**کرێکاری دووەم:**

(ئەویش دێتە پێشەوە) خانم من سندباد- م. تۆ ڕەگ و ڕیشەت



دەگەڕێتەوە سەر چینی پرۆلیتاریایەکی ڕاستەقینە. پیرێژنەکەی منیش ئامادەیە کە چاکترین ژوورت بۆ بڕازێنێتەوە. من بەرچاوت ڕۆشن دەکەمەوە. وات لێدەکەم شارەزای فڕوفێڵی سەرمایەدارەکان بیت. شەو و ڕۆژ بەبێ وەستان کار بۆ ئەوە دەکەم کە تۆ ئامادە بکەم بۆ بەشداریکردن لەو خەبات و تێکۆشانە مەزنەی چینی کرێکاران.

**ژنی کرێکاری دووەم:**

خۆ ئەوە مێردە پیرەکەی منیش سەری لێ تێکچووە. (لە دەستە ڕاستەوە فرۆشیاری شیری کەر دەردەکەوێت و لەبەردەمی کوروبی دەکەوێتە سەر ئەژنۆ و کڕنۆش دەبات.)

**جەمیل:**

من جەمیل-م ناوە... کچەکە. من ئەپارتمانێکی خۆم هەیە لە دەوروبەری فورات. لە نهۆمی شەشەم دەژیم، گەر حەزت لێیە ماڵەکەم بەسەر باخچەی سێدارەدا دەڕوانێت و ئەپارتمانەکە ئەسانسێریشی هەیە. لەوێندەرێ هەناسەی خۆش هەڵدەمژیت، هەوای چینی ناوەڕاست، هەوایەکی پاک کە دڵخۆشت دەکات.

**ژنەکان:**

شار بەدەری کەن. ئەم کچە شار بەدەر بکەن.

(عەلی و نەجیب نزیک دەبنەوە)

**عەلی:**

خانمەکەم... من عەلی- م، خاوەنی کارگەی عەلی بۆ بازرگانی شەراب، لەسەر کەناری دیجلە خانویەک و ڤیلایەکم هەیە.

ئەوەی تۆ گەرەکتە خانمەکەم دیوارێکە، دیوارێک پشتی پێوە بدەی، من ئەو دیوارەم، دەتوانیت بمکەی بە پشت و پەنای خۆت. من دڵنیام لەوەی کە دەتوانم تۆ...

**شاعیرەکان:**

(دیسانەوە دەردەکەونەوە) کوروبی هی خۆمانە، کوروبی سەر بەئێمەیە.

**نەجیب:**

هۆ پاکیزە... من نەجیب–م، بەڕێوەبەری کارگێڕی هەر هەموو بانقەکان... گەورەترین بانقەکانی دونیا، بەناوی بانقی نەجیب و کوڕەکانی، بەڵام ئەوەیان زۆر گرنگ نییە. هەموو کۆشک و تەلارەکانم، بەشە پارە و سامانم، هەر هەموو موڵک و ماڵی لادێم بفەوتێن و نەمێنن، ئەوەی کە گرنگە تۆ دڵێکت دەوێت، دڵی پیاوێکی زیندوو، عاشق، دڵسۆز و میهرەبان، ئەوەتا ئەو دڵەش وا دەنێو سینەی مندایە و کوتە کوت لێدەدات.

**ژنەکان:**

شار بەدەری کەن... ئەم کچە شار بەدەر بکەن.

**شاعیرەکان:**

(بەیەکەوە) ئەم کچە هی خۆمانە، کوروبی سەر بەئێمەیە.

(کە هات و هاوار و غەڵبەغەڵبەکە دەگاتە چڵەپۆپە، لە ناکاو فریشتەکە وەدەردەکەوێتەوە، بەسەر گلگامش– ەوە ڕوونیشتووە، قژی بەخاشخاش و گەلای سنەوبەر و مازوو ڕازاندۆتەوە، باوەشیشی پڕە لە گوڵەبەڕۆژە و چڵ و چێوی درەختەکان.)



**فریشتە:**

کوروبی... ڕۆڵەکەم کوروبی.

**هەموویان:**

(بەترسەوە) فریشتەیەک!

(هەر هەموویان وای بۆ دەچن کە کوروبی بکەوێتە سەر زەوی و ئەوانیش گەرەکیانە خۆیان بشارنەوە.)

**کوروبی:**

فریشتە! فریشتەکەی من!

**فریشتە:**

کچە شیرینەکەم... هەر بەرێکەوت بەسەر ئەم ناوەدا فڕیم، دەنێو ئەم خەڵکە کەیفخۆشەدا چاوم بەتۆ کەوت.

**کوروبی:**

فریشتەکەم... یارمەتیم بدە.

**فریشتە:**

وای لەم زەوییە کچەکەی خۆم... زەوی... چ دۆزینەوەیەکی سەراسیمەیە... چ بەهادارە! من خۆشبەختانە گەشتی بەناودا دەکەم. بەسامێکەوە گیانم پڕ بووە لە موچوڕکە و تەزوو. سەرسامی دوای سەرسامی لە ناوەوەڕا ڕۆشنم دەکاتەوە، هەر دەڕۆم و دەگەڕێم و ورد دەبمەوە... پتر یەزدان دەناسم. بەدەست خۆم نییە کە حەز دەکەم هەموو شتێک بپشکنم و تاقی بکەمەوە، لێرەوە بۆ ئەوێ دەفڕم و شەیدام، پڕم لە هەڵچوون و داچوون، سەرسامم، زانیاری کۆدەکەمەوە و

سەرنجەکانم دەنووسم. شەو و ڕۆژ، بێ وەستان، بێ ماندوو بوون دەکەومە دوای شیکردنەوە و لێکۆڵینەوەکانی خۆم. لەگەڵ ئەوەشدا تا هەنووکە نەچوومەتە ناو قووڵایی دەریا، ناو هەموو ئەو ئاوەی کە دەوری داوین. من بەتەنها شارەزای تەوەری باکوور و دەڤەرەکانی ناوەڕاستم. ئاه سەیری کە... چیم لەوێندەرێ دۆزیوەتەوە: ئاونگی بەستوو.

(چلوورەیەکی بەدەستەوەیە و بەرزی دەکاتەوە.)

من وەک خۆرناسێک هەرگیزاو هەرگیز شتی وا نایابم نەبینیوە.

**کوروبی:**

دەرۆزەکەرەکەی نەینەوا منی بەجێهێشت... هۆ فریشتەکەم. من ئەوم خۆش دەوێت و کەچی ئەو فەرامۆشی کردم.

**فریشتە:**

سەر لێتێکچوونە کچەکەم... تەنها سەر لێتێکچوونە. گەر بتوانیت تەنها ئارامت هەبێت، خۆی دەگەڕێتەوە لات. زەوی ئەوەندە جوانە کە وا دەکات هەموو کەسێک سەراسیمە بێت و سەری لێ بشێوێت.. هەتا کەمێکیش بێت. ئەوەیان چاوەڕوانکراوە. کێ هەیە لە جوانی شینایی ئاسمان ڕابمێنێت، لە ڕەنگی سووری گڵ و یان بریسکەی زیوینی جۆگەلەکان سەری لێ تێک نەچێت؟ هەر خودی ئەو وردبوونەوە و تێڕامانە وا دەکات کە مرۆڤ نوێژیان بۆ دابەستێت. سەرەڕای ئەو هەموو دارودرەختە... ئەو هەموو ڕووەک و گیاندارە. هەتا مرۆڤەکان ڕەنگی جیاوازیان هەیە. سەیری ئەو زەنبەقە



سپییانە... ئەو شێرە زەردباوانە و ئەو ئاسکە قاوەیییانە. تەنها سەیری ئەوە بکە و بزانە چ پەرجوویەکە(*). (گوڵەبەڕۆژەیەک بەرز دەکاتەوە) شتی لەم بابەتە نە لەسەر ئەستێرەی ئالدیباران، نە لەسەر کانوپوس و نە لەسەر ئارکوتوری نادۆزرێتەوە.

**کوروبی:**

پیاوان دژی من پیلان دەگێڕن و دەیانەوێت بەتەڵەوە بم... فریشتەکەم. من بوومەتە مایەی ناخۆشی و خەم بۆ شاری بابل. فورات لەگەڵ خۆیدا فرمێسکان دەبات و دەیڕێژێتە ناو دەریاوە. چ خۆشەویستی بێت و چ ڕق، هەردووکیان من دەکوژن.

**فریشتە:**

کچە شیرینەکەم... هەر هەمووی چاک دەبێت. هەمووی باش دەبێت. (باڵەکانی دەکاتەوە بۆ فڕین.)

**کوروبی:**

فریشتەکە... جێم مەهێڵە. لەگەڵ مندا بمێنەرەوە. بەو هێزەی ئاسمان پێی بەخشیویت یارمەتیم بدە. بمبەبۆ لای خۆشەویستەکەم.

**فریشتە:**

دەبێت من لەسەر ئەم زەوییە کەڵک لە هەموو چرکەیەکی خۆم ببینم. مەرجە خولیای هەر شتێک بم کە پێویستە. هەر زوو بەزوو بگەڕێمەوە سەر هەسارەی ئاندرۆمێدا تاوەکو لەسەرخۆ بەنێو خۆرە سوور و مەزنەکاندا بفڕم. کچە شیرینەکەم...

(*) پەرجوو: موعجیزە.

مەرجە لەهەموو شتێک ورد ببمەوە. من تەواو سەرگەرمی
درکاندنی دۆزینەوە تازەکانم:

لە هەموو کیشوەرەکاندا، بەسەر زەریا شینەکاندا
سەرسام و بەشەوارە کەوتووم.. بەڕێگای زیوینی خۆمدا..
پێچاوپێچ هەڵفڕیوم..
بەسەر گردۆڵکەکاندا، کێڵگەکان و بەنێو درەختەکاندا
بەرز دەفڕم بەنێو هەورەکاندا
یان تێدەپەڕم بەژێریاندا
هێواش هێواش بەدوو باڵی کراوەوە
نوقمی سەرسامی بەجوانی پڕ ئەفسوونی
بێ کۆتایی سەر زەمین

**عاقی:**

(بەبێزارییەوە) ئەویش حەزی لە شیعرە... هاتە ناو هەڵقەکەوە.

**فریشتە:**

ئەوەی وا دەنێو ئەستێرەکاندا کوێر و بێ شێوەیە
دەنێو ڕۆحی دڕندەکان و گوڵەکاندا بەرجەستەیە
من سەرسام و سەرمەست بەهەر دیمەنێک کە بینیم
بەنێو ڕۆشناییەکدا کە بەشەوارەی خستم..
بەرز و نزم من هەڵفڕیم.

**کوروبی:**

هۆ فریشتەکە مەڕۆ... مەڕۆ... لێرە بمێنەرەوە.



**فریشتە:**

ماڵئاوا کوروبی... ڕۆڵەکەم ماڵئاوا. (بەدەم خۆ ونکردنەوە) ماڵئاوا.

(کوروبی دەکەوێتە سەر ئەژنۆ و دەموچاوی خۆی دەشارێتەوە. زۆر لەسەرخۆ هەر هەموویان هەڵدەستنە سەر پێ، زەرد هەڵگەڕاو و پەڕپووت.)

**شاعیرەکان:**

(کە هەموویان بەئاگادارییەوە لەنێو تەرمەکانەوە سەر دەردێن)

کەواتە ئەم بەڕاستی فریشتە بوو.

**جەمیل:**

(بەدەم زمان گیرانەوە) بەنوێژی نیوەڕۆ.

**پۆلیس:**

(ئارەقەی سەر تەوێڵی دەسڕێتەوە)

کەچی بەسەر تەوقە سەری پاڵەوانی نەتەوەییمانەوە هێمن و سەلار دانیشت.

**کرێکاری یەکەم:**

(هەروەک ئەوەی هێشتا خەون ببینێت)

پەیامنێرێکی جوان و شکۆداری یەزدان.

**ژنی یەکەم:**

(هەروەک ئەوەی ئەویش لە خەونێکدا بێت) پڕ و تەواو... پەڕ و باڵ ڕەنگین.

**کرێکاری دووەم:**

هەروەک شەمشەمەکوێرەیەکی ناقۆلا بەدەوری سەری منەوە باڵەفرەی بوو.

**نەجیب:**

من زەنگێک بەکڵێسا دەبەخشم. ناوی دەنێم زەنگی نەجیب.

**عەلی:**

ژەمە نانی خۆڕایی. بەناوی خەڵات و بەخششی عەلی بۆ پیاوانی ئایینی.

**ژنەکان:**

چی گوناهمان کردووە دانی پێدا دەنێین.

**جەمیل و کرێکارەکان:**

هەر هەموومان یەکسەر دەبینە عیساپەرست و خۆمان دەدەینە پاڵ کڵێسای میری.

**پۆلیس:**

سوپاس بۆ خودا کە من میوانی هەمیشەیی کڵێسام.

**نەجیب:**

هۆ خەڵکی بابل! لە ئاسمانەوە فریشتەیەک دابەزیوەتە لای ئێمە. ئەوەیان ساتەوەختێکی زۆر گرنگە بۆ تێڕامان. وەک خاوەن بانقێک... کەسێک کە بەوە ناسراوم لەسەرخۆ بڕیار لەسەر شتەکان دەدەم... پێویستە پێتان بڵێم کە ئێمە لە بارودۆخێکی زۆر ناسکدا دەژین.



**کرێکاری یەکەم:**

کرێ و نرخی شتەکان کەم دەبنەوە.

**جەمیل:**

بەڵام فرۆشتەنی شیری مانگا بەرز دەبێتەوە.

**عەلی:**

ئەوساش بازاڕی شەراب ڕووی لە کزی دەبێت.

**نەجیب:**

سەرباری هەموو ئەوانەش... دەغڵ و دانیش خێری نابێت.

**ژنی یەکەم:**

بوومەلەرزەش.

**کرێکاری دووەم:**

ڕەوە ڕەوە کوللە بەسەرماندا دەبارێت.

**نەجیب:**

بۆرسە و بازاڕی پارە گۆڕینەوەش قەت جێگیر نابێت. ساڵی پار دەردە ئاوڵە بڵاوبۆوە. پێراریش تاعوون. ئەم هەموو دەردە نیشانەی چین؟ هەمووی سزای ئەوەیە کە باوەڕمان بەئاسمان نەماوە. هەر هەموومان، کەم و زۆر، خودا ناناسین. هەنووکە خودا لە بەرگی ئەم فریشتەیەدا گەرەکییەتی خۆیمان پیشان بدات. چارەنووسی ئێمەش لەم کاتەدا بەوەوە بەندە کە ئێمە چۆن ڕەفتار لەگەڵ ئەم کچە دەکەین کە فریشتەکە هێناوییەتیە سەر زەوی، لە هەسارەی ئاندرۆمیدا– ەوە دابەزیوە.

**جەمیل:**

نابێت ئەم کچە لەمەودوا برسی و هەژار بێت.

**کرێکاری یەکەم:**

مەرجە لەم دەرۆزەکەرەی بستێنینەوە.

**کرێکاری دووەم:**

مەرجە لەو شاعیرانە دووری بخەینەوە.

**نەجیب:**

با ئێمە بەرێز و شکۆمەندییەوە ڕەفتاری لەگەڵدا بکەین، گەورەترین پلە و پایەی کە لە هێزی ئێمەدایە پێ ببەخشین، ئاواهی ئاسمانیش لێمان قایل دەبێت، با بیکەین بە شاژنی خۆمان بیخەینە سەر تەخت. ئەگینا دەبێت لەوە خەراپترمان بەسەر بێت. ناکرێت لەوە پتر خۆمان بخەینە بەر تووڕەیی و نەفرەتی ئاسمان. ئەوەندە نابێت تۆفانی گەورە زیان و دەرد و ئازاری دونیای پیشاندابن. لەوانەیە دووچاری قەیرانێکی ئابووری بین کە کارەسات و نەهامەتی گەورەترمان بۆ بێنێت.

**ژنی یەکەم:**

با ئەم خاتوونە بەرین بۆ پادشا کە خەڵاتی ئاسمانە!

**هەموویان:**

بۆ کن نەبوخز نەسر.

**کرێکاری یەکەم:**

ئەوسا دەبێت بە شاژنی ئێمە.

**هەموویان:**

شاژنی ئێمە.



**شاعیرەکان:**

مەڕۆ کوروبی... لەگەڵ ئێمە بە.

**کوروبی:**

من لەلای تۆ دەمێنمەوە عاقی سواڵکەر، لە تەک تۆ و لەژێر ئەم پردەدا، لەسەر کەناری ڕووباری فورات– نزیک بە دڵەکەت.

(دێتە سەر ئەوەی کە خەڵکەکە هەڕەشە بکەن.)

**چەندەها دەنگ:**

ئەم دەرۆزەکەرە فڕێ بدەنە ناو ڕووبارەکە و....

(هەر هەموویان پەلاماری عاقی دەدەن، بەڵام پۆلیسەکە هەردوو دەستی ڕادەوەشێنێت و تووڕە دەبێت، دواجار ئەو خەڵکە ڕاگیر دەکات.)

**پۆلیس:**

کابرای دەرۆزەکەر... تۆ لە هەستی من ئاگاداریت. تۆ دەزانیت کە من خاوەنی خانوویەکی چکۆلەی خۆمم کە کەوتۆتە شەقامی لوبنان و دەشزانیت کە خاوەنی دەستەڵاتی خۆمم، دەشتوانم کوروبی بەختەوەر بکەم، هەڵبەتە بەگوزەرانێکی مامناوەندی. لەگەڵ ئەوەشدا... ئەرکی سەرشانمە کە ئەم کچە بگەیەنمە بەردەمی پادشا، ئەرکی تۆش ئەوەیە کە وازی لێ بێنیت کە لەگەڵ مندا بێت. (ئارەقەی سەر دەم و چاوی دەسڕێتەوە.)

**خەڵک:**

بژی پۆلیس.

**کوروبی:**

فریام کەوە... عاقی.

**عاقی:**

ناتوانم یارمەتیت بدەم کچە شیرینەکەم. دەبێت ماڵئاوایی لە یەکدی بکەین. بۆ ماوەی دە ڕۆژ دەبێت بەم جلە شڕ و دڕاوانەوە بەجووتە بەناو شەقامەکانی بابل- دا دەگەڕێین، بەنێو کووچە و کۆڵانەکاندا، شەوانیش دەخەوتیت، هێواش هەناسەت دەدا، دەنێو تابووتە گەرمەکانی مندا، شاعیرەکانیش بەدەم نرکە و ناڵەوە بەچوار دەوری تۆدا دەهاتن و دەچوون. هەرگیز بۆم نەڕەخساوە وا زیرەکانە دەرۆزە بکەم. سەرەڕای هەموو ئەو شتانە من و تۆ ناچارین یەکدی بەجێ بێڵین. من هیچ هەقێکم بەسەر تۆوە نەماوە. تۆ هاتیتە لای من، وەک بەشێک لە ئاسمان، گرەوێکی ڕێکەوت بوو، پێمەوە نووسای، هەروەک کەیفخۆش و دوور لە گلەیی، تا ئەو کاتەی تەوژمێک "با" هات و تۆی لە من دوور خستەوە.

(سەری نەوی دەکات.)

**کوروبی:**

من دەبێت گوێڕایەڵی تۆ بم... عاقی خۆم. تۆ داڵدەی منت دا. تۆ نانت دامێ کە برسی بووم و شەرابت دامێ کە تینوو بووم. کە دەترسام... گۆرانی خۆشت بۆ من دەچڕی، کە نائومێد و پەرێشان دەبووم، تۆ چەپڵەت لێ دەدا و هەردوو پێت بەئیقاعەوە لە زەوی دەکوتا بەجۆرێک کە وام لێ بکەیت سەما بەدەوری تۆدا بکەم. کە سەرماشم دەبوو تۆ بەجبەکەی بەرت منت دادەپۆشی، کە ماندووش دەبووم منت دەخستە سەر ئەو بازووە بەهێزانەت لەژێر خۆری سووتاوی دەمە و ئێواران. من تۆم



خۆش دەوێت وەک ئەوەی باوکی خۆم خۆشبوێت. وەک چۆن بیر لە باوکی خۆم دەکەمەوە، ئاوهاییش بیر لە تۆ دەکەمەوە. کەواتە... من ناتوانم چیتر بەرگە بگرم و بەرەنگاریان ببمەوە گەر بیانەوێت بمبەن.

(سەری نەوی دەکات.)

**عاقی:**

بڕۆ کن نەبوخز نەسر- ی پادشا ڕۆڵەکەم.

**شاعیرەکان:**

لەگەڵ ئێمە بمێنەرەوە کوروبی... لەگەڵ شاعیرەکانی خۆت.

**خەڵک:**

دەی... بەرەو لای نەبوخز نەسر... نەبوخز نەسر.

(ڕووەو دەستە ڕاست مل دەنێن و کوروبی لەگەڵ خۆیاندا ڕاپێچ دەکەن.)

**شاعیرەکان:**

کەواتە ئەو هیوایەی کە تامی تامی پێ دەکردین
نەهات و لێمانیان فڕاند... ئەو خەڵاتە خواهانەیەی...
کە بۆی دەگەڕاین..
خواگرتوو... نەفرەت لێکراو جێماین... کۆمەڵی هیچ و پووچ
جگە لە خانووی داڕووخاو، لاشەی مردوو..
شەمشەمەکوێرەکان... هیچ نەمان.

**کوروبی:**

عاقی ماڵئاوا... هۆ شاعیرەکانم ماڵئاوا.

**شاعیرەکان:**

وەک مشک و جرجەکان گەند و گووی ناو زێرابەکان دەخۆین،
هیواخوازیشین خودا گوێی لە تکا و نوێژی پڕ دەرد و ئازاری ئێمە بگرێت،
وا بکات ئەو پاکیزەیە بمێنێتەوە و جێمان نەهێڵێت،
ئێمە بینیمان کە چۆن فریشتەکە دوور هەڵفڕی
لەدەست چوو ئەو خێر و بێرە خواهانەیەی کە بۆی بەعەزرەتەوە بووین،
ئێمەی شاعیران کە مرۆڤەکان سووک دەمانبینن.

**خەڵک:**

(لە دوورەوە) کوروبی... شاه بانووی ئێمە...

(عاقی لە ڕیزی خەڵکەکە بەخەمەوە دانیشتووە و شۆرباکەی بەردەمی تێکدەدات.)

**عاقی:**

من هیچ ناڵێم دژی گلەیی پڕ لە مۆسیقا و نەوای ئێوە، وای لە شاعیران... تەنها ئەوە نەبێ کە زێدەڕۆیی دەکەن. بەدەم وتنی سترانەوە دەبێژن- " وەک جرج و مشکەکان گەند و گووی ناو زێرابەکان دەخۆن." کەچی خۆتان بەکەیفەوە دادەنیشن و لە هەمان لەگەنەکەی من شۆربا هەڵدەقوڕێنن. نائومێدی ئێوە لای من پەسند نییە. هونەری چێشت لێنان کە جوان ساز و ئامادە بکرێت، تا کە توانا و شارەزابوونێکی مرۆڤە کە جگە لە ستایش هیچی دیکە هەڵناگرێت، هەق نییە شاعیران بەناشیرینی لێی بدوێن.



(بەدەستە چەپدا پیرەمێردێک بەپەیژەکەدا دێتە خوارێ، درێژ و لاوازە و جل و بەرگی ڕەش و فەرمی لەبەردایە. جانتایەکی چکۆلانەی بەدەستەوەیە.)

**پیرەمێرد:**

سڵاو لە تۆ عاقی... سڵاو.

**عاقی:**

تۆ چیت دەوێت؟

**پیرەمێرد:**

ئەم کچە پیاو هەناسەسوار دەکات.. ئاخر زۆر چۆتە پێشێ و گۆڕاوە. وات لێ دەکات سڕ و گێژ بیت. لەسەر پردەکەوە بینیم کە ئەوان کچەکەیان وەپێش خۆدا بوو... دووریان دەخستەوە.

**عاقی:**

(بەتووڕەییەوە) من دەمتوانی ئەو کچۆڵەیە بکەم بەباشترین دەرۆزەکەر لە دونیادا، بەجۆرێک کە دەنێو توخمی ژناندا وێنەی نەبێت، بەڵام ئەوەتا هەنووکە دەبێت بە شازادە.

**پیرەمێرد:**

کەواتە پادشا مارەی دەکات و زەماوەندێکی سەیر و شێتانە ساز دەکەن.

**عاقی:**

(تووڕەیە) نەبوخز نەسر دوو دەستکێشی منداڵانە دەکاتە دەستەکانی و ئەوسا دەستی دەگرێت.

**پیرەمێرد:**

کە ئەوەندە پڕی... مەچۆرە ئەوێندەرێ. کاتێک ئەو دیمەنەم بیر

دەکەوێتەوە چۆن چۆنی پادشا ئەم خانمۆڵەی خستبووە بەر پێیەکانی، تەواو دەترسێم و دەپرسم ئاخۆ چارەنووسی ئەم کچە لە شەوانی ئایندەدا چۆن بێت.

**عاقی:**

پادشا کوروبی خستبووە ژێر پێیەکانی خۆی؟

**پیرەمێرد:**

لە کەنار فورات– دا.

**عاقی:**

کەناری فورات؟

**پیرەمێرد:**

هەر لەو بەرەبەیانەدا.

**عاقی:**

(هەڵدەبەزێتەوە) دەرۆزەکەرەکەی نەینەوا پادشا بوو؟

**پیرەمێرد:**

خۆی بوو. خۆم بینیم خاوەن شکۆ خۆی لە بەرگی دەرۆزەکەردا شاردبۆوە.

**عاقی:**

ئاخر بۆچی؟

**پیرەمێرد:**

تاوەکو قسەت لەگەڵدا بکات و قایلت بکات بەوەی کە ببیت بە فەرمانبەر. پاشان فریشتەکە ئەو کچۆڵەیەی هانی و کردی بەخەڵاتی پادشا. ساتەوەختێکی شکۆدار بوو، زۆر پیرۆز.



**عاقی:**

(دەموچاوی دەسڕێتەوە، ترساویشە)

ساتەوەختێک کە دەکرا چارەنووسێکی ڕەش چاوەڕێم بکات. دیسانەوە بەختم هەبوو کە هیچم لێ نەهات. (بەگومانەوە دەپرسێت) ئەی تۆ کێیت؟

**پیرەمێرد:**

ئەو کەسەم کە مرۆڤ بە سێدارە دەسپێرم.

(شاعیرەکان ون دەبن)

**عاقی:**

خۆشحاڵم بە ناسینت. (تەوقەی لەگەڵدا دەکات.)

**پیرەمێرد:**

ئەی تۆ چۆنیت؟

**عاقی:**

جلی موفتیت لەبەردایە.

**پیرەمێرد:**

هەڵواسینی دەرۆزەکەران بە جلی ڕەسمییەوە قەدەغەیە. ڕێنمایی و یاساکان زۆر توندوتیژن.

**عاقی:**

حەزت لە شۆربایە بەگۆشتی گا؟

**پیرەمێرد:**

چییە... فڕوفێڵ و تەڵەیە. بڕوا ناکەم پێویستم پێی هەبێت.

**عاقی:**

(بە دڵپاکییەوە) فڕوفێڵ و... تەڵە بێت؟

**پیرەمێرد:**

تۆ ئەوەندە نابێت کە لە دەست جەللادەکەی (لاماش) ڕاتکردووە، جەللادەکەی (ئەکەد) و جەللادەکەی (کیش).

**عاقی:**

ئاخر ئەوان جەللادی دۆقەکان بوون.. هی پادشا نەبوون. من ڕێگە بەو جۆرە جەللادانە نادەم... جگە لە جەللادی پادشا کەس بۆی نییە هەڵمواسێت. پایە بەرزەکەیان باشترینیانە. وەک ڕێز و شکۆیەک حەز دەکەم شۆرباکەت پێشکەش بکەم...بەگۆشتی گا– وە.

**پیرەمێرد:**

دڵنیایە... ڕێزداری. مووچە کەمەکەم وای لێ کردووم خەراپترین جۆری خۆراک بخۆم. مەگەر لە خەڵکییەوە گوێم لە شۆربای بەگۆشتەوە بووبێت.

**عاقی:**

من ئەوەندە کۆنم کە داڕزاوم... کۆنترین دەرۆزەکەر کە لەسەر عەرشی سواڵکەری هەموو دونیادا دانیشتبێت.

**پیرەمێرد:**

(زۆر بەوریاییەوە دادەنیشێت) تۆ دڵنیای کە ئەوەیان تەڵە نییە؟

**عاقی:**

هەڵبەت دڵنیام.

**پیرەمێرد:**

من بەدرەفتار نیم. نە بەرتیل و نە زێڕ و نە هەوەسبازی.. کارم



تێناکەن... بۆ من هیچیان هیچ نین وەک ئەو ئاوەی کە لەسەر پشتی مراوی ناوەستێت. جارێکیان کە هێشتا گەنج بووم... دەبوو ملی ئەندامانی تەواوی خێڵێک بکەم بە پەتدا لە (میسیا) دا. مێگەلە مەڕ و بەگاڕان ڕەشەوڵاغیان کرد بەخەڵاتم، بێ سوود بوو. لەبەر زەردەپەڕی ئێوارەدا هەر هەموویانم ڕیز کرد و بەهەزارەهام هەڵواسی.

**عاقی:**

زۆر باش بڕوات پێ دەکەم.

**پیرەمێرد:**

حەز دەکەیت تاقیم بکەیتەوە؟

**عاقی:**

نا... هیچ مانایەکی نییە.

**پیرەمێرد:**

تاقیم بکەرەوە. تکات لێدەکەم. وەک هیچ نایڵێم... تەنها بۆ ئەوەی بزانیت چەندە ڕاستگۆ و بێگەردم.

**عاقی:**

دە باشە گریمان من کچێکی جوان و جحێڵ و خرپنم پێشکەش کردیت؟

**پیرەمێرد:**

مێش میوانم نییە.

**عاقی:**

ئەی بۆ کوڕیژگەیەکی جوان و لووس و مناڵکار چ دەڵێیت؟

**پیرەمێرد:**

(بسکەی سمێڵی دێت) ڕەقم وەک بەرد.

**عاقی:**

دەمەوێت بەگوێتدا بچرپێنم و بڵێم هەر هەموو سامان و گەنجینەی خۆم لەناو ئاوی فوراتدا شاردۆتەوە.

**پیرەمێرد:**

بەلامەوە گرنگ نییە. تۆ هەر سێدارە چاوەڕێتە. (زاڵ و سەرکەوتووانە) لەلای خەڵکی بەکابرای دەستپاک ناسراوم کە هەرگیز بەرتیل فریوم نادات.

**عاقی:**

لە پاداشتی ئەو هێز و توانایەت تۆ شایستەی باشترین پارچە گۆشتیت بەشۆرباوە!

(بە چەمچەیەک لە قابلەمەکە دەدات کە وەک زەنگ دەنگ دەداتەوە. شاعیرەکان پەیدا دەبنەوە.)

**شاعیرەکان:**

ئەم زەنگە... چ ئاوازێکی ئاسمانییە!

(هەر یەکە لەو شاعیرانە قاپێکی بەدەستەوەیە و لە قابلەمەکە نزیک دەبێتەوە).

**عاقی:**

شاعیرەکانن... پیاوە هەرە ناسراوەکانن.

**پیرەمێرد:**

خۆشحاڵم... تەواو شادومانم.



(شاعیرەکان و پیرەمێرد لەبەردەمی یەکدیدا دەنووشتێنەوە. لە دەستە ڕاستەوە " عومەر و یوسف " ترسنۆکانە دێنە ژوورێ، ئەوانیش قاپی بچووکیان پێیە.)

**عاقی:**

ئەوەتا عومەر- ی گیرفان بڕ و یوسف ی دز و ماڵبڕ.

**پیرەمێرد:**

هەردووکیان دەناسم. هەفتەی ئایندە لە سێدارەیان دەدەم.

(هەندێک کەسی گەڕ و گول لە دەستە ڕاستەوە دێنە ژوورێ و دەماخیان کردووە.)

**نەخۆشەکان:**

(بەدەم بۆڵە بۆڵەوە) برسیمانە. ئێمە برسیمانە.

**عاقی:**

ئێ باشە.. قەلە ڕەشینە. ئەوەتا بەشی ئێوەش.

(عاقی پارچە گۆشتێکی گەورەیان بۆ هەڵدەدا و ئەوانیش ون دەبن. ئەوسا شۆرباکە بەسەر ئەوانی دیکەدا دابەش دەکات و هەر یەکە و سەرگەرمی هەڵقوڕاندنی شۆربای خۆیەتی. پیرەمێردەکەش دەستەسڕێکی سوور دەکا بە بەر یەخەی خۆیدا تا شۆرباکە بەخۆیدا نەڕێژێت.)

**پیرەمێرد:**

ئەم شۆربایە زۆر بەتامە. چ ژەمێکی تێر و پڕە بۆ ئێسقانە بێ تین و پوواوەکانم.

**عاقی:**

دیارە کە لە شۆرباکەم قایلیت.

**پیرەمێرد:**

تەواو... تەواو بەدڵمە. گۆشتەکەشی بەتامە. کتومت لە ئاهەنگ دەچێت کە بەری بەرەڵڵا بێت ئەم خوانە کراوەیەی تۆ. بەڵام تۆ هەر دەبێت لە سێدارە بدرێیت.

(عاقی دیسانەوە قاپەکەی پڕ دەکاتەوە لە شۆربا.)

**عاقی:**

ئەوەتا... هی دیکە.

**پیرەمێرد:**

خۆم کرد بە بەراز. بەرازی تەواو.

**عاقی:**

ئەوەش چاکترین شەرابی میسری... دەی قاپێک تاقی بکەرەوە.

(بۆ هەر هەموویان تێدەکات)

**پیرەمێرد:**

ئەوەندە تینوومە خەریکە دەمرم. ئەم خوانە لە خوانی (باخۆس)ی خوداوەند دەچێت... زۆر ڕازاوەیە و نایابە. دەی با بۆ جاری سەدەمین و بەیادی قەدەغەکردنی دەرۆزەکردن ئاهەنگ بگێڕین، بەیادی دەیەمین جار کە ئەوان ویستوویانە تۆ لە سێدارە بدەن. من خۆم مەراقمە و لە شت دەکۆڵمەوە وردم لە دۆزینەوەی بۆنە و مێژووی پڕ لە نهێنی ڕووداوەکان، بۆ دۆزینەوەی بەروارەکانیش وردم. دەفتەری یاداشتەکانم دەپارێزم. ئیمپراتۆرییەتەکان دێن و دەڕۆن... من هەر هەمووی تۆمار دەکەم.. ئەی سەبارەت بەپیاوەکان چی هەیە؟ با من پێتان



بڵێم... ئەوانیش دەگۆڕێن و جێگۆڕکێ دەکەن. گۆڕان لە پیشەدا، لە جل و بەرگدا، لە پەیوەندییە چینایەتییەکاندا... لە داب و نەریتدا... هەمیشە ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێت. گەر یاداشتیان نەکەم سەرم لێ دەشێوێت. تۆ... تۆ تاکە کەسێکیت کە ناگۆڕێیت. هەرچی بقەومێت. هەر کێ بێت ئەو کەسەی کە تۆ دەچەوسێنێتەوە... تۆ هەر وەک خۆت بەدەرۆزەکەری دەمێنیتەوە. ئەم بادەیە بادەیەکی شاهانەیە و شایستەی تۆیە و بینۆشە. (هەر هەموویان بەیەکەوە دەخۆنەوە) تۆ لێرە چەقیویت هەروەک چۆن سەرۆک وەزیران ماوە و چەقیوە، بەخۆی و هەزارەها بەشی سەرقاڵ بەکار و ئەرکی دەوڵەتییەوە. بادەیەک.. با ئەویش بادەیەک هەڵدات... شاهانە. (هەر هەموو دەخۆنەوە) ئەو لەسەر تەختی خۆی جێگیرە... تۆش لەسەر تەختی خۆت، پادشا بەخۆی و دارودەستەیەکی ئامادە بۆ خزمەتگوزاری شارنشینەکان وڵات بەڕێوە دەبات. منیش لە دوای پادشا و سەرۆک وەزیران سێیەمین کەسم کە فەرمانم بەدەستە. بادەیەکیش بۆ من بێت... بادەیەکی شاهانە. (هەر هەموویان دەخۆنەوە) منیش یەکێکم لەوانەی کە ناگۆڕێم، کەس جێم ناگرێتەوە و کۆچیش ناکەم... وەک خۆم هەر بەجەللادی دەمێنمەوە. من بەوپەڕی فیزەوە بەڕووی ئاسماندا هاوار دەکەم. بیرۆکراتی و دەرۆزەکردن و هەڵواسینی خەڵک ئەو سێ کوچکەیەن کە هەر هەموو جیهان لەسەری وەستاون، هەیکەلی نادیاری دونیان، ئەو دونیایەی کە هەر هەموو شتەکان تیایدا بونیات دەنرێت و دەڕووخێت.

(پەرداخەکان لێکدی دەدەن و زرەی دێت.)

**عاقی:**

هەڵیدە و دوا تنۆکی تیا مەهێڵە.

**پیرەمێرد:**

دوا تنۆک. ڕستەیەکی غەمگینە. زۆر لەدڵی داوم کە من بەکارێکی فەرمی هاتوومەتە ئێرە. لە دوای لەسێدارەدانی تۆ ئەم جیهانە بێ تام و هەژارتر دەنوێنێت. ئەوەتا زۆر ناخۆش هاتینە سەر کۆتایی. شۆربا و گۆشتەکە خوران. بوتڵی شەرابەکەش بەتاڵە. گەرەکتە بەسەر یەکێک لەم دارتەلانەوە هەڵواسرێیت یان لەناو باخی شاردا؟

**عاقی:**

ئاواتم ئەوەیە بەسەر یەکێک لەو دارتەلانەوە هەڵبواسرێم کە کەوتۆتە بەرامبەر کۆشکی پادشا.

**پیرەمێرد:**

بیرۆکەیەکی مەزنە، بەڵام قورسە. دارتەلەکانی بەرامبەر کۆشکی پادشا بۆ پیاوە گەورەکانی دەوڵەتە. ئاسانترین شت ئەوەیە کە بەشوورەی ئەم پردەدا هەڵتواسم. یاوەرەکەم وا لەوێندەرێ وەستاوە. حەلیف!

**دەنگێک لە سەرەوە:**

بەڵێ گەورەم... وا هاتم.

(گوریسێک کە قوڵفێکی لێدراوە و لە سەرەوە شۆڕ دەکرێتەوە. شاعیرەکان، عومەر و یوسف دەقریشکێن و ون دەبن)

**پیرەمێرد:**

دەی گەر کوڕی باش بیت و خۆت ئامادە بکەیت.



(عاقی دەچێتە سەر تەختە کۆنەکەی پادشا کە لە ناوەڕاستی شانۆکە دامەزراوە.)

گەر دوا خۆزگەت هەیە... بیڵێ؟

(پەتەکە دەخاتە ملی عاقی، دوای ئەوەی کە بە سابوون چەوری دەکات.)

**عاقی:**

هەموو میراتەکەم پێشکەش بەشاعیرەکان دەکەم. تاکە مەتەڵێک ئەوەیە نازانم چی لەو کتێبانەم بکەم کە کەوتۆتە شەقامی تۆفان– ەوە؟ کتێبەکانیشم هەر هەمووی دەستی دووە.

**پیرەمێرد:**

کتێبخانەت هەیە؟

(شاعیرەکان دەردەکەونەوە)

**شاعیرەکان:**

کتێبخانەیەکی پڕ لە کتێبی دەستی دوو؟

**عاقی:**

هەفتەی ڕابردوو هەر هەموویم بەدەرۆزەکردن پەیدا کرد. بەوپەڕی زۆرزانی و سەلیقەی دەرۆزەکەرێک توانیم دەست بەسەر ئەو کتێبانەدا بگرم و لەوپەڕی دەستڕەنگینی خۆمدا ئەم کارەم کرد.

**پیرەمێرد:**

هەموو خەونی ژیانم ئەوە بوو کتێبخانەیەکی دەستی دووم دەست بکەوێت.

**عاقی:**

من هەرگیز مەزەندەم نەکردووە تۆ حەزت بە کتێب بێت.

**پیرەمێرد:**

حەز دەکەم وەک ئەو کەسەی کە دەستنووسە کۆنەکان دەناسێتەوە دانیشم و هەر چوار دەورم کتێبی زۆر کۆن و دەستنووس بێت و خوێندنەوەی شتە کلاسیکییەکان ئەوپەڕی ئاسوودەگییە بۆ من.

**عاقی:**

(سەر دەلەقێنێت) جوانە. جەللادەکانی (لاماش) و (کیش) و (ئەکەد) یش شێتی هونەر و ئەدەب بوون.

**پیرەمێرد:**

ژیانێکی تاڵ و بێزەوەرم هەیە. مەرجە دان بەو ڕاستییەدا بنێم کە پەشیمانی من کوشندە و تاڵە. هەمیشە لەسێدارەدانی خەڵکی پیشەمە و دەربازبوونم بۆ نییە. خۆشی هەرە گەورەم ئەوەیە یەکێک لە وەزیرەکان بانگی لای خۆیم دەکات، گەر بۆنەیەک بسازێت و کەمەکێ کەیفم پێ بێت. کە بیر لە کاری تۆ دەکەمەوە– چەندە پێچەوانەی ئەوەی منە: ڕۆژانە شاعیرەکان دەبینیت، ئاهەنگ و بەزم و ڕەزمی ئێوارانەتان بەدەم نانی شێوانەوە... بەشۆربا و گۆشتی گا– وە.

**عاقی:**

جەللادە گەورەکان چاکترین خۆراک دەخۆن، تەنها جەللادە چکۆلەکان فەرامۆش دەکرێن کە لە برسانا بمرن. با من سەودا



و مامەڵەیەکت لەتەکدا بکەم... ئاڵ و گۆڕێک... بۆ نایەیت ئەو کتێبخانەیەی من بەڕێوە بەریت؟

**پیرەمێرد:**

(بەدوودڵییەوە) تۆ دەتەوێت ببیت بەجەللاد؟

**عاقی:**

تەنها پیشەیەکە کە دەرۆزەم بۆ نەکردبێت.

**پیرەمێرد:**

(بەرز دەبێتەوە و دەکەوێتە ناو عەرشەکەی)

ئۆە لە ڕاهی ئاسمان!

**عاقی:**

(پەرێشانە) ئەوە چیتە... سیدی بەرتیل نەخۆر، ئەی پایەی شاراوەی ژێر ساختمانی کۆمەڵگا؟

**پیرەمێرد:**

ئاو... ئاو... تکات لێ دەکەم. دیسانەوە خورپەی دڵەکەیە و لەوانەیە لێم بداتەوە.

**عاقی:**

هانێ کەمێک (جن) بخۆرەوە. ئەوەیان باشترە بۆ تۆ.

(بەشێنەیی لە عەرشەکەی دادەبەزێتە خوارەوە، هێشتا پەتی سێدارەکە لە ملی ئاڵاوە، بوتڵەکەی پێشکەش دەکات.)

**جەللاد**

سەرم گێژ دەخوات. ئاخ... سەرم. کەواتە کوا شەرەف؟ کوانێ شکۆمەندی من کە خەسڵەت و ڕۆحی بابلیانەی منە؟

**عاقی:**

له ڕاهی شەیتان... ئەم شەرەف و شکۆیە چ پەیوەندییەکی بەم ژیانی ژێر پردەوە هەیە؟

**پیرەمێرد:**

ئەوەتا تەواو ئامادەم و بۆم هەیە پیشەکەی خۆم بسپێرمە کەسێک کە دەبوو لەسێدارەی بدەم. ئاخر من بەڵێننامەم مۆر کردووە، ئەوکاتەی گەنج بووم و ئەوپەڕی بڕوام بەخۆم بوو، بیرم لەوە دەکردەوە کە مەرجە هەلێکم بۆ بڕەخسێت و خەریکی خوێندنی هونەرە جوانەکان بم. بیرم لەوە کردەوە پارە پەیدا بکەم. لەگەڵ ئەوەشدا سادەترین کرێکار، بێ ئابڕووترین وەزیر، کامە دەرۆزەکەری پەڕپووتە کە من بەدرێژایی ئەو هەموو ساڵانە لەسێدارەم داون، هیچ کامیان ئامادە نەبووە لە بری من ببێت بە جەللاد و ژیانی خۆی بکڕێتەوە. هەستکردن بەشەرەف و شکۆمەندی لەکن بابلییەکان نموونەیە، ئەو هەستە زۆر لەوە قووڵترە لە ئارەزووی ژیان.

**عاقی:**

تۆ دەزانیت... من هەمیشە وام بیر کردۆتەوە کە بابل دادەڕمێت لە سۆنگەی ئەو هەستکردن بەشەرەف و شکۆیەوە کە دواجار واشی کردووە کە هەر هەمووان بەر بەرەڵڵا بن و پەت بپچڕێنن.

**پیرەمێرد:**

ڕاستی ئەو پێشنیارەی تۆ لەو شێوە ژیانە دەرم دەهێنێت کە پڕە لە ئازار کە وای لێ کردووم لە ژیانی خۆم بەگومان بم. تۆ بەڕاستیتە کە ئامادەیت پیشەمان بگۆڕینەوە و تۆ ناشیرینترین



و هیچترین پیشە کە هی منە پێی قایل بیت و لە بری ئەوە من کتێبخانەکەی تۆ لە ئەستۆ بگرم؟

**عاقی:**

کابرای جەللاد... تۆ سەبارەت بەم پیشەیەت تەواو بەهەڵەدا چوویت. ڕاستە ئەوەی تۆ دەیکەیت کارێکی زۆر سووک و قێزەوەنە، تا بڵێیت ناشیرینە کە هەقی حیسابی گەورەی بۆ بکرێت و بەرز ڕابگیرێت، بۆ ئەوەی قەرەبووی ئەو کارە سووکەت بدەنەوە و لە بری شتێکی چاک وەربگریت وەک خەڵات. ئەگینا مایەپووچییە. هەر بۆ نموونە، من، ماوەیەک ملیۆنێر بووم.

**پیرەمێرد:**

(سەرسامە) ملیۆنێر؟

**شاعیرەکان:**

سەرگوزشتەی خۆتی بۆ بگێڕەوە... دەی کابرای سواڵکەر... باسی ژیانی خۆت بکە.

**عاقی:**

زۆر چاکە. گوێ لە چیرۆکی پاڵەوانبازی من بگرن، حیکمەتی من وەک دەرۆزەکەر.

(سەری خۆی لە هەڵقەی پەتەکە دەردەهێنێت بێ ئەوەی دەستی ڕاستی لە قوڵفەکە بەربدات.)

ئەو کاتەی گوڵ و گوڵزار پشکوتوون، مانگیش درەوشاوە و لە چواردە دەدا، لەناوەڕاستی شەوێکدا، دەرۆزەم لە کچە

ملیۆنێرێک کرد، بەوپەڕی هونەری کارامەیی خۆمەوە، داوام لێ کرد کە چی لە قاسەی باوکیدا هەیە پێم ببەخشێت. چونکە من بڕیارم دابوو بەرلەوەی بمرم فیز و کەش و فشی دەوڵەمەندێکی بۆگەن بشکێنم. گوێ بگرە و بزانە منی ژیر چیم کرد. زۆر چاپووک و خێرا خۆم ئامادەکرد بۆ ئەوەی چی دارستان و سامان و دارایی هەیە تەفروتونا بێت. درەنگ و زوو پارەم بەخۆم نەهێشت، چی مێگەل و ڕەشەوڵاغ و مەلێ هەبوون فەرامۆشم کردن سەرباری دۆڕانی خانوو و بەرەکانی. چەندە پێم کرا وام کرد زووتر چی نیگار و تابلۆ و مەڕمەڕ و گەوهەری گرانبەهای هەن لەماڵەکەیدا نەمێنن، هەر هەموو باخ و بێستان و کێڵگە و تەویلەکانی. هەر هەموو فەرش و ڕایەخ و قوماشی لەگرەوێکدا دۆڕاندم، دەیەها ئاوێنە و شاکاری هونەری، لەگەڵ ئەوەشدا خۆیشم کەوتمە ژێر باری قەرزوقۆڵە. بەوپەڕی بێسە و بەری و بەدەر لەهەموو یاسا و ڕێسایەک و شێتانە بەهەردوو دەست پارەم بەفیڕۆ دەدا، لەکۆتاییدا یەک فلسم پێ نەما. لە عەمبارەکەمدا ئێسقانێکت نەدەدۆزییەوە، لەژێرزەمینەکەدا بوتڵێک شەراب نەما، گیرفانم عانەیەکی تێدا نەما و هیچ نەبوو تا بیدۆڕێنم. دەنێو ئەو هەموو سامان و داراییەدا، بەو هەموو بەهرە و توانایەی کە سەردارێک هەیەتی توانیم پێنج سەرمایەدار و پارەداری زۆر گەورە بخەمە گێژاو و کارەساتەوە، کە دەوڵەمەند و شارەزای بواری داراییش بوون، چی پشکی گەورەی داراییان هەبوو، بوو بە خۆڵ، بگرە دەرزییەکیان نەما. کەواتە ئاگات لێیە برادەری جەللاد کە چۆن



لە هەڵمەتێکی خاچپەرستانەی خۆمدا دژ بەستەم، چۆن توانیم قەرەبووی ئەو پیشە ئابڕووبەرە و زۆر پیسەم بکەمەوە.

**شاعیرەکان:**

ئەی کچی ملیۆنێرەکە چی بەسەر هات؟

**عاقی:**

شووی بە بەرپرسی گەنجینە کرد.

(قوڵفی پەتەکە بۆ ئاسمان هەڵدەدات و بەرەو بەرزایی لوول دەخوات و بەرز دەبێتەوە.)

دوای ئەوە کە لەناو تابووتەکەمدا ڕادەکشام و شەو و ڕۆژ بیرم لە چارەنووسی مرۆڤایەتی دەکردەوە، ئاخۆ بۆ دەبێت توخمی مرۆڤ نوقمی گوناه بێت، بۆچی ئەوەی کە لەهەموو کەس سووکترە گرەو دەباتەوە، لە دەرئەنجامی بیرکردنەوە خەیاڵێکم بۆ هات، دەنێو بەرگێکدا کە هەر لەخۆم دەوەشایەوە بڕیارم دا کە سۆزی شاهانەی خۆم لە گەمە و سەرکێشییەکی دیکەدا تاقی بکەمەوە بەرلەوەی لەوە پیرتر بم، ئەمجارەیان وەک سەرباز، چونکە من خۆم پیاوی دەربار و شان تەکێن بووم، قۆز و لێوەشاوە و زۆر فێڵبازانە خۆم لە چەک و چەکبار داماڵی، خۆم خستە ناو دەستە و تاقمی سالۆنەکان و پیاوماقوولان، ئەوانەشی کە دەمزانی بەفیز و هەوان مەراییم دەکردن، دەکەوتمە بن دەست و پێیان وەک سەگ نووکە شەقم تێهەڵبدەن، پشتی هەموویانم دەخوراند، پێڵاوەکانیانم دەلستەوە، پەیوەست و پێخوست بووم و خۆم دەبردە پێشەوە کەڵکم لە هەموو ئامۆژگاری و ڕێنماییەک وەردەگرت، زۆر

بەکورتی، سواڵی ئەوەشم کرد ببمە سەرۆک قوماندان. لەو بڕوایەشەوە ئەو بڕیارەم دا چونکە دەمزانی کە هەرگیز ناکرێت وەکو سەربازەکان بکوژرێم. کە بووم بە سەرۆک قوماندان هەموو توانای سەربازانەی خۆم بەکارهێنا تاوەکو وا لە سوپاکەم بکەم واز لەوە بێنن کە ئازا بن. کە بەسوپاکەمەوە ڕووبەڕووی (ئەکەدییەکان) بوومەوە، بەخۆم و سێ سەد هەزار پیاوەوە، کە سوپای دوژمنمان بینی یەکسەر پاشەکشێم بە سوپاکەم کرد، توانیم شتێکی وا بکەم کە هەرگیز ژەنەراڵەکان دەرەقەتی نایەن جەنگێکم دۆڕاند بێ ئەوەی سەربازێک بدۆڕێنم.

**پیرەمێرد:**

چ سەرکەوتن و دەستکەوتێکە! بەڵام چۆن ئەوەت کرد؟ ئاخر بەگشتی بەزینی وا گەورە لە جەنگدا زیان و دۆڕانی گەورەی بەدوادا دێت.

**عاقی:**

فەرمانم دەرنەکرد بەپەلامار و هێرشکردن.

**پیرەمێرد:**

جێگەی سەرسوڕمانە... ناوازە و دیارە.

**عاقی:**

کەواتە ئاگات لێیە کە هەندێک پیشە و کاری زۆر سووک و هیچ هەیە دەکرێت مرۆڤ کەڵکی لێ ببینێت. شتی چاک لەهەر کەسێک چاوەڕێ دەکرێت.



**پیرەمێرد:**

(بەئاگادارییەوە) دەی باشە... تۆ لەو بڕوایەدایت کە من وەک کتێبفرۆشێک بتوانم شۆربام بەگۆشتەوە دەستبکەوێت؟ خوانێکی وا ڕازاوەم هەبێت هەتا گەر مانگی جارێکیش بێت کە تێری لێبخۆم نەک هەر ئەوە... بەڵکو بەختەوەر دەبم.

**عاقی:**

هەفتەی سێ جاران شۆربا بەگۆشتەوە دەخۆیت و یەکشەمموانیش قازێک.

**پیرەمێرد:**

چ گۆڕانێکی گەورە و سەرمەستانەیە و بەختم تەواو گۆڕا .

**عاقی:**

کابرای جەللاد... کەواتە ڕۆبەکەی خۆتم بدەرێ.

**پیرەمێرد:**

وا دەنێو ئەو جانتایەدا . لە دوای لەسێدارەدانی تۆ، دەبووایە هەر هەموو جوگرافیاناس و ئەستێرەناسەکان لەسێدارە بدەم.

**عاقی:**

لەسێدارەدان واتا خەڵک ئازاد کردن.

**پیرەمێرد:**

چ ترسناکە کە تۆ چیدیکە ئەم شاعیرانە نابینیتەوە.

**عاقی:**

بەپێچەوانەوە. من بۆ خۆم دەنێو سەنگەری شاهانەی خۆمدا بەخامۆشی بیر دەکەمەوە.

(جبەی جەللادەکە دەکاتە بەر)

**شاعیر:**

(هێدمەگرتی بووە) ئەم جلانە لەبەر مەکە.

**شاعیرێکی دیکە:**

خۆت وا شەرمەزار مەکە.

**سێیەمیان:**

کابرا... مەبە بە جەللاد.

**یەکێکی دیکەیان:**

با وەک بابەتێکی شیعر بۆ شاعیرەکان بمێنیتەوە.

**عاقی:**

هۆ شاعیرانی بابل... ئەرێ ئێوە هەر ئاوهایی بەنیازن بۆ هەمیشە لە بەدبەختیدا بژین، ئەوە ئێوە هەرگیز هەست بەو مەترسییە ناکەن کە ئەوەتانێ ڕووبەڕووتان دەبێتەوە، لەوە ناچێت پێشبینی ئەو کارەسات و نەگبەتییە بکەن بەردەرگای ماڵەکانمان لێ دەگرێت. کوروبی خان بەدوای دەرۆزەکەرێکدا دەگەڕا و کەچی ساتمەی لە پادشا کرد. شەو و ڕۆژمان پڕ بووە لە گرتن و بردنی خەڵک و توندکردنیان لە زیندانەکانی وڵات، هێز و سوپاکانیشمان ڕووەو باکوور بەڕێ کەوتن و مارشیان لێدا. دەوڵەتیش بانگەشەی بێگوناهی و ئەستۆ پاکی خۆی دەکات، خۆی بۆ ئەوە ئامادە دەکات کە زۆربەی هەرە زۆرمان لە بەندیخانەکان توند بکات. دیسانەوە گەرەکتانە سەرلەنوێ چیرۆکی پاڵەوانبازی و حیکمەتەکانی خۆمتان بۆ بگێڕمەوە کە دەزانن چەندە تاڵە؟ حیکمەتی چەک و هێزی کەسە لاوازەکان؟



**دەنگێک:**

دوا پەند و تاڵترین سەرگوزشتەی خۆت... تکایە.

**شاعیرەکان:**

بیگێڕەوە بەر لەوەی ون بیت... بەر لەوەی خۆت دەرباز بکەیت.

**عاقی:**

تاوەکو بەرگەی ئەم جیهانە بگرین، مەرجی سەرەکی بۆ کەسە لاوازەکان ئەوەیە کە لە خۆیان دڵنیا بن ئاخۆ چ ڕێگەچارەیەک هەیە بۆ مانەوە و زیندەگییان. بەهێزەکان بەهێزن گەرچی خاوەنی ڕاستی و حەقیقەت بن. ئەوەی کە زۆر گرنگ و بەردی بناغەی کاری ئێمەیە با ئەوە بێت کە لەو حەقیقەتە تێبگەین و ڕووبەڕووی ببینەوە. پێویست بەوە دەکات کە ئێمە خۆمان فێری یاسایەکی زۆر سادە بکەین: ڕووبەڕووبوونەوەی هێزگەلێک، هەر بەهێز کارێکە تەنها گەوجەکان دەیکەن. دە کەواتە گوێ لەم دەرۆزەکەرە بگرە، پەڕپووت و هەلاهەلا و داڕووخاو، بگرە و بەردەی دەستی پۆلیس، ئازار چەشتوو، تێهەڵدراو... لەم جیهانەدا پیاوی خاوەن هێز و دەستەڵات دەتوانێت ماڵ و ژنەکەشت داگیر کبات، نەک هەر ئەوەندە و بەس... هەرچییەکی پێ خۆش بێت دەیکات. تەنها شتێک یان کەسێک لەبەر دەستی ئەو بەهێزەدا قوتاری بێت، ئەو شتە و ئەو کەسەیە کە ئەم قێزی لێ دەکاتەوە و بەهیچی نازانێت، کەسە زیرەکەکان ئەوانەن کە لەم وانەیەوە فێر بن، کێ لە ئێمە زۆر زیرەکە ناتوانێت بێ جۆرە چەکێک بەرەنگاری پیاوێکی بەهێز و دەستەڵاتدار ببێتەوە، تەنها ئەو کەسەی کە خۆی شت نییە و خاوەنی

هیچیش نییە، دەتوانێت بێ ئازار و زیان لەم گێچەڵ و چورتمە قوتاری بێت. کەواتە دەرئەنجام بەوە دەگەین: گەر خۆزگەتە زۆرتر بژیت، وا خۆت بنوێنە کە گەلحۆیت. لە ناوەوەیی خۆتەوە هێرش بەرە. خۆت ئامادە بکە بچیتە کونجی بەندیخانەوە بەرلەوەی ڕاپێچی دادگات بکەن. بەڕێگەی خۆتدا بڕۆ و سەر کز بکە، وەک کەسێکی قۆشمەباز، وەک کۆیلە خۆت بنوێنە، وەک شاعیرێک یان باجگرێک، هێمن و بێ فیز بە و هەر هەموو دیوارەکان لەبەردەمتدا نزمتر دەبنەوە. بەرگەی سووکایەتی و هەر هەموو تانە و تەشەرەکان بگرە. نەرم و نیان هەنگاو بنێ. بۆ ماوەیەک و هەنووکەش چی هیوا و ئاواتی شێتانە و گڕ و کڵپەی حەز و خۆشەویستیت هەیە... هەر هەموویان بنێژە، هەر هەموو داخ و خەمەکانت، چی چاکی و جوانی کە هەتە، هەر هەموو تلانەوە و ئازارە دوور و درێژەکانت و هەر هەموو بەزەیی و میهرت هەر هەموویان لەژێر بەرگ و جبەی جەللادێکدا بشارەوە.

(بە دەمامکێکی ڕەش دەموچاوی خۆی دەشارێتەوە و لەوێدا وەک جەللادێک بە جبەیەکی سوورەوە وەستاوە.)

## پەردەی سێیەم

زۆر پێویست بەوە ناکات باسی ورد و درشتی ئەو هۆڵە بکەین کە تەخت و تاراجی پادشای تێدایە، هەر هەموو ڕووداوەکانی پەردەی سێیەم لەم ژووری شاهانەیەدا ڕوودەدات. ئەم شوێنە چیرۆکی خێر و خۆشی و ناز و هەوا و دەبدەبە دەگێڕێتەوە، لەتەک ئاڵۆزی و بەخشینی دونیایەکی قەڵەباڵغ و کوشندە، خۆ جیاکردنەوەی پادشا و هەڵبژاردنی وەها شوێنێک و خۆ تەریکڕاگرتن لە ڕەشە خەڵکەکە ئاشکرا و زەق دیارە، سەرباری ئەوەش کە شوێنەکە پڕە لەو کەرەستانەی کە بۆنی خوێن و دڕندەیی و بەربەرییەت دەدات. هەر هەمووشی کەوتۆتە ناو باکگراوندێکی واوە کە ئەوپەڕی هونەر و کەلتوورێکی باڵا لەخۆ دەگرێت، ئەوەشیان شتێکمان دەخاتە بەرچاو سەبارەت بە بەربەرییەت و دڕندەیییەکی قولەڕەشانە، هەر بۆ نموونە، وێنە و نموونەی بەخوێن سووربووی ئەم ئیمپراتۆرییەتە بەهەر هەموو شتێکەوە دیارە، لە تەخت و تاراجەوە تا بچووکترین شت، هەر هەمووی هەقایەتی زاڵبوونی سوپاکەیەتی. پەردەیەکی گەورە و پان و پۆڕ بەهەردوو دیودا درێژ و بڵاوبۆتەوە، شانۆکە دەکات بەدوو بەشەوە: پێشەوە و دواوە، لێرە و لەوێش پەیکەری گەورەی بەردین بەسەر دیمەنەکەدا دەڕوانێت. تەختی پادشاش بەدەستە چەپدا و ڕێک لەبەردەم پەردەکەدا بەچەند پلەیەک بەرزبۆتەوە. نەبوخز نەسر- یش لەسەر ئەم تەختە دانیشتووە، هەردوو پێیەکانی چەقاندۆتە سەر شانی (نمرود)، لەو نێوانەدا کەللەسەری



دیارە. بەدەستە چەپدا دەرگایەک کەوتۆتە ناو پەردەکەوە و دەمانباتەوە پشتەوەی شانۆکە، بەهەر دوو دیوی چەپ و ڕاستیشدا کۆمەڵێک دەرگای دیکە هەن. لە پێشەوەش بەدەستە ڕاستدا لە تەک ئۆرکێستراکە دوو ئەسکەملی داندراون.

**نمرود:**

نەبوخز نەسری پادشا... ئەوە چیتە ئێستا... پێم ناڵێیت بۆچی شەو و ڕۆژ دەنێو ئەم کۆشکەی خۆت دانیشتوویت و چاو لە مۆڵەق و سەیری هیچ ناکەیت و لەولاوەش بێ پسانەوە و پشوو بەهەردوو پێت هەردوو شانم دەکوتیتەوە؟

**نەبوخز نەسر:**

من کوروبی- م خۆشدەوێت.

**نمرود:**

بەم بارەیاندا تۆ کچێکت خۆشدەوێت کە کردووتە بە ئەسکەملی و جێ پێلاوەکانی خۆت.

**نەبوخز نەسر:**

هەر بەقامچی لەشت دادەڕزێنم.

**نمرود:**

تێمهەڵدە... تۆ دەتوانیت ئازارم بدەیت بەهەمان ئەو شێوەیەی کە من ئازاری تۆ دەدەم؟

**نەبوخز نەسر:**

بێدەنگ... سەرت وا لەنێوان هەردوو پێمدا.

**نمرود:**

فەرمانی تۆیە. (خامۆشی)

**نەبوخز نەسر:**

شتێک بڵێ... دەی.

**نمرود:**

ئەوەتا... دەبینیت؟ تۆ بەرگەی بێدەنگیشم ناگریت.

**نەبوخز نەسر:**

باسی کوروبی- م بۆ بکە. تۆ ئەو خانمەت بینیوە. دەڵێن ئاوە لێڵ و پیسەکەی فورات- ی دەرخوارد داویت.

**نمرود:**

تۆ ئیرەییم پێ دەبەیت.

**نەبوخز نەسر:**

بەڵێ... من پڕم لە ئیرەیی(*).

**نمرود:**

ڕوخساری خۆی بەسەرپۆشێکەوە داپۆشیبوو. بەڵام لەژێر سەرپۆشەکەوە جوانی ئەوم بەدی کرد بەرلەوەی تۆش هەستت پێ کردبێت.

**نەبوخز نەسر:**

جوانی ئەو خانمە بابل- ی لێ پڕ کردووم بەخۆی و بە بەخششی شاهانەی خۆیەوە، بگرە گۆرانی و بەستەی شەیدا و عاشقەکانی لەناو کۆشکەکەی مندا دەنگ دەداتەوە.

(لە دەرەوە یەکێک لە دەست و پێوەندەکان گۆرانی دەچڕێت.)

---

(*) ئیرەیی: غیرە.



**سترانبێژ:**

جوانییەکی وا ئاسمانییانە... و ئاسمانی
شاهنشاش شان نادات لە شانی.

**نمرود:**

گوێت لێیە؟ هەتا دەست و پێوەندەکانیشت بوون بە سترانبێژ.

**سترانبێژ:**

نووری زێڕینی پۆشیوە و دەدرەوشێتەوە..
کەچی دەنێو زێرابدا دەژی و دەحەوێتەوە

**نەبوخز نەسر:**

(بەهێمنی) کابرای جەللاد!

(لە دەستە چەپەوە عاقی دەنێو پۆشاکی جەللادێکدا دێتە ژوورەوە.)

**عاقی:**

بەڵێ... خاوەن شکۆ.

**نەبوخز نەسر:**

ئەم خزمەتکارە شیعرنووسە بکوژە.

**سترانبێژ:**

لە پێناوی ئەو شۆخەدا دەسووتێین
ئەو کەسەی خەمڕەوێنی دەرۆزەکەرێک بوو

**عاقی:**

بەوپەڕی ئاسوودەگییەوە... خاوەن شکۆ. زۆر توند و تۆڵ هەموو ڕێ و ڕەسمێکمان گرتۆتە بەر.

(لەدەستە ڕاستەوە دەچێتە دەرێ)

**سترانبێژ:**

کلو کلو بەفر دەبارێت... پاک و ڕۆشن

کە چاوان بەشەوارە بخات...

لە بەفری ئەو....

(لەناکاو دەنگەکە دەبڕێت)

**نەبوخز نەسر:**

(بەهێمنییەوە) مەرجە هەر هەموو ئەوانەی کە کوروبی یان خۆشویستووە، بمرن.

**نمرود:**

کەواتە کەس نامێنێت.

**نەبوخز نەسر:**

لەپێشەوە چاوەکانی تۆ دەردەهێنم.

**نمرود:**

بە شیشی ئاسنینی داغکراوەوە هەردوو چاوەکانم دەربێنە، هەردوو گوێم پڕ بکە لە مسی تواوە، دەمم داخە، بەڵام هێشتا ناتوانیت یادی ئەو شۆخە لە دڵمدا دەربکەیت.

**نەبوخز نەسر:**

هێی... سەرۆک وەزیران!

**سەرۆک وەزیران:**

خاوەن شکۆ؟

**نەبوخز نەسر:**

پاشای کۆن ڕاپێچی یەکێک لە تاریکترین زیندانەکانی ژێرزەمین بکە.



**سەرۆک وەزیران:**

من یاسادانەرم. هەر بەگوێرەی مافی یاسا داڕشتن من وام پەسند کردووە کە هەردوو پێی پادشامان دەخرێنە سەر ملی پادشای کۆن. گەر ئەم یاسایە لەبەرچاو بگیرێت، مەرجە پادشای ئێستامان، هاوڕێ لە تەک پادشای کۆندا ڕاپێچی زیندان بکرێت.

**نەبوخز نەسر:**

ئێ... کەواتە ئەم دەستوورە بگۆڕن.

**سەرۆک وەزیران:**

نەشیاوە هەرگیز. ئەوسا پێنج سەد هەزار بەندی دەستوورەکەی بابل هیچ مانایەکیان نامێنێت، چونکە بەشێوەیەکی بەیەک پەیوەستەوە هەر هەموو بەندەکان لەو دەستووره شاهانەوە سەرچاوەی گرتووە. لە سۆنگەی هەر گۆڕانێکەوە بێت کە دێتە پێشێ، دەبێتە مایەی ئاشووب و ئاژاوە.

(سەرۆک وەزیران دەکشێتەوە و نمرود پێدەکەنێت)

**نمرود:**

کاتی خۆی ڕاهاتبوو هەمان قسە بۆ منیش دووبارە و سێ بارە بکاتەوە.

**نەبوخز نەسر:**

هەموو جارێکیش ژمارەی بەندەکانی ئەو دەستوورەی زیاد دەکرد، بەڕادەیەک کە لە ژماردن نەیەت.

**نەمرود**

هەر هەمان شتە سەبارەت بەزیادکردنی دام و دەزگاکانی دەوڵەت.

**نەبوخز نەسر:**

هیچم بۆ نەماوەتەوە جگە لە ئەسکەملی ژێر پێ کە شانی جەنابتە.

**نمرود:**

ئەی کوڕەکەت کە میراتگری تەختی شاهانەیە.

(لە پشتەوەی شانۆ و بەدەستە چەپدا کەسێکی تەڕپۆش، بەڵام گەلحۆ بەدەم سەماوە دێتە ژوورێ، بەدەم بزەوە سواری عارەبانەیەکی پێچکەدار بووە، بەناوەڕاستی شانۆکەدا تێدەپەڕێت و لەدەستە ڕاستەوە دەچێتە دەرێ. نەبوخز نەسر هەردوو چاوەکانی خۆی دەشارێتەوە.)

**نەبوخز نەسر:**

کوڕەکەی تۆ.

**نمرود:**

کوڕی هەردووکمان. میراتگری هەر هەموو هێز و دەستەڵاتمان. کەس نازانێت ئەم کوڕە لەکێ بووە. گەر لەیادت بێت... ئەو کاتەی هەردووکمان زۆر مەست بووین خزاینە ناو پێخەفی دایکی ئەم کوڕەوە.

**نەبوخز نەسر:**

ئێمە بەیەکەوە بەستراوینەتەوە. من و تۆ.



**نمرود:**

هە هەتایە.

**نەبوخز نەسر:**

ئەوە هەزارەها ساڵە وایە.

**نەمرود و نەبوخز نەسر:**

(پێکەوە) ڕۆژێک تۆ لە سەرەوەیت و من وام لەژێرەوە. ڕۆژێکی دیکە من لە سەرەوەم و تۆ لە خوارەوە. بۆ هەمیشە و هەتاهەیە.

(خامۆشی)

**نەبوخز نەسر:**

کابرای جەللاد!

(عاقی دێتە ژوورەوە)

**عاقی:**

بفەرموو... خاوەن شکۆ؟

**نەبوخز نەسر:**

ئاخۆ جوگرافیاناس و ئەستێرەناسەکانتان لەسێدارە دا؟

**عاقی:**

قوربان زیندانەکانم لە هەموویان پاک کردەوە.

**نەبوخز نەسر:**

ئەی دەرۆزەکردنت تەفروتوونا کرد؟

**عاقی:**

بەتەواوەتی.

**نەبوخز نەسر:**

ئەی عاقی دەرۆزەکەر چی لێهات؟

**عاقی:**

ئۆو گەورەم زۆر گۆڕاوە. کە هاتە بەردەم ئێوەی خاوەن شکۆ... ئەوسا دەیبینیت چ زەلامێکە و نایناسیتەوە.

**نەبوخز نەسر:**

هەڵواسرا؟

**عاقی:**

ئۆو... هەنووکە لە دونیادا پایەی بەرز بۆتەوە. ئەم هەنووکە دەنێو بازنە هەرە بڵندەکانی کۆمەڵایەتیماندا دەخولێتەوە.

**نەبوخز نەسر:**

ئەم کە گەورەترین پشتیوانی شاعیرەکان بوو بڕوا ناکەم ئەوەندە بەرز بووبێتەوە سەری بیدا لە ئاسمان.

**عاقی:**

کەمەکێ نزمتر گەورەم.

**نەبوخز نەسر:**

توانیمان دەرۆزەکەرەکان لە ڕەگ و ڕیشەوە دەربێنین. لە ڕۆژگاری تۆفانی گەورەوە شتی وا نەبووە، ئەوەیان پێشکەوتنێکی بەرچاوە. وا خەریکە مرۆڤایەتی قۆناغی بەرچاوتر بەخۆیەوە دەبینێت شێوەی مرۆڤ پەروەرانەتر و جوانتر لە جاران. لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی توانیمان ناشیرینترین بەدکاری و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ بنەبڕ



بکەین. هەنگاوی داهاتوومان بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی عەقڵانی ئەوەیە کە دژ بەشاعیرەکان و ئاخوندەکان دەستبەکار بین.

(عاقی هەڵدەلەرزێت)

**عاقی:**

لەپێش هەمووانەوە شاعیرەکان. تا هەنووکە زیندانەکانمان زۆر هێمن بوون. کەچی هەنووکە خزمەتچی و دەست و پێوەندەکانیش شیعر دەچڕن.

**نەبوخز نەسر:**

تۆ ئەو خزمەتکارەی منت نەکوشتووە؟

**عاقی:**

داب و نەریتی کۆشک و دادگا فەرمانیان بەوە داوە کە ئەندامانی دەست و پێوەندی ئێوە مەرجە لە تاریکیدا لەسێدارە بدرێن. من تکا لە خاوەن شکۆ دەکەم فەرمان دەربکات با سەرەتا لە ئاخوندەکانەوە دەست پێبکەین. ئەوان زۆر ناسکترن.

**نەبوخز نەسر:**

بەراوێژکردن لەگەڵ گەورەی ئاخوندەکان ئەم کێشەیە کۆتایی دێت. تۆ ئەرکەکانی خۆت جێبەجێ بکە و فەرمان دەربکە کە سێدارەکان ئامادە بکرێن.

(عاقی دەچێتە دەرێ)

ئۆتناپشتم!

(گەورەی ئاخوندەکان، ئۆتناپشتم، لە دەستە ڕاستەوە دێتە ژوورێ، پیرەمێردێکی بەڕێزە.)

**ئۆتناپشتم:**

نەبوخز نەسری پادشاهان... فەرمانت بە چییە؟

**نەبوخز نەسر:**

تف لە چارەی ئەم پیاوە بکە کە لەبەر پێمدا کەوتووە.

**ئۆتناپشتم:**

بەگوێرەی ئەو یاسایەی کە خۆت داتناوە، من دەتوانم خۆم لەم بەزمە لابدەم.

**نەبوخز نەسر:**

کەواتە لەم حاڵەتەدا... تۆ مەرجە کە نەفرەت لەم زەلامە بکەیت تا هەتاهەیە... ئەو زەلامەی لەبەر پێیەکانم بۆتە ئەسکەملی.

**ئۆتناپشتم:**

ئەرکی من ئەوەیە بۆ سەرفرازی هەموو مرۆڤایەتی نوێژ بکەم.

(نمرود پێدەکەنێت. نەبوخز نەسر دەکشێتەوە)

**نەبوخز نەسر:**

تۆ دەتوانیت دابنیشیت.

**ئۆتناپشتم:**

سوپاست دەکەم.

**نەبوخز نەسر:**

پێویستم بەئامۆژگاری تۆ هەیە.

**ئۆتناپشتم:**

گوێم گرتووە.



**نەبوخز نەسر:**

(دوای دوودڵییەک) تۆ لەو بۆنە ئازارهێنە لەسەر کەناری ڕووباری فورات ئامادەبوویت، ئەو ڕۆژە دەڵێم کە فریشتەکە هاتە خوارێ.

**ئۆتناپشتم:**

بۆ ئاخوندێک کە ئایین پەروەرە ئەزموونێکی لەو جۆرە مایەی سەرسامییە. من خۆم بڕوام بەبوونی فریشتەکان نەبووە، چەندەها باس و لێکۆڵینەوەم لەسەر ئەم بابەتە نووسیوە و بەرپەرچم داوەتەوە. دوو مامۆستای لاهوت لەسەر ئەم بڕوایە سووتێندران. بەبڕوای من خودا پێویستی بە پەیامنێر نییە کە ئەو بۆ خۆی هێزێکی لەبن نەهاتووی هەیە. من بۆ خۆم تا ڕادەیەک ناچارم بەبیروڕا و دۆگماکانی خۆمدا بچمەوە سەبارەت بەفریشتەکان: هەرچەندە قورسیشە. بەجۆرێک کە من پێمخۆشە خەڵکی زۆر سادە تێمبگەن، مادامەکێ هێز و توانای خودا، زۆر ئاسایی، جێگەی گومان و پرسیار نییە.

**نەبوخز نەسر:**

من لەتۆ تێناگەم.

**ئۆتناپشتم:**

گرنگ نییە خاوەن شکۆ. هەتا پیاوانی لاهوتیش کە شارەزای ئەم بابەتەن زۆر بەدەگمەن لە یەکدی تێدەگەن.

**نەبوخز نەسر:**

(شڵەژاوە و شەرمەندەیە) ئاگات لێ بوو چۆن شەقم لەو کچە هەڵدا.

**ئۆتناپشتم:**

زۆر بەوە نیگەران بووم.

**نەبوخز نەسر:**

ئۆتناپشتم... من ئەو کچەم خۆش دەوێت.

**ئۆتناپشتم:**

ئێمە هەموومان ئەو کچۆڵەیەمان خۆش دەوێت.

**نەبوخز نەسر:**

هەر هەموو خەڵکی شار گۆرانی بۆ دەچڕێت.

**ئۆتناپشتم:**

دەزانم. هەتا من هەوڵم دا هەندێک هۆنراوە لە ستایشی ئەو شۆخەدا بنووسم.

**نەبوخز نەسر:**

هە تۆش؟ پیرترین پیاو کە تا هەنووکە زیندووە. (خامۆشی) ئاسمان سووکایەتی بە من کرد.

**ئۆتناپشتم:**

نەبوخز نەسر– ی پادشا... تۆ تەنها ئەوەیە کە ئیرەیی بەخۆت دەبەیت. (کوڕە گەلحۆکە سواری عارەبانەیەکی گەورۆنە و ویلدار بووە و بەپشتەوەی شانۆکەدا تێدەپەڕێت. ئۆتناپشتم سەری نەوی دەکات.)

**نەبوخز نەسر:**

(شڵەژاوە) بەردەوام بە.



**ئۆتناپشتم:**

ئۆو.. پادشا... گەر بمانەوێت لە هەڵسووڕانی ئەم گەردوونە تێبگەین کە ئەگەر من دانی پێدا بنێم جێگەی تێڕامان و سەرسامییە. مەرجە بەو گریمانەیە دەست پێبکەین کە هەمیشە ئاسمان لەسەر هەقە.

**نەبوخز نەسر:**

(بە خەمەوە) لەم ململانێیەی نێوان من و ئاسماندا، وا هەست دەکەم تۆ لایەنگری ئاسمانیت. من بەداخەوەم کابرای جەللاد کە فەرمانی لەسێدارەدانت بۆ دەربکەم.

(عاقی لەلای چەپی ئانۆوە دێتە ژوورێ).

**عاقی:**

(بەخۆشییەوە)کەواتە نۆرەی ئاخوندەکانە گەورەم... دەی فەرموو.

**ئۆتناپشتم:**

(بە شکۆمەندییەوە هەڵدەستێتە سەر پێ) فەرموو... چۆنت حەز لێیە با وابێت.

**نەبوخز نەسر:**

(هێدمەگرتی بووە) ئۆتناپشتم... دیسان دانیشەوە ئازیزەکەم. من بەو ڕادەیەش پەلەم نییە. کابرای جەللاد دەتوانێت کەمەکێ چاوەڕێ بکات. لەو میانەدا پێمخۆشە پتر پێکەوە بدوێین و قسەم بۆ بکەیت.

**عاقی:**

خاوەن شکۆ... لێت دەپاڕێمەوە کە پەشیمان نەبیتەوە. لە تەک ئاخوندەکانا مەرجە توند و تۆڵ بین.

**ئۆتناپشتم:**

(بێ خۆتێکدان) لەوە دەچێت وا هەست بکەیت کە ئاسمان ڕێگەی پێ داویت دەستخەڕۆی بکەیت و بەهەڵەش تۆی بەدەرۆزەکەر لە قەڵەم داوە. ئەمەیان پووچ و بێ مانایە. تۆ سەرت لە فریشتەکەش شێواند، بەڵام یەزدان، کە فریشتەکەی نارد، هەر خۆی دەزانێت ئەو کچە بە کێ دەبەخشێت. بۆ تۆ بوو، نەبوخز نەسر- ی پادشا. هیچ شتێکی دیکە شیاو نییە، مادامەکێ یەزدان نەک هەر بەتەنها خاوەنی هەر هەموو هێز و دەستەڵاتێکە، بەڵکو ئەم هەموو شتێک دەزانێت وەک من سەلماندم.

**نەبوخز نەسر:**

(بە نیگەرانییەوە) ئاسمان کوروبی بۆ هەژارترین کەس ناردووە دەنێو هەموو مرۆڤایەتیدا.

**ئۆتناپشتم:**

ناکرێت فەرمایشتەکانی ئاسمان زۆر سادە و ڕووکەشانە شی بکرێتەوە، بەڵکو مەرجە بەگوێرەی سەرجەم دۆخ و شتەکانی دەوروبەر لێیان تێبگەین. هەر هەموو خەڵکی تەواو وەک یەک چکۆڵە و پایە نزمن، بەتایبەتی گەر ئێمە جیاوازییە هەرە گەورەکان لەیاد نەکەین بەو چاوەی کە ئاسمان ڕووداوەکان چاو لێ دەکات لێرە و لەژێر خۆیەوە دەیانبینێت. بەو هەڵەیەی کە زۆر دەکەوێت لەسەرت تۆ نیاز و مەرامی یەزدانت هەڵوەشاندەوە کە ئەم نیازی بوو بەو خەڵاتەی خۆی تۆ پیرۆز بکات.



**نەبوخز نەسر:**

(دوای بێدەنگییەکی کورت) ئەو هەموو هەڵڵایە لەسەر لەسێدارەدانی تۆ بەرپا بووە، هەڵبەتە شتێکی بێ مانایە.

**ئۆتناپشتم:**

سوپاست دەکەم.

**نەبوخز نەسر:**

مەرجە خوێندنی لاهووت لە ئیمپراتۆرییەتەکەی مندا جەختی لەسەر بکرێتەوە. هەموو لقەکانی تری فێرکردن قەدەغە دەکەم.

**ئۆتناپشتم:**

دڵگەرمییەکەت جێگەی ستایشە، بەڵام تکایە تا ئەو شوێنە دوور مەڕۆ.

**نەبوخز نەسر:**

کەواتە... وا چاکە شاعیرەکان لەسێدارە بدرێن.

**ئۆتناپشتم:**

بۆ ئەمەشیان من بەداخەوەم.

**نەبوخز نەسر:**

دەوڵەتێکی تۆکمە و دامەزراو ڕێگە نادات ئەم شتە پڕ و پووچ و درۆ و دەلەسانە بڵاو ببنەوە. شاعیرەکان بیر و بۆچوون و شتی وا بڵاو دەکەنەوە کە بوونی نییە، چیرۆکی وا کە خۆیان دایدەتاشن، جۆرەها ڕستەی وا کە هیچ مانایەکی نییە. من وا بیرم کردۆتەوە کە لاهووت- یش هێزی ئەوەی تێدا بێت کە شتی وا بنەبڕ بکات.

**ئۆتناپشتم:**

بەڕاشکاوی دەیڵێم کە وا نییە.

**نەبوخز نەسر:**

کابرای جەللاد.

(عاقی لە دەستە چەپەوە دێتە ژوورێ.)

**عاقی:**

وا هاتم... بەڕاکردن دێم و دەچم. هەر هەموو سێدارەکانی وڵات ئامادەن... ئامادەین هەر هەنووکە بۆ لەسێدارەدانی گەورەی ئاخوندەکان.

**نەبوخز نەسر:**

هەر هەموو شاعیرەکان بگرە.

**عاقی:**

(هێدمەگرتی بووە) شاعیرەکان؟

**نەبوخز نەسر:**

مەرجە کەسیان نەمێنێت.

**عاقی:**

کەواتە با لە شاعیرانی داستانەوە دەست پێبکەین. ئەوان تا ڕادەیەک هێمنترن.

**نەبوخز نەسر:**

لە تەک شاعیرانی ڕۆمانسی و لیریکی و شانۆنامەنووسەکانیش.

(قایل دەبێت... عاقی دەڕواتە دەرێ.)



بەو شێوەیە دەتوانین ململانێی نێوان دەوڵەت و کڵێسا کۆتایی پێ بێنین.

**ئۆتناپشتم:**

دیسانەوە؟

**نەبوخز نەسر:**

تۆ بەپێویستی دەزانیت کە من ئەو کچە بخوازم.

**ئۆتناپشتم:**

من تێناگەم تۆ بۆ زووتر وات نەکرد.

(لە لای ڕاستەوە سەرۆک وەزیران دێتە ژوورێ)

**سەرۆک وەزیران:**

خاوەن شکۆ! هەنووکە فریشتەکە لەباخی شاردا نیشتۆتەوە و سەرگەرمی کۆکردنەوەی گوێزی هیندی و گرتنی مەلە خۆشخوانەکانە، بەدەم ئەم بەزمەوە دەستاودەست دەکات و لەم درەختەوە بۆ ئەو درەخت هەڵدەفڕێت.

(سکرتێری هەرە گەورەی ئاخوندەکان لەلای ڕاستەوە دێتە ژوورێ و بەگوێی ئوتناپشتم دا دەچرپێنێت.)

**ئۆتناپشتم:**

(بە شادومانییەوە) سکرتێرەکەم ئاگاداری کردمەوە کە خەڵکێکی یەکجار زۆر باوەڕیان بەکڵێسای فەرمی هێناوە و کتوپڕ ژمارەیان وەها زۆر بووە کە لە پێشبینی دەرچووە.

(سکرتێری ئاخوندەکان لیستێکی گەورە و لوولدراو دەردێنێت و دەیکاتەوە کە پڕە لە ناو و مۆری ئەو کەسانەی کە تازە بڕوایان هێناوە.)

**سەرۆک وەزیران:**

لە ڕووی ڕامیارییەوە دەرکەوتنی ئاسمانییانەی ئەو فریشتەیە بایەخێکی گەورەی هەیە و هەڵسەنگاندنی هەروا ئاسان نییە. خەڵکی شاگەشکە بوون. بەکۆمەڵ خۆ دەکوتنە ناو حەوشەی کۆشکەکە، هەر هەموویان داوا دەکەن کە جەنابی پایەدارتان مەرجە کوروبی لەخۆت مارە بکەیت. کچەکە بە کەژاوەیەکی دەستەبەری نەجیب-ی خاوەن بانق گەیاندراوەتە ئێرە. تاجە گوڵینەشی بەسەرەوەیە.

**ئۆتناپشتم:**

هەڵگەڕانەوە و ڕاپەڕینە؟

**سەرۆک وەزیران:**

هەر لە خۆیەوە و بێ بەرنامە و خۆئامادەکردن سەری هەڵدا، ئەوەش بەڵگەیە کە خەڵکی بابل ڕۆحێکی کۆنەپارێزییان هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تووشی جۆرێک لە دڵەڕاوکێمان دەکات.

**نەبوخز نەسر و نمرود:**

(پێکەوە) دەی... ئەو خەڵکە دروێنە بکەن.

**سەرۆک وەزیران:**

مەرج نییە ڕاپەڕینەکە سەرکوت بکرێت. گەر توانیمان با ئاراستەکەی بگۆڕین بەجۆرێک کە لە بەرژەوەندی خۆماندا بێت.

(نەبوخز نەسر و نمرود بە قووڵی بیر لەم هەڵوێستە دەکەنەوە.)

**نەبوخز نەسر و نمرود:**

(پێکەوە) گوێمان گرتووە.



**نەبوخز نەسر:**

تۆش هەمان قسەکانی من دەقۆزیتەوە... هەی پێخوست؟

**نمرود:**

ئاخر هەر بەتەنها تەخت و تاراجی تۆ نییە عەرشی هەردووکمان لە مەترسیدایە.

(هەردووکیان بەجۆرێک دەکەونە ناو دۆخی بیرکردنەوەیەکی قووڵ)

**نەبوخز نەسر و نمرود:**

تەخت و تاراجی هەردووکمان لە مەترسیدایە. ئێمە هەردووکمان چاوەڕێی پێشنیارەکانی تۆین... سەرۆک وەزیران.

**سەرۆک وەزیران:**

گەورە و پایەدارینە... تەخت و تاراجی بابل، ئەم دام و دەزگا مەزن و پایەدارە کە لە سەردەمێکی زۆر دێرینەوە بۆمان ماوەتەوە، کە لەلایەن گلگامش-ەوە دامەزرا، پاڵەوانی نەتەوایەتیمان، کە بووەتە سەنتەری ڕاستەقینەی هەر هەموو سەرزەمین، دواجار خەڵکیش لە دەوری کۆبوونەتەوە...

**نەبوخز نەسر و نمرود:**

چ لێدوانێکی جوان و سەرنجڕاکێش بوو.

**سەرۆک وەزیران:**

... دوای هەزارەها ساڵ ئەوەتا پایەکانی ئەو تەختە لە قوڕ چەقیوە و ناو و ناوبانگی نەما و بووە بەیەکێک لە پەڕپووتترین دەزگاکان کە لە هیچ سەردەمێکدا نموونەی وا خراپ نەبووە.

**نەبوخز نەسر و نمرود:**

ئەوە تۆ زاتی ئەوەت هەیە قسەی لەم جۆرە بکەی! هەی کابرای جەللاد....

(لە دەستە چەپەوە عاقی دەردەکەوێت، بەڵام سەرۆک وەزیران دووری دەخاتەوە.)

**سەرۆک وەزیران:**

خاوەن شکۆینە... پێویست بەوە ناکات خۆتان سەغڵەت بکەن. ئەمەیان وتارێکە سەبارەت بەکۆمەڵێک حەقیقەتی ڕامیاری، نەک بیروڕایەکی تایبەت بە کەسێک.

**نەبوخز نەسر و نمرود:**

دەتوانیت بەردەوام بیت.

**سەرۆک وەزیران:**

دەنێو سەردەستەی گروپ و چینەکاندا بووە بە باو کە هەر کەسە و خۆی بە(کۆماریخواز) ناوزەد بکات. هاتنە ژوورەوە و تێکترنجانی ئەو هەموو خەڵک و حەشاماتە دەنێو کۆشکدا تەنها نیشانە و بەڵگەیەکە. پێویستە زۆر بەتوندی دژی بوەستینەوە، ئەگینا ئەم ئیمپراتۆرییەتە مەزنەمان لەناودەچێت.

**نەبوخز نەسر و نمرود:**

هەروەکو بەفر لە باکووردا دەتوێتەوە ئەو کاتەی بەهار دێت.

**ئۆتناپشتم:**

سەرۆک وەزیران... پێشنیاری ئێوە چییە؟

**سەرۆک وەزیران:**

من دەڵێم با ئەو کچە، کوروبی، ببێت بە شاژن و تاجەکە لەسەر



بنێت، ئەو کچەی کە جوانییەکەی ئێسقانی کۆن و وشکی پیرێکی وەک منی تەڕ کردەوە.

**ئۆتناپشتم:**

ئەوسا ئایین و سیاسەت بەوپەڕی خۆشییەوە دەست دەخەنە ناو دەستی یەک بۆ سوود و قازانجی خۆیان.

**سەرۆک وەزیران:**

لە هیچ کات و سەردەمێکدا وا جوان و ڕێک ڕەخساو کارەکانمان بۆ فەراهەم نەبووە. وەک کەسێکی سیاسەتباز من زۆر کەیفخۆشم. ئێستا ئێمە ئەو بوارەمان بۆ ڕەخساوە کە ئایین بخەینە کار تا ئەو دەزگا و دامەزراوەی خۆمان توند و تۆکمەتر بکەین کە پایەکانی لەسەر بناغەیەکی سیاسی زۆر لەرزۆک و قرچۆک دامەزراوە. ئەمڕۆکە هەموو کەسێک بڕوای بە یەزدان و کوروبی خان هەیە. گەر ئێمە ئەم کچە بکەین بە شاژن، بۆ هەزارەها ساڵ بیرۆکەی "کۆماریخوازی" بنەبڕ دەبێت. ئەوەی کە زۆر پێویستە ڕێگا خۆشکردنە بۆ ویست و ئارەزووی خەڵکی، ئەوسا هەموو شت زۆر جوان بەدڵی ئێمە دەبێت و ڕێکوپێک دادەمەزرێت. سەرەڕای ئەوەش کە ئێمە ئاواتەخواز دەبین میراتگری ئەم تەخت و تاراجە زوو لەدایک ببێت و بۆ ئەوەشیان زوو دەقەومێت و زۆری پێ ناچێت. هەر لەبەر ئەوە... هەرچەندە توانای کارکردنی فەرمانبەرەکانم تا ئەو ئاستە و بەم شێوەیە، من بۆ خۆم پێم وانییە فەرمانڕەوایەک کە دەستەڵاتەکەی سنووردار بێت ناتوانێت ببێتە مایەی ناڕەحەتی و پشێوی، دیارە لە ڕوانگەیەکی سیاسییەوە کارێکی لەم جۆرە حەزی کەس نییە.

**نەبوخز نەسر و نمرود:**

ئەو کچە بێننە ژوورێ.

(سەرۆک وەزیران و گەورەی ئاخوندەکان گەرەکیانە بەدەرگای دروستکراوی سەر پەردەی پشتەوەدا بچنە دەرێ.)

**نەبوخز نەسر:**

بەڵام سەرەتا گەرەکمە قسەیەک لەگەڵ جەللادەکەمدا بکەم.

(ئۆتناپشتم و سەرۆک وەزیران هێشتا وەستاون و سەرسامن)

**ئۆتناپشتم:**

خاوەن شکۆ.. ئاخر پیاوێکی جەللاد چ پەیوەندییەکی لەتەک ئەم بۆنە و بەزمە خۆشەدا هەیە؟

**نەبوخز نەسر:**

با پێت بڵێم گەورەی ئاخوندەکان... لە ئیمپراتۆرییەتەکەی مندا هیچ بۆنەیەک نییە پەیوەندی بە جەللادەکەمەوە نەبێت. تۆ دەتوانیت بڕۆیت.

(سەرۆک وەزیران دەڕوات. عاقی لە دەستەچەپەوە دێتە ژوورێ. دەنگ و سەدای گۆرانی خۆشی و بەزمگێڕان دێتە گوێ.)

**عاقی:**

بفەرموو گەورەم... چی بووە؟

**نەبوخز نەسر:**

کابرای جەللاد... ئەم هەموو گۆرانی چڕینە چییە؟

**عاقی:**

شاعیرەکانن... سەرگەرمی سازدانی بەستە و گۆرانین.



**نەبوخز نەسر:**

بەئاشکرا دیارە کە دڵیان زۆر خۆشە.

**عاقی:**

ئاخر شاعیرانی بابل ژیانێکی ناخۆش و پڕ لە مەرگەسات ژیان، بەجۆرێک کە هەنووکە دڵیان بە بەندیخانە خۆشە.

**نەبوخز نەسر:**

لێم نزیک بەرەوە.

**عاقی:**

بەسەرچاو... گەورەم.

**نەبوخز نەسر:**

نزیکتر... دەتوانیت ئەو دەمامکەت لاببەیت.

**عاقی:**

من وام پێ چاکترە لاینەبەم.

**نەبوخز نەسر:**

من هەست بەدڵنیایی ناکەم تا تۆ زۆر لێمەوە نزیک نەبیتەوە.

**عاقی:**

بەڵام من ئەرکم زۆرە گەورەم. من سەرقاڵی کارێکی گەلێک گەورەم، ئەویش پاککردنەوەی زیندانەکانە و خۆئامادەکردنە بۆ پێشوازیکردن لە وەرزی بەهار.

**نەبوخز نەسر:**

تۆ شاعیرەکانت هەڵواسی؟

(شاعیرێکیان لەسەر شانۆکەدا دەڕوات و لەتر دەدات،

سوڕاحییەكی گەورەی پڕ لە مەی بەدەستەوەیە و لێی دەخواتەوە. عاقی بەدەست ئاماژەی بۆ دەكات كە لەو ناوە دوور بكەوێتەوە، لێی دەخورێتەوە، شاعیرەكە بەدەم لەتردانەوە دوور دەكەوێتەوە.)

**عاقی:**

من هەوڵ دەدەم ئەم بارودۆخەیان بۆ بگۆڕم.

**نەبوخز نەسر:**

من گەرەكمە وەک مرۆڤ لە بەرامبەر مرۆڤێكدا گفتوگۆت لەگەڵدا بكەم، وەک برایەكی خۆم. تۆ لە كۆشكەكەی مندا لە هەر هەموو فەرمانبەرەكانی دیكەم كەمتر پارە وەردەگریت و كەچی لە هەر هەمووشیان ماندووتری. هەر بۆیە من چەكێكت بۆ دەنووسم بە بەهای هەزار پارچە زێڕ.

(دەفتەری چەكەكان دەردەهێنێت. عاقی قەڵەمێكی دەداتێ و ئەمیش چەكەكە پڕ دەكاتەوە.)

**عاقی:**

گەر چەكەكەت بخوات.

**نەبوخز نەسر:**

تۆ تاكە كەسێكیت لەناو ئەم ئیمپراتۆرییەتەی مندا كە لە خۆی ناگۆڕێت و خاوەنی خۆتی- ئەو كەسەی كە دەبێت ببیت.

**عاقی:**

وا هەست دەكەم زیاد لە پێویست هەڵمدەدەیت گەورەم.

**نەبوخز نەسر:**

تۆ تاكە كەسێكیت كە متمانەت پێ بكەم. ئێستاش ئەو كچە



خەریكە بگاتە ئێرە كە دەزانیت چەندە خۆشم دەوێت. من گەرەكمە تاقی بكەمەوە. خۆ لەوانەیە ئێستاكە منی خۆش نەوێت چیتر. گوایە لە تەک هەندێک لەو شاعیرانە بەزم و ڕەزمی هەبووە، سەرەڕای ئەوەش... لەگەڵ عاقی دەرۆزەكەردا نێوانیان زۆر خۆش بووە.

**عاقی:**

تۆ دەتەوێت من چی بكەم؟

**نەبوخز نەسر:**

گەر زانیت ئەم كچە چیدیكە منی خۆش ناوێت... تۆ بیكوژە.

(سەرۆک وەزیران و گەورەی ئاخوندەكان، كوروبی-یان داوەتە پێش خۆیان و لە دەرگای ناو پەردەكەوە دێنە ژوورێ. كوروبی پێ خاوسە و جلەكانی بەری دڕاون.)

**سەرۆک وەزیران:**

(دێتە سەر شانۆ) ئەوە كچەكەیە.

(عاقی ون دەبێت. نەبوخز نەسر و نمرود بە دەمامكی زێڕین ڕووی خۆیان دەشارنەوە.)

**ئۆتناپشتم:**

وەرە... كچە ئازیزەكەم.

**سەرۆک وەزیران:**

ڕۆڵە شیرینەكەم... وەرە پێشێ.

(بەدیوی دەستە ڕاستدا سەرۆک وەزیران و ئۆتناپشتم دەكشێنەوە.)

**نەبوخز نەسر و نمرود:**

ئێمە پێشوازیت لێ دەکەین و بەخێرهاتنت دەکەین.

(کوروبی ڕێک وەستاوە و دەترسێت)

**کوروبی:**

جمکن!

**نەبوخز نەسر و نمرود:**

تۆ لەبەردەم پادشای بابل- دا وەستاویت.

(کوڕە گەلحۆکە لە پشتی شانۆکە سەرگەرمی هەڵبەز و دابەزینە)

**کوروبی:**

(دەترسێت) ئەوە کێیە؟

**نەبوخز نەسر و نمرود:**

مرۆڤێکی بەستەزمان و بێوەی کە جاروبار بەهەنگەشەلێ دێتە ناو کۆشک و دەیکا بەهەڵلا و زرمەزلێ.

(کوروبی زۆر بە وریاییەوە کەمەکێک نزیکتر دەبێتەوە.)

**کوروبی:**

ئەرێ ئێوەن کە لە هەموو کەسەکان بەهێزتریت؟

**نەبوخز نەسر:**

بەهێزترین.

**کوروبی:**

نیازتان چییە لەگەڵ مندا؟



**نەبوخز نەسر و نمرود:**

هەموو خەڵکی بابل خۆزگە دەخوازن تۆ ببیت بە ژنی من.

**کوروبی:**

من ناتوانم ژنی تۆ بم.

**نەبوخز نەسر:**

کەسێکی دیکەت خۆش دەوێت؟

(عاقی لە پشت کوروبی-یەوە دەردەکەوێت و نەبوخز نەسر دەست بۆ ساقی هەڵدەشەقێنێت.)

**کوروبی:**

بەڵێ کەسێکی دیکەم خۆش دەوێت.

**نەبوخز نەسر:**

یەکێکە لە شاعیرەکان؟ لەوە دەچێت ئەوان لە هەمووان پتر شێت و شەیدای تۆن.

**کوروبی:**

من شاعیرەکانم خۆش دەوێن. ئەوان زۆر ناسکن.

**نەبوخز نەسر:**

سەبارەت بەمەیان دوو بۆچوون لە ئارادا هەن.

**کوروبی:**

بەڵام من کە خۆشم دەوێن، تەنها وەک هەر کەسێکی دیکە کە شاعیرانی خۆش دەوێت.

**نەبوخز نەسر:**

تۆ لەسەر جادەکان و لەژێر پردەکاندا لەتەک پیرەمێردێکی

حەکایەتخوان و دەستبڕ و جامبازدا بینراویت، ئەو پیرەمێردە فێڵبازە حەکایەتی پەرییەکان و جنۆکەی بۆ خەڵکی گێڕاوەتەوە.

(عاقی بە تووڕەیییەوە پێ لە زەوی دەکوتێت.)

**کوروبی:**

من عاقی دەرۆزەکەرم وەک باوکم خۆشویستووە.

**نەبوخز نەسر:**

(ئاسوودەیە) ئەی کەواتە وەک کچێک کە کوڕێکی گەنجی خۆشبوێت، تۆ کێت خۆش دەوێت– وەک دڵدار؟

**کوروبی:**

پادشای گەورەم... من دەرۆزەکەرێکم خۆش دەوێت کە ناوەکەی زۆر ئاڵۆزە.

(نەبوخز نەسر ئاماژەیەک دەکات بۆ عاقی و ئەویش دەکشێتە دواوە.)

**نەبوخز نەسر:**

دەرۆزەکەرەکەی نەینەوایە؟

**کوروبی:**

(ئاسوودەیە) تۆ دەیناسیت؟

**نەبوخز نەسر:**

ئەو گەنجە بەدبەختە لەبیر خۆت بەرەوە. کارەسات بوو، زۆر نائومێد و زۆر تەنیا.

**کوروبی:**

ناتوانم لەیادی بکەم.



**نەبوخز نەسر:**

تەواو... ئەو کابرایە بزر بوو. تازە مەگەر ناوەکەی لە لیستی فەرمانبەرەکاندا بدۆزیتەوە.

**کوروبی:**

هەتا هەتایە بەدوایدا دەگەڕێم.

**نەبوخز نەسر:**

ئەم وەک تارماییەک لە کەنار ڕووباری فورات– دا و دەنێو تەمومژدا دەرکەوت. دوور لەو کەم کەسانەی کە لەسەر شۆستەی بەندەرەکە وەستابوون. جارێکی دیکە کەس ئەو تارمایییەی نەبینیوەتەوە.

**کوروبی:**

من بینیم.

**نەبوخز نەسر:**

هەندێک جار مرۆڤ ئەوە دەبینێت کە خەیاڵی لێ دەکاتەوە.

**کوروبی:**

من لە ئامێزم کرد و ماچم کرد.

**نەبوخز نەسر:**

تۆ بەدوای کەسێکدا دەگەڕێیت کە بوونی نییە.

**کوروبی:**

من دڵنیام هەیە، چونکە من خۆشم دەوێت.

**نەبوخز نەسر:**

تۆ کەسێکت خۆش دەوێت کە هەرگیز نایدۆزیتەوە.

**کوروبی:**

ڕۆژێک دێت ئەو کەسەی کە خۆشم دەوێت لە شوێنێکدا بیدۆزمەوە.

**نەبوخز نەسر:**

کەواتە بڕۆ.

**کوروبی:**

(کڕنوش دەبات) زۆر سوپاس... پادشای گەورەم.

(نەبوخز نەسر و نمرود دەمامکەکان لەسەر ڕوویان وەلادەدەن. کوروبی هەر کە سەر هەڵدەبڕێت، یەکەم جار نمرود دەناسێتەوە.)

**کوروبی:**

ئەوەتا... ئەو دیلەی ئاوم دا پێی!

**نمرود:**

خۆیەتی... منم.

(کوروبی نەبوخز نەسر دەناسێتەوە و قریشکەیەک دەکات.)

**کوروبی:**

دەرۆزەکەرەکەی خۆمە!

**نەبوخز نەسر:**

خۆیەتی... منم.

**کوروبی:**

پادشا!

**نەبوخز نەسر:**

ئەو کەسەی کە هەرگیز گومانی لە خۆشەویستی تۆ نەبووە.





**کوروبی:**

خۆشەویستەکەی خۆم.

(ڕەنگی زەرد هەڵگەڕاوە و بڕوا ناکات، لە پادشا ورد دەبێتەوە ئەو کاتەی لە تەختەکەی دێتە خوارێ و لێی نزیک دەکەوێتەوە.)

**نەبوخز نەسر:**

ئەو دەرۆزەکەرەی کە تۆ بەدوایدا دەگەڕێیت بوونی نییە چونکە هەرگیز کەسێکی لەو جۆرە نەخوڵقاوە. ئەمە تارمایی و خەیاڵی شەوێک بوو، پاشان نەما و چووە دونیای نەبوونەوە. تۆ ئەو کەسەت بزر کرد و منت دۆزییەوە. ئەوسا دەرۆزەکەرێکت خۆش دەویست. هەنووکە پادشایەکت خۆشدەوێت. لەبری ئەو پێلەقانەی بەرت کەوتن من هەنووکە هەر هەموو سەرزەمینت پێ دەبەخشم، چونکە ئەوەتا سوپاکەم ڕووەو گوندەکانی ئەودیو لوبنانیش مل دەنێن. لە تەنیشت من دادەنیشیت و قاچ دەخەیتە سەر سەری نمرود. کێ مەزن و پلەدارە لە ئیمپراتۆرییەکەی مندا دێتە بەردەمت و کڕنوش دەبات، قوربانی ئەوتۆ بەئاسمان دەبەخشم کە لە مەزەندە و حیسابکردن دەربچێت.

(پادشا دەستی کچەکە دەگرێت و ڕووەو عەرشەکە دەیبات.)

**کوروبی:**

(هەروەک ئەوەی لە خەو وەئاگا بێت.) تۆ پاشایت. بەڵام ئەوکاتەی فریشتەکە منی بە تۆ بەخشی لەبەرئەوە بوو کە تۆ دەرۆزەکەریت.

**نەبوخز نەسر:**

من هەرگیز دەرۆزەکەر نەبووم. من بۆ هەمیشە پادشا بووم. ئەو

کاتەی تەنها بەرگەکەی خۆم گۆڕی بوو... ئەو کاتە ساختە بووم من.

**کوروبی:**

تۆ هەنووکە خۆت نیت و ساختەیت.

**نەبوخز نەسر:**

خانمی ئازیز... تۆ شتەکانت لە لا تێکەڵ بووە.

**کوروبی:**

لەکەنار ڕووباری فورات- دا تۆ ئەو پیاوە بوویت کە خۆشم ویستیت. تۆ ئێستا ئەو خێوەی کە دەمترسێنیت.

**نەبوخز نەسر:**

تۆ ڕووکەش و شتە ڕاستەقینەکان تێکەڵ دەکەیت.

**کوروبی:**

تۆ بەتەنها وەک دەرۆزەکەر بۆ من کەسێکی ڕاستەقینەیت.

**نەبوخز نەسر:**

من تەنها وەک دەرۆزەکەر خۆم نیم و ساختەم.

**کوروبی:**

وەرە با بڕۆین.

**نەبوخز نەسر:**

ئازیزەکەم کوروبی... گەرەکە من فەرمانڕەوای ئەم دونیایە بم.

**نمرود:**

(بەگاڵتەوە) گەرەکە من فەرمانڕەوای ئەم دونیایە بم.

(ئەم هەوڵ دەدات بگاتە سەر تەختی پاشایەتی، بەڵام نەبوخز نەسر یەکەم جار دەگاتە عەرشەکە.)



**نەبوخز نەسر:**

بکەوە... تۆ... لەسەر زەوی.

(نمرود ناچار دەکات کە لەبەر پێیان بکەوێت و ببێت بە سەکۆی ژێر پێیەکانی. کوروبی لە هەردوو پادشاکە نزیک دەبێتەوە ئەو وەختەی لە گەرمەی ململانێدان، کوروبی هەردوو باسکی لە ملی نەبوخز نەسر-ەوە دەئاڵێنێت.)

**کوروبی:**

تووخوا واز لەو خەونە ناخۆشە بێنە و با ئەو مۆتەکەیە نەمێنێت. تۆ پادشا نیت. دەی دیسانەوە ببەوە بەخۆت، ئەو دەرۆزەکەرەی کە هەمیشە بوویت. من تۆم خۆش دەوێت. با لەناو ئەم خانووە بەردینە بچینە دەرێ و ئەم شاری بەردە بەجێ بێڵین. من دەرۆزەت بۆ دەکەم و ئاگام لێت دەبێت. بەنێو هەرد و وەردەکاندا دەگەڕێین و ڕووەو ئەو سەرزەمینەی کە فریشتەکە باسی کرد. بیابانەکان تەی دەکەین و ناترسین. شەوانە دەست لەملانێ و دەنێو باوەشی یەکدیدا لەسەر زەوییەکە دەخەوین، لەبن درەختەکان و ژێر ئاسمانی پڕ لە ئەستێرەدا.

**نەبوخز نەسر:**

گەورەی ئاخوندەکان.

(ئۆتناپشتم لە دەرگای دەستە ڕاستەوە دێتە ژوورێ.)

**ئۆتناپشتم:**

بفەرموو گەورەم... چیت گەرەکە؟

**نەبوخز نەسر:**

هەر ئێستا کۆنە پادشای ترۆکراو خەریک بوو تەخت و تاراجم

لێ داگیر بکات، ئەم کچەش دەخوازێت کە ببم بە دەرۆزەکەر. ئەم لەوە تێناگات کە من هەرگیز دەرۆزەکەر نەبووم. ئەم هەموو گەڕان و سووڕانەی لە تەک فریشتەکەدا و جگە لەوەی کە شاعیرەکانیش مێشکیان پڕ کردووە لە شتی پڕو پووچ. تکایە بیدوێنە. ئەم خانمە سەبارەت بە کاروباری مرۆڤەکان هیچ نازانێت.

(نەبوخز نەسر سەغڵەت و ناقایلە و لەسەر تەختەکەی خۆی دادەنیشێت. گەورەی ئاخوندەکان ڕووەو لای ڕاست کوروبی پەلکێش دەکات و پێکەوە دادەنیشن.)

**ئۆتناپشتم:**

(بە سۆزەوە) ڕۆڵەکەم... من گەورەی ئاخوندەکانم لە بابل.

**کوروبی:**

(دڵخۆشە) ئۆو... کەواتە تۆ هەمیشە بیر و ئەندێشەت لەلای خودایە؟

**ئۆتناپشتم:**

من هەمیشە بیر و ئەندێشەم لەلای خودایە.

**کوروبی:**

ئەرێ تۆ خودا چاک دەناسیت؟

**ئۆتناپشتم:**

(کەمەکێک پەشیمان و پاشگەزە) بەئەندازەی ناسینی تۆ نییە... ڕۆڵەکەم. چونکە تۆ زۆر نزیک بوویت لە یەزدان و بەدیداری شاد بوویت. من جگە لە مرۆڤێکی ئاسایی هیچی



دیکە نیم. خوداش خۆی لە ئێمەی ئادەمیزاد شاردۆتەوە. لەوەدایە ئێمە نەتوانین بیبینین. مەگەر تەنها بەدوایدا بگەڕێین. ڕۆڵەکەم... تۆ پادشات خۆش دەوێت؟

**کوروبی:**

من ئەو دەرۆزەکەرەم خۆش دەوێت کە فریشتەکە منی کرد بە خەڵاتی.

**ئۆتناپشتم:**

پادشا و دەرۆزەکەرەکە هەر یەکێکن و هەمان کەس. جا کەواتە تۆ پادشاشت خۆش دەوێت.

**کوروبی:**

(ڕووی خۆی دەشارێتەوە) جگە لە دەرۆزەکەرەکە کەسی دیکەم خۆش ناوێت.

**ئۆتناپشتم:**

(بەدەم خەندەوە) کەواتە تۆ گەرەکتە پادشا ببێت بە دەرۆزەکەر؟

**کوروبی:**

من تەنها گەرەکمە ئەوە بکەم کە فریشتەکە داوای لێ کردووم.

**ئۆتناپشتم:**

ئەو کەسەی کە تۆی هێنا بۆ دەرۆزەکەرێک کە خودی خۆی پادشایە. من تێدەگەم کە تۆ لەنێوان دوو ڕێگادا ڕاماویت. تۆ هەنووکە ناتوانیت بۆ خۆتی ساغ بکەیتەوە ئاخۆ تۆ گەرەکتە ببیت بە شاژن یان پادشا بکەیتەوە بە دەرۆزەکەر... وا نییە.. ڕۆڵەکەم؟

**کوروبی:**

ڕاستە... باوکی بەڕێزم.

(دوو شاعیرەکە دێنە ژوورەوە و ئێسقانی مەڕ دەکرێننەوە و هەر یەکە و سوراحی پڕ لە مەی وا بەدەستەوە، بەلارەلار و بەدەم لەتردانەوە وەژوور دەکەون، بەڵام عاقی پشتی ملیان دەگرێت و فڕێیان دەداتە دەرەوە بەرلەوەی کەس هەستیان پێ بکات. تەنها نەبوخز نەسر بەئاراستەی ئەوان بەوپەڕی نائارامییەوە ئاماژەیان بۆ دەکات بەنیازی تێخوڕینەوە، ئەوکاتەی کە هەرا و دەنگە دەنگەکە سەغڵەتی دەکات، بەڵام بێ ئەوەی چاو لە ئۆتناپشتم و کوروبی بتروکێنێت کە ورد ورد گوێی بۆ سەرۆکی ئاخوندەکان شل کردووە و کەمەکێک خۆی نوشتاندۆتەوە بۆ پێشەوە.)

**ئۆتناپشتم:**

ئەوکاتەی کە من گەنج بووم، سەروەختی تۆفانەکە، وای بۆ دەچووم کە ئاسمان ئەوپەڕی ملکەچی و گوێڕایەڵی لە ئێمە گەرەکە، ئێمەی ئاخوند کە قسان دەکەین بەشێوەیەکی زۆر سەیر زمانێک دەدۆزینەوە بۆ گوزارشتکردن لەم مەسەلانە. چەندە تەمەنم هەڵدەکشا، دەمتوانی ئاشکراتر تێبگەم کە ئەو بۆچوونە تەواو پێچەوانەیە. بەر لە هەموو شت ئاسمان بەتەنها ئەوە لە مرۆڤ دەخوازێت کە دەرەقەتی دێت. ئاسمان ناتوانێت هەروا ئاسان و بە چەقەنەیەک وامان لێ بکات تەواو و بێ کەموکوڕی بین، گەر هەوڵی وا بدات جگە لە تێکشکاندنی ئێمە هیچ ئاکامێکی نابێت. کەواتە ئاسمان بە کەموکوڕییەکانمانەوە



ئێمەی خۆش دەوێت و لە تەک ئێمەدا بەئارام و پشوو درێژە و هەمیشە دڵی بەوە خۆشە دەستمان بگرێت و بمانخاتە سەر ڕاستەڕێ، بەوپەڕی سۆز و خۆشەویستییەوە، هەروەک باوکێک کە دەستی کوڕە بچکۆلەکەی خۆی دەگرێت، پاشانیش بۆ ماوەی هەزارەها ساڵ هەوڵ دەدات هێدی هێدی فێرمان بکات.

**کوروبی:**

وایە باوکی بەڕێز.

**ئۆتناپشتم:**

هەر لەبەرئەوەشە کە ئێمەی مرۆڤ بەهەڵەدا چووین گەر وا بزانین ئاسمان وەک مامۆستایەکی توندوتیژ فەرمانی نابەجێ بەسەر ئێمەدا دەسەپێنێت کە جگە لە شڵەژان و سەر لێ تێکچوون هیچ ئاکامێکی نابێت، سەرباری زیان و گۆبەندێکی وەها گەورە کە هەر هەموومان پێوەی بتلێینەوە. تۆ لە من تێدەگەیت.. ڕۆڵەکەم؟

**کوروبی:**

باوکی بەڕێز... تۆ بۆ من زۆر باشیت.

(سەرۆک وەزیران دەنێو دەرگای کراوە لە پەردەکەدا دەردەکەوێت.)

**سەرۆک وەزیران:**

ئەرێ کەسێک هەیە پیرۆزباییمان لێ بکات؟

**نەبوخز نەسر:**

هەر ئێستا لە باس و خواسی ئەوەدا بووین.

(سەرۆک وەزیران دەڕوات. هەر بە ئاماژەیەکی ئۆتناپشتم،

نەبوخز نەسر لە تەختەکەی دادەبەزێت و یەکسەر ڕووەو لای گەورەی ئاخوندەکان و کوروبی دەچێت کە لەوێدا وەستاون.)

**ئۆتناپشتم:**

کەواتە ئەوەتا تۆ و پادشا لە بەرامبەر یەکدیدا وەستاون. ئەگەر دەقاودەق فەرمانەکەی ئاسمان لێک بدەیتەوە، بەو ئاکامە دەگەیت کە مەرجە پادشا دیسانەوە ببێتەوە بەدەرۆزەکەر چونکە ئەو کاتەی پێشوازی لە تۆ کرد جل و بەرگی دەرۆزەکەرانەی لەبەردا بوو، ئەوسا هەموو خەڵکی دووچاری سەرلێشێوان و پشێوی دەبێت. هەموو پیاوەکان دەیانەوێت پادشاکانیان بەر خێر و خۆشی خواهانە بکەون، نەک دەرۆزەکەرەکانیان. ئەوان گەرەکیانە تۆ وەک شاژنێک ببینن، نەک وەک کەسێکی هەژار و لە بەرگێکی هەلاهەلادا. تۆ دەتوانیت یارمەتییان بدەیت... ڕۆڵەکەم، چونکە ئەوان پێویستییان بەو یارمەتییەی تۆ هەیە. تۆ دەتوانیت پادشا بخەیتە سەر ڕاستە ڕێگاکان، هەڵبەتە ئەو بەو یارمەتییەی تۆ سەردەکەوێت و باشتر دەبێت. شووی پێ بکە، بۆ ئەوەی داوا و نزامان بۆ ئاشتی و ڕاستی و دادپەروەری بگاتە ئاسمان و پەسند بکرێت.

(گەورەی ئاخوندەکان خەریکە دەستی نەبوخز نەسر و کوروبی بخاتە ناو دەستی یەکدی، ئا لەو کاتەدا سەرۆک وەزیران دێتە ژوورێ.)

**سەرۆک وەزیران:**

گەرەکە ئێمە لەگەڵ شۆڕشڤانەکاندا بکەوینە گفتوگۆ. ئەوان



بەرد دەگرنە پەیکەری مەزنی خاوەن شکۆ... پەیکەری دوو سەر.. سەری پادشای گەورەمان و پادشای کۆن.

**ئۆتناپشتم:**

پەیکەرەکەی منیش؟

**سەرۆک وەزیران:**

هی تۆ زیانی پێ نەگەیشتووە و بە گوڵ داپۆشراوە.

**ئۆتناپشتم:**

سوپاس بۆ خودا. وای لێدێت کە خەڵکی بێنە سەر دینی ئێمە و بڕوا بە کڵێساکانمان بکەن.

(نمرود هەڵێک دەقۆزێتەوە و ڕووەو تەختی پادشا پێدزکە دەکات.)

**نمرود:**

با هەر هەنووکە سوپاکەمان سەرگەرمی هێرش و پەلامار بێت.

**سەرۆک وەزیران:**

چۆن دەکرێت؟ سوپا تا ئەودیوی گوندەکانی لوبنان ملی ناوە و لە پاسەوانانی کۆشک تەنها پەنجا کەسمان ماوە.

**ئۆتناپشتم:**

کەواتە بابل بوو بە قوربانی حەز و ئارەزووی هەمیشەیی داگیرکردنی دونیا.

**نەبوخز نەسر:**

(لەو شوێنە کەوتووە کە پێشتر نمرودی لێ بوو... بە خەمەوە دەدوێت.)

ئەوەندەی نەبرد کە بووم بە پادشا و کەچی زوو لێکەوتم و بووم بە سەکۆی بەر پێیان. هەرگیز گۆڕانی وا خێرا لە دونیای ئاڵوگۆڕی شتەکان و کەسەکاندا ڕوویان نەداوە. ڕوون و ئاشکرایە کە کارەساتێکی گەورە و گەردوونی هەڕەشەمان لێ دەکات.

**سەرۆک وەزیران:**

خاوەن شکۆ... ئەوەی تۆ دەیڵێیت کەمەکێک زیادەڕەوی تێدایە. خەڵکی وەکو ئێمە هەمیشە و بەجۆرێک لە جۆرەکان سەردەکەونەوە.

**نمرود و نەبوخز نەسر:**

سەرۆک وەزیران... چی بکرێت چاکە؟

**سەرۆک وەزیران:**

خاوەن شکۆ... مەرجە سەرەتا لە خۆمان بپرسین: هۆی سەرەکی ئەم شۆڕش و هەڵگەڕانەوەیە چییە؟

**نمرو و نەبوخزنەسر:**

سەرۆک وەزیران... لەخۆت بپرسە.

**سەرۆک وەزیران:**

زۆر سادە و ئاسانە کە بزانین ئەو خەڵکە حەز دەکەن کوروبی ببێت بە شاژنمان، هەر ئەم خۆزگەیە وای کردووە بابلییەکان بێنە سەر جادە. هەرچەندە هات و هاواری خەڵکی پێشنیاری شتێکی وا دەکات و هەر لەوەش دەچێت، وەلێ سیاسەتبازی بەئەزموون دید و بۆچوونی جیاوازی هەیە. هۆکاری ڕاستەقینە



بۆ ئەم بەزمە شتێکی دیکەیە. لەوە دەچێت دەرکەوتنی ئەم فریشتەیە زۆر ئاسایی بەمەبەستی لاوازکردن و بنکۆڵکردنی دەستەڵاتی دەوڵەت بووبێت.

**ئۆتناپشتم:**

من ناچارم دژی ئەم بۆچوونەت قسەم هەبێت. نەک تەنها ئەگەری وا مەحاڵە، بەڵکو گەر کەمێک بەوردی بیر لە قسەکانی فریشتەکە بکەینەوە کە من بۆ خۆم هەموویانم تۆمار کردووە، لە ڕووی لاهوتییەوە هەر هەمووی پەسندە، هیچ ئاماژەیەکی زیانبەخشی تێدا نابینم بۆ دەوڵەتەکەمان و بگرە هیچ بۆنی هەڵگەڕانەوە و شۆڕشی لێ ناکرێت.

**سەرۆک وەزیران:**

ئێوەی مەزن و پایەدار بە هەڵە لێم تێگەیشتن. من ڕەخنەم لە فریشتەکە نەگرتووە، بەڵام دەرکەوتنی ئەم لەسەر زەمین، لای من تەواو ژەهراوییە. لەم ساتەوەختەدا، بۆ نموونە، ئەم بەسەر (باخچەی سێدارە)وە هەڵدەفڕێت و ڕووەو باشوور باڵ لێکدەدات و سەری خۆی دەخاتە ناو دەریاوە و نوقمی دەکات. من دەپرسم: ئاخۆ ئەوەیان ڕەفتارێکی دروستە، دەوڵەت و فەرمانڕەوایەتی بەتەنها ئەو کاتە تەواوە و شیرازەی لێکدی ناپچڕێت کە ئەگەر ئاسمان وەک خۆی ئاسمان بێت و سەرزەمینیش سەرزەمین بێت، چونکە سەرزەمین واتا ژیانێکی ڕاستەقینە و بەرجەستە کە دواجار مەرجە سیاسەتکارەکان سەروسەودای لەتەکدا بکەن، ئاسمانیش تیۆرەیەکی سیحرئامێز و جوانە بۆ تێڕامانی لاهوتییەکان کە دواجار

پێویست بەوە ناکات کەسێکی دیکە خۆی پێوە سەغڵەت بکات.

بەهەرحاڵ، گەر ئاسمان ببێت بە واقیعێکی بەرجەستە وەک هەنووکە کە ڕووی داوە لە سۆنگەی دەرکەوتنی فریشتەکەوە، ئەوسا کۆی ئەو سیستەمە دادەڕووخێت کە پەیوەندی مرۆڤەکانی لەسەر زەوی ڕێک خستووە، گەر ئاسمان و کارەکانی بەرجەستە و بەرچاوبن، بێگومان دەوڵەت وای لێ دێت ببێت بە گەمەی خەڵکی. ئەوەتا ئێستاش وا بەچاوی خۆمان دەرئەنجامی ئەو بێباکی و کەمتەرخەمییە گەردوونییە بەدی دەکەین: ئەوەتا خەڵکی دژی ئێمە هەڵگەڕاونەتەوە. بۆچی؟ چونکە زەماوەندەکە بە پەلە و بەگوێرەی ڕێوڕەسمی ئایینی ئاهەنگی بۆ ساز نەکرا. ئەوەندە بەسە فریشتەیەک بە چواردەورماندا باڵەفڕە بکات، ئەوسا دەبینین کە هەرچی شکۆ و ڕێز هەیە لە دەستی دەدەین.

**نمرود و نەبوخز نەسر:**

ئێمە بەرچاومان زۆر ڕوون بۆوە.

**سەرۆک وەزیران:**

کەواتە... چاکترین شت ئەوەیە کە ئێمە بەفەرمی نکوڵی لە بوونی ئەم فریشتەیە بکەین.

(ترس و تۆقین دایاندەگرێت)

**ئۆتناپشتم:**

نەشیاوە. هەر هەموو خەڵکی بینییان.

**سەرۆک وەزیران:**

ئێمە ڕایدەگەیەنین کە ئەوەیان نواندن "ئورشنابی" ئەکتەر بوو



نەک فریشتە، ئورشنابی لە شانۆی کۆشکەوە.

**نەبوخز نەسر:**

چەندە دژوار و پێچەوانەیە! هەر تۆزێک لەمەوبەر تۆ بەدەرکەوتنی فریشتەکە دڵخۆش بوویت.

**نمرود:**

ئاخر تۆ دەتویست ئایین بکەیت بە ئامرازێک و پایەکانی سیستەم و هەیکەلی سیاسەتی خۆتی پێ توند و تۆڵ بکەیت و بەوەش بتوانیت ڕۆحی کۆماریخوازەکان تەفروتوونا بکەیت.

**سەرۆک وەزیران:**

(دەنووشتێتەوە) پیاوی سیاسەتباز چەندە لەگەڵ خۆیدا دژوار و ناکۆک بێت، ئەوەندە پتر پایەدارتر دەبێت.

**ئۆتناپشتم:**

من لەڕووی لاهوتییەوە بە هاتنی ئەو فریشتەیە دڵشاد نیم... هیچ. بەڵام کڵێسای دەوڵەتیمان کە سەرلەنوێ زیندوو بۆتەوە، بۆ ئەوەیان قەرزاری فریشتەکەین.

**سەرۆک وەزیران:**

ناهێڵین جارێکی دیکە کەس ئەم کڵێسایە بەجێ بێڵێت هەتا گەر باجەکەی ئازاری مەرگیش بێت.

**ئۆتناپشتم:**

گەرچی من هیچ شتێکم نییە دژی خودا نەناسەکان و دانی پێدا دەنێم کە هەندێ شت مافی خۆیانە، بەڵام حەز دەکەم نیوەی داهاتی نەتەوە هی من بێت.

**سەرۆک وەزیران:**

هەرگیز نەشیاوە... گەورە و پایەدارم.

**ئۆتناپشتم:**

لەم حاڵەتەیاندا نکوڵیکردن و بڕوا نەهێنان بەفریشتەکە ڕەت دەکەمەوە.

**سەرۆک وەزیران:**

شۆڕشەکە هەڕەشە لە هەر هەموومان دەکات.

**ئۆتناپشتم:**

من نا... سەرۆک. ئەمەیان شۆڕشێکە دژی پادشاکان، نەک دژی کڵێسا. من لەم ساتەوەختەدا بەناوبانگترین سیاسەتکاری بابل-م. مەرجە نیوەی داهاتی وڵاتم پێ ببەخشن، یان ئەوەتا دەوڵەتێکی ئاینی دادەمەزرێنم.

**سەرۆک وەزیران:**

باشە... با یەک لەسەر سێی داهاتەکە بۆ تۆ بێت.

**ئۆتناپشتم:**

نیوەی.

**سەرۆک وەزیران:**

کەواتە من داوات لێ دەکەم لە بری ئەوە بڕوات بە فریشتەکە نەبێت و بە تەواوی نکوڵی لێ بکەیت... گەورەم.

**ئۆتناپشتم:**

لە هەموو کڵێساکانەوە ڕادەگەیەندرێت.



**نەبوخز نەسر:**

(هێشتا دوودڵە) بەڵام من ویستم لەگەڵ ئاسماندا ئاشت ببمەوە.

**ئۆتناپشتم:**

ئاسانە و دەکرێت. بەتەواوەتی و بەتایبەتی شیاوە و دەکرێت.. خاوەن شکۆ. تۆ تەنها ئەو کچە مارە بکە. هیچ شتێک نییە ئەوەندەی زەماوەندێکی پڕ لە بەزم و خۆشی ئاسمان شادومان بکات.

**سەرۆک وەزیران:**

من هیچ شتێکم نییە دژی ئەم ئاشتبوونەوەیە بە مەرجێک زەماوەندەکە زۆر بەنهێنی بێت. بەڵام من ناچارم سوور بم لەسەر ئەوەی کە لە داهاتوودا دەرکەوتنی فریشتەکە جوان ڕێکبخرێت.

**نمرود و نەبوخز نەسر:**

کەواتە مەرجە ڕێک بکەوین لەسەر دەستنیشانکردنی ئەو شوێنەی کە کوروبی لێوەی هاتووە.

**سەرۆک وەزیران:**

ئێمە وا بڵاوی دەکەینەوە کە کوروبی کچی ونبووی دوق (لاماش)ـە.

**نمرود و نەبوخز نەسر:**

دەرحاڵ بەڵگەنامەی پێویست لە ئێستادا ئامادە بکەن.

**سەرۆک وەزیران:**

(نووسراوێکی سەر پێستە دەخاتە بەرچاوان) ئۆفیسەکەی من دەستبەجێ هەموو شتێکی ئامادە کردووە.

**نمرود و نەبوخز نەسر:**

هەر ئێستا چی پێویستە جێبەجێی بکەن.

(سەرداری پاسەوانەکان لە دەرگای ناو پەردەکەوە دێتە ژوورێ، دیارە کە زەبری قورسیان بەرکەوتووە.)

**سوپاسالار:**

بە دار و بەرد دایانگرتینەوە و لێیان داین. پاسەوانەکان هەڵدەکوتنە سەریان. ئەوانیش کۆڵەگەی گەورەیان هێناوە و زرم و کوت گەرەکیانە دەرگاکان بکوتن و بێنە ژوورەوە.

(یەکەمین زرم و کوتی کۆڵەگە و کاریتەکان دەبیسترێت.)

**نمرود:**

تەواو... کۆتاییمانە.

(بە ڕاکردن لە تەختی پادشا دوور دەکەوێتەوە، بەڵام سەرۆک وەزیران و سەرۆکی ئاخوندەکان ڕایدەگرن.)

**سەرۆک وەزیران:**

(پێکەوە) خۆڕاگری و توند و تۆڵی... خاوەن شکۆ... لەتەک هێوری و پشوو درێژیدا. تاوەکو ئێمە بتوانین بەفەرمی نەخشە و پلانی خۆمان ورد داڕێژین... هیچ مەترسی ئەوە لە ئارادا نییە بیدۆڕێنین.

(بەهەردووکیان نمرود ڕووەو تەختەکە پەلکێش دەکەن کە هەنووکە نەبوخز نەسر جارێکی دیکە داگیری کردۆتەوە.)

**نەبوخز نەسر:**

(ئاسوودەیە) ئەوەتا دیسانەوە وام لەسەر تەختەکە و لەسەری سەرەوەم.



**سەرۆک وەزیران:**

(بەشێوەیەکی فەرمی ڕوو دەکاتە کوروبی) ڕۆڵە شیرینەکەم. بۆ ڕێز و پاراستنی جوانی و شکۆمەندی تۆ، بۆ گوزارشتکردن لە خۆشەویستی. خۆی، خاوەن شکۆ وای بەچاک زانیوە کە وای ڕابگەیەنێت کە تۆ کچە ونبووەکەی دوقی (لاماش)یت، کچەکەی دوق بەدبەخت بوو بەجۆرێک لەجۆرەکان چونکە ساڵی پار باوکی کە سیاسەتکارێکی ناودار بوو تیاچوو ئەوەش هەژاری و نەبوونی ئەمڕۆکەی تۆ دەسەلمێنێت، گوایە لە دۆخێکی ناهەمواردا تۆی لە کەنار فورات و لەناو زەمبیلەیەکدا بەجێ هێشتووە، هەڵبەتە دوایی مێژونووسەکان ئەم بارودۆخە ڕەسم دەکەن و بۆ تۆی پینە دەکەن. ئەوەشیان دەبێتە بەڵگەنامەیەکی فەرمی، ئەوسا گومان لە ڕەچەڵەکی تۆ ناکات. لەبەر ئەوە تکات لێ دەکەین کە تۆ ئەم شتانە بەخەڵکی ڕابگەیەنیت و واش بکەیت بڕوا بکەیت.

**کوروبی:**

(دەترسێت) بۆ هەر هەموو خەڵکی؟

**سەرۆک وەزیران:**

ئەم شتە ڕووکەشییانە زۆر پێویستە. ئێستا دەچینە ناو باڵکۆنەکە و دە کەس دەبەین تاوەکو کەڕەنا لێبدەن.

**کوروبی:**

کەواتە من نکوڵی لەو خواوەندە بکەم کە دروستی کردووم؟

**ئۆتناپشتم:**

هەڵبەتە نەخێر... ڕۆڵە شیرینەکەم.

**کوروبی:**

ئەی نکوڵی لەوە بکەم کە فریشتەکە منی هێنایە سەر زەمین؟

**ئۆتناپشتم:**

ئەویشیان نا... کچە شیرینەکەم. ئێمە خۆمان دەزانین کە تۆ لە کوێوە هاتوویت و زۆر شوکرانەبژێرین کە ئێمە خۆمان ئەو ئەزموونەمان بینی و موعجیزە بوو. کەس نایەوێت تۆ ئەو ڕاستییە و ئەو زانینە لەدڵی خۆتدا بکوژیت. بەپێچەوانەوە، دەنێو ڕۆحی خۆتدا وەک نهێنییەک بیپارێزە. ڕۆڵەکەم... ئەوەی کە ئێمە لەتۆی دەخوازین، بەتەنها ڕوونکردنەوەی ڕاستییەکی سەراسیمەیە و ئەویش بۆ بەرچاوی خەڵکی و بڵاوکردنەوەیە، بۆ ئەو خەڵکەی کە ئامادەیە بۆ هەر شتێکی زۆر سادە دونیا پڕ بکەن لە هەڵچوون و داچوونێکی بێ مانا.

**کوروبی:**

باوکی بەڕێز... تۆ وتت کە هەمیشە بیر لە یەزدان دەکەیتەوە. بڕوا ناکەم ڕێگەی شتێکی وا بدەیت.

**ئۆتناپشتم:**

(ناشادە) ڕۆڵەکەم... ئاواهی چاکترە.

**کوروبی:**

کەواتە تۆش هەمان بیر و بۆچوونی سەرۆک وەزیرانت هەیە.

**ئۆتناپشتم:**

هەرگیز.. کچە شیرینەکەم. بەڵام ئەرکی منیشە کە نەهێڵم ئاسمان زیان لەخۆی بدات. مێشکی خەڵکانی بابل پڕ بووە لە



ئەفسانە و شتی پڕو پووچ و لە عەقڵ بەدەر، گوایە هەندێک لە ڕۆحلەبەرەکان قۆڵ و باسکیان هەیە و گوایە خوداوەندەکانیش باڵیان هەیە. لە وانە لاهوتییەکانی خۆمدا خەڵکی فێر دەکەم کە خودا تاک و تەنیایە. ئێستا وا خەریکە خەڵکانی بەهێز و دەستەڵاتدار هێدی هێدی دێنە سەر بڕواکانی من. هاتنی ئەو فریشتەیە دەبێتە مایەی پشێوی و سەر لێشێوان و ڕێگە خۆش دەکات بۆ چەندەها بیر و بۆچوونی کەم و ناتەواو. ئەم پەیامنێرەی خودا لە ناکاو شالاوی هێنا و زۆر زوو هەموو شتێکی قلپ کردەوە بەسەر هەمووماندا.

(کوروبی ڕوو لە نەبوخز نەسر دەکات.)

**کوروبی:**

خۆ ئاگاتان لێیە داوای چیم لێ دەکەن؟... خۆشەویستەکەم؟

**نەبوخز نەسر و نمرود:**

ئێمە ناچارین کە ئەم داوایەت لێ بکەین.

**کوروبی:**

ئێوە دەتانەوێت کە من درۆ لەگەڵ ئاسماندا بکەم، لەو شوێنەی کە من لە ئەستێرەکانی ئەوێوە هاتووم کە من و ئێوە بەناوی ئەو ئاسمانەوە یەکدیمان خۆشویست؟

**نەبوخز نەسر: و نمرود:**

ئاخر پێویستییەکانی ئادەمیزاد ناچارمان دەکات.

**کوروبی:**

ئێوە ناتانەوێت لەگەڵ مندا بێن و ڕابکەین؟

**نەبوخز نەسر و نمرود:**

مەرجە ژیر و ماقووڵ بین.

(خامۆشی لە ناوەوە. پاشان لە دەرەوە زرم و کوتی کۆڵەگە کوتین بەسەر دەرگاکەوە دێتە بەر گوێ کە تا دێت بەرزتر و هەڕەشەئامێزتر دەبێت.)

**کوروبی:**

کەواتە لێمگەڕێ با ڕابکەم ئەی پادشای بابل.

(هەمووان سەرسامن)

**نەبوخز نەسر:**

مەبەستت چییە؟

**ئۆتناپشتم:**

من لەتۆ تێناگەم... کچە شیرینەکەم.

**سەرۆک وەزیران:**

ڕۆڵە شیرینەکەم... لە هیچمان کەم نییە و هەموو شتێک وا لە جێگەی خۆیدایە.

**کوروبی:**

من نیازم وایە کە بەدوای ئەو دەرۆزەکەرەدا بگەڕێم کە خۆشم ویست.

**نەبوخز نەسر:**

بەڵام ئەو دەرۆزەکەرە من بووم.

**کوروبی:**

تۆ درۆ دەکەیت.



**ئۆتناپشتم و سەرۆک وەزیران:**

(پێکەوە) ئێمە دەیسەلمێنین... دەیسەلمێنین.

**کوروبی:**

تۆ هەرگیز ڕاستییەکان نادرکێنیت. تۆ گەرەکتە هەتا نکوڵی لە فریشتەکەش بکەیت. لێمگەڕێ بڕۆم. من دەمەوێت ئەو خۆشەویستەم بدۆزمەوە کە ونم کردووە.

(بە نائومێدییەوە، نەبوخز نەسر لە تەختەکەی دادەبەزێت)

**نەبوخز نەسر:**

بەڵام من ئەو خۆشەویستەم.

**کوروبی:**

من ناتناسم.

**نەبوخز نەسر:**

بەڵام من نەبوخز نەسرم... پادشام.

**نمرود:**

تۆ نەبوخز نەسر–ی پادشای کۆن و لابراو.

(نمرود هەوڵ دەدات بگاتە تەختەکە و لەسەری دابنیشێت، بەڵام نەبوخز نەسر بە قەڵەمبازێک دەگاتە سەری و توند هەڵیدەداتە خوارێ.)

**کوروبی:**

تۆ کێیت من نازانم. تۆ سەروسیمای خۆشەویستەکەی منت دزیوە و تۆ دڵخوازەکەی من نیت. تۆ لە ساتەوەختێکدا پادشایت ساتێکی دیکە ئەسکەملی بەرپێیانی. تۆ شتێکی

ساختەیت: ئەو دەرۆزەکەرەی بەدوایدا دەگەڕێم ڕاستییەکی بەرجەستەیە. من ئەوم ماچ کرد. من نازانم تۆ ماچ بکەم. ئەو لەسەر زەوی بەپێلەقە کەوتە گیانم. تۆ ناتوانیت لە تەختەکەت دابەزیت و تێم هەڵبدەیت چونکە لەوە دەترسیت تەختەکەت لێ داگیر بکەن. هێزی تۆ لاوازییە... دەوڵەمەندیت هەژارییە. خۆشەویستیت بۆ من خۆشەویستی خودی خۆتە. تۆ نە زیندوویت و نە مردوویت. تۆ هەیت و کەچی بوونیشت نییە. پادشای بابل لێمگەڕێ بڕۆم، لە تۆ و لە شارەکەت دوور بکەومەوە.

(نەبوخز نەسر دیسانەوە دەچێتەوە سەر تەختەکەی.)

**نەبوخز نەسر:**

(بە نەرم و نیانی) تۆ بناغەی هێزی منت بینی.. کوڕەکەم هەر ئێستا لێرەوە، لەم هۆڵەوە، بە بازبازێن تێپەڕی. ئەم گەلحۆیە میراتگری ئیمپراتۆرییەتەکەمە. من بەبێ خۆشەویستی تۆ ونم. من ناتوانم دەستم بەر ئافرەتێکی دیکە بکەوێت.

**کوروبی:**

من دەرۆزەکەرێکم خۆش دەوێت، من درۆ لەگەڵ ئەودا دەکەم گەر ئێرە بەجێ نەهێڵم.

**نەبوخز نەسر:**

(بە چرپەوە) هێشتا هەر خۆشم دەوێ.

**سەرۆک وەزیران:**

سەرم لێ تێکچووە... خەریکە شتەکانم لێ تێکەڵ بێت. هەمووی لەوەوە هاتووە کە ئەم کچانە لە نەبوونەوە دێنە بوون.



**نەبوخز نەسر:**

(زۆر هێمنە) ئێستاش گەرەکمە گوێم لە داخوازی خەڵکی بێت.

**سەرۆک وەزیران:**

خاوەن شکۆ...

**نەبوخز نەسر:**

دەی... با بێنە ژووری.

(سوپاسالار ڕووەو پشتی شانۆکە دەجووڵێت.)

**ئۆتناپشتم:**

تەواو... ئەوەیان کۆتایی فەرمانڕەوایی ئەم بەرەبابەیە.

**سەرۆک وەزیران:**

سوپاس بۆ یەزدان... کە توانیم دەستووری کۆماری تەواو بکەم و دایڕێژم.

(سەرۆک وەزیران و ئۆتناپشتم بە جووتە بەلای چەپدا و ڕووەو دیوارەکە دەکشێنە دواوە. پەیتا پەیتا لە پشت پەردەوە خەڵکان دەردەکەون. هەردوو کرێکارەکە، جەمیل، پۆلیسەکە کە هەنووکە بووە بە شۆڕشگێڕ، خاوەن بانق، عەلی- بازرگانی شەراب، ژنی کرێکارەکان، سۆزانییەکە، ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی ڕەشۆکی و سەربازەکان، هەر هەموویان کوتەک و حەیزەران و ڕم و نێزەیان هەڵگرتووە. لەسەرخۆ دێنە پێشێ و لە کچەکە و نەبوخز نەسر ڕادەمێنن، نەبوخز نەسر وەستاوە و جووڵە ناکات.)

**نەبوخز نەسر:**

ئێوە بەزۆر هەڵتانکوتایە سەرم و گەیشتنە ناو کۆشکەکەشم. بە

زەبری کۆڵەگە دەرگاکەتان شکاند. لە پای چی؟

(خامۆشی شەرمەزاری دایاندەگرێت)

**یەکەم کرێکار:**

ئێمە بۆ ئەوە هاتبووین...

**دووەم کرێکار:**

کچەکە...

(نەجیب-ی خاوەن بانق هەنگاوێک دێتە پێشێ.)

**نەجیب:**

خاوەن شکۆ... ئەوەندە شتی سەیر و سەمەرە ڕوودەدەن کە ناچاری کردین سەرکێشی بکەین و بەشێوەیەکی جوان و بەجێ و کەناڵی ڕەسمی نەهاتووین کە لە تەخت و تاراجی پاشایەتی بوەشێتەوە، بێ ئامادەگی پێشین و ڕوونکردنەوە کە دیداری ئێوە دەیخوازێت هاتین.

(خەڵکەکە قاقا پێدەکەنن)

**دەنگێک:**

دەم خۆش.. کابرای خاوەن بانق.

**نەجیب:**

فریشتەیەک گەیشتە بابل. ئەم لەگەڵ خۆیدا کچێکی هێنا کە بەئاشکرا دیارە ئێوەی شکۆدار ناتوانن بڕیار بدەن لەسەر ئەوەی کە مارەی بکەن.

**دەنگێک:**

ئاواهی دەبێت. بیخەرە دەستییەوە.



**نەجیب:**

ئێمە کە لەم هۆڵەدا وەستاوین و چەکدارین و پاسەوانەکانیش گەمارۆیان داوین، هەرچەندە جەماوەر هێز و دەستەڵاتی گرتۆتە دەست هەر هەموو ئەم ڕاستییانە ناچاری ئێوەی پایەدار ناکات کە بە زۆردارەکی بەم زەماوەندە قایل بیت. بەهەرحاڵ... ئێمە گەرەکمانە ئێوەی خاوەن شکۆ لەوە ئاگادار بن کە ئەگەرچی ئێمە دەمانەوێت ئەم کچە ببێت بە شاژن، بەڵام بەتەواوی لەگەڵ ئەوەدا نین کە بەسەر پادشای مەزنماندا بیسەپێنین.

(قاقا و چەپڵەیەکی گەرم و زۆر)

**نەبوخز نەسر:**

(بە هێمنییەوە) من تەواو ئامادە بووم کە ئەو کچە بخوازم. بەڵام ئەو منی پەسند نەکرد.

**جەمیل:**

فڵچەیەکی لە پادشا دا و پاڵێکی پێوە نا.

**عەلی:**

گلەیی لە کچەکە مەکە!

(خەڵکەکە فیکە لێ دەدەن و هووها دەکێشن و قاقا و پێکەنینێکی بەرز.)

**کرێکاری یەکەم:**

بڕووخێت پادشا!

**کرێکاری دووەم:**

هەڵیواسن بە دارتەلەکەوە.

**نمرود:**

(سەرکەوتووانە) من بخەنە شوێنەکەی ئەو. من بناغەی دەوڵەتێکی سۆشیالیستی دادەمەزرێنم.

**کرێکاری یەکەم:**

ئێمە دەزانین دەوڵەتانی سۆشیالیستی ڕاستەقینە چۆنن.

**جەمیل:**

ئەوەی دەیکەن بە تەنها دەوڵەمەندکردنی پادشاکان و دەست و پێوەندەکانی خۆیانە.

**نمرود:**

سەرلەنوێ دونیا داگیر دەکەمەوە. من ئیتر بانگەشەی نەتەوەپەرستی و خاکپەرستی دەکەم لە هەموو بابل– دا. گەر لەودیو زەریاشەوە گوندی دیکە هەن.

**کرێکاری دووەم:**

ئەمەشیان وەک ئەویدیکە خوێنمژە.

**کرێکاری یەکەم:**

لەوە پتر گەرەکمان نییە دونیا داگیر بکەین.

**ژنی کرێکاری یەکەم:**

جەنگ و کوشتار مناڵەکانی ئێمەیان نەهێشت.

**عەلی:**

لەمڕۆ بەدواوە پادشامان گەرەک نییە.

(کە خامۆشی ئەو ناوە دادەگرێت، هەر هەموو خەڵکەکە بە پەرۆشەوە لە نەبوخز نەسر ڕادەمێنن کە بێ جووڵە لەسەر تەختەکەی دادەنیشێت.)



**نەبوخز نەسر:**

من ئەو کچەم بەخشییەوە بە خۆتان. با ببێت بە ژنی ئەو پیاوەی کە لە هەموو کەس پتر ئەم کچۆڵەی خۆش دەوێت.

(دەنگ و هاتوهاوارێکی تێکەڵ لە هەموو پیاوەکان بەرز دەبێتەوە)

**دەنگی پیاوەکان:**

بۆ من... بۆ من... من خۆشم دەوێت. من لە هەمووان پتر خۆشم دەوێت.

**نەجیب:**

ئەو خانمۆڵەیە هی خۆمە. تەنها من خاوەنی هەموو سامان و هێز و شتگەلێکم کە شایستەی پلە و پایە و ڕەچەڵەکی ڕەسەنی ئەو شۆخە بێت.

**نەبوخز نەسر:**

تۆ بەهەڵەدا چوویت کابرای خەزنەدار. ئەم کچە ئەو دەرۆزەکەرەی خۆش دەوێت کە ناوەکەی لەیاد نەماوە، ئەو کەسەی کە بەڕێکەوت لەسەر کەناری فورات بەدیداری شاد بوو. ئەم کچە ویستی من ببمە دەرۆزەکەر و کردی بە مەرجیش. هەمان داواش لە تۆ دەکات.

(کابرای خاوەن بانق دەکشێتە دواوە. دڵسارد و نائومێدە.)

تۆ ئەو کچەت ناوێت؟ واز لە ملیۆنەهای خۆت دێنیت؟ ئامادە نیت بکەویتە سەرکێشی و ببیت بە هەژارترینی ناو هەژارەکان؟ ئێستاکە... کامەتان ئەو دەرۆزەکەرەیە کە کچەکە بەدوایدا دەگەڕێت؟ کێ هەیە لە ئێوە ئامادە بێت واز لە هەر هەموو

سامان و دارایی خۆی بهێنێت بە مەرجێک ببێت بەو خۆشەویستەی کە بوونی نییە؟ تۆ قایلیت ئەی شەراب فرۆش؟ ئەی تۆ کابرای شیرفرۆش؟ تۆ... کابرای پۆلیس؟ ئەی تۆ سەرباز؟ تۆش کابرای کرێکار؟ کێ ئامادەیە با هەنگاوێک بێتە پێشەوە. (خامۆشی) ئەوە بۆ هەمووتان بێدەنگن؟ ئەوە چییە خەڵات و خێری ئاسمان بە ڕووی خۆیدا ڕەت دەکەنەوە؟

(خامۆشی)

لەوانەیە ئەو خانمە خۆشەویستە کەڵکێکی بۆ خۆی هەبێت؟ لەوانەیە بتوانێت لەماڵەکەی خۆیدا سەرگەرمی ئیش و کارێک بێت؟ هەڵبەتە لەم حاڵەتەدا بە تەنها ڕەزامەندی دەستەڵاتدارانی کڵێسامان گەرەکە.

**تابتم:**

لە تیاترۆخانەکەی من؟ ئەو کچە؟ خاوەن شکۆ... من ماڵێکی پاک و ئابڕوومەندانە بەڕێوە دەبەم.

**نەبوخز نەسر:**

ئەرێ ئەوە کەس نییە ئەم کچەی ئاسمان بگرێتە خۆی و پێی قایل بێت؟

**کرێکاری یەکەم:**

با بچێتەوە لای عاقی دەرۆزەکەر.

**نەبوخز نەسر:**

عاقی دەرۆزەکەر مردووە.

(کوروبی سەر هەڵدەبڕێت و هێدمەگرتی بووە.)



**کرێکاری دووەم:**

بیدەنەوە بە شاعیرەکان کە شایستەی ئەم شۆخەن.

**خەڵکەکە:**

شاعیرەکان! شاعیرەکان!

**نەبوخز نەسر:**

شاعیرمان نەماوە. هەر هەموویان لە زیندانەکانی مندا نەمان.

**ژنی کرێکاری یەکەم:**

دە کەواتە بیدەنەوە بە جەللادەکە.

**جەمیل:**

ئەم لە هەمووان هەژارترە.

**هەموویان:**

جەللادەکە! بیدەنەوە بە جەللادەکە.

(نەبوخز نەسر بەدەست ئاماژە دەکات. عاقی دێتە پێشێ.)

**کوروبی:**

(ڕوو لە خەڵکەکە دەکات) یارمەتیم بدەن.

**کرێکاری یەکەم:**

کچۆڵەیەکی جادووگەر و قەڵسکەرە.

**پۆلیس:**

سیحری لە هەموومان کرد.

**جەمیل:**

بەدبەختی لەگەڵ خۆیدا هانی.

**کرێکاری دووەم:**

کارەسات و وەیشوومە.

**دەنگەکان:**

مەرگ.

**دەنگەکانی دواوە:**

بڕۆ دەرەوە. لێرە بەدوور بە.

**ئەوانی دیکە:**

دەستی لێ مەدەن.

**خەڵکی دیکە:**

فەرامۆشی کە.

**کوروبی:**

(ڕوو دەکاتە ئۆتناپشتم) یارمەتیم بدە.. باوکی ڕێزدار. بمبە لەگەڵ خۆت.

(گەورەی ئاخوندەکان ڕووی لێ وەردەگێڕێت.)

**کوروبی:**

(کوروبی بەوپەڕی نائومێدییەوە ڕوو لە خەڵکەکە دەکات.)

تکایە ڕزگارم کەن... فریام کەون!

(لە ناکاو فریشتەکە دەردەکەوێت، زۆر سەیر و سەمەرەتر لە جاری پێشووتر، بە چواردەوری عەرشەکەی نەبوخز نەسر دەخولێتەوە، سەرتاپای نقومی گوڵەبەڕۆژە و لق و پۆپی سنەوبەر و مازووە... هتد. ئەستێرەماسی و شیلان و قەوزە و حەبار، گوێچکە ماسی و قاقلەجنۆکە. لە پشتەوەش هەسارەی (ئاندرۆمێدا) دەدرەوشێتەوە، جاروباریش خامۆش دەبێت.)



**فریشتەکە:**

کوروبی، کوروبی، ڕۆڵەکەم.

**هەموویان:**

فریشتەکەیە!

**کوروبی:**

فریشتە. فریشتەکەی من.

**فریشتە:**

مەترسە ڕۆڵەکەم. لە خەمی ئەوەدام سەیر و سەمەرە بنوێنم. هەر هەنووکە لەناو دەریاوە یەکسەر هاتمە ئێرە و هێشتا تەڕم و ئاوم لێ دەتکێ و دیارە نقومی ژێر قەوزە و شیلانم.

**کوروبی:**

فریشتەکە... ڕزگارم کە.

**فریشتە:**

ڕۆڵەکەم... ئەوەیان دواجارە کە دێمە بەردەمت. بۆ دواجار ڕوخساری من جوانی هەر هەموو گۆی زەوی تێدا دەدرەوشێتەوە، چونکە هەر ئێستاکە هەر هەموو گۆشە و قوژبنێکی ئەم سەرزەمینەم پشکنی.

**کوروبی:**

تۆ لە کاتێکی گونجاودا هاتیت، فریشتەکە دەقاودەق سەروەختی خۆیەتی. با یاوەرت بم لەگەڵ خۆتدا بمبە.

**فریشتە:**

هەر هەموو ئەو شتانەی کە لەسەر ئەم ئەستێرەیەدا بینیم

گەورەیی و شکۆمەندی یەزدان دەسەلمێنێت و جگە لە جوانی و شکۆ هیچی دیکەم نەبینی:

وای لە موعجیزەی لە عەقڵ بەدەری بیابانە جوانەکانی ئەستێرەکان. وای لە ڕەنگی شینی زەریای سرپووس، ڕەنگی سپی ڤێگا، هاژە و ورشەی حەوت کچە- ئەستێرەکەی ئەتڵەس دەنێو تاریکی شەوی ئەم گەردوونەدا- کە مایەی هەڵچوون و شاگەشکەبوونن، چ لە فۆرم و چ لە هێزیاندا، بەدەم هەناسەی خۆیانەوە گورزە و تیرۆژی ڕۆشنایی دەنێو بۆشایی ئاسماندا بەهەموو لایەکدا شەن و کەو دەکەن، لە تەک مووشەدەمە و کوورەدەمەی گەردووندا. هەر هەموو ئەو شتانەش بە بەراورد لەگەڵ سیحری ئەم تۆپە بچکۆلەیەی کە زەوی ناوە هیچ سەنگ و مانایەکی نییە، ئەو ئەستێرەیەی کە بەخۆر بەستراوەتەوە و مانگی چکۆلەش بە چواردەوریدا دەخولێتەوە. کە دەوری بەئاوێنەیەکی هەوا و ڕۆشنایی گیراوە، ئاسمانیش چەتری سەر سەری، دەنێو کێشوەرە سەوزەکان و ڕەنگی زیوینی زەریاکاندا هەناسە دەدات.

**کوروبی:**

فریشتەکە لەگەڵ خۆتدا بمبەرەوە ئاسمانەکەی خۆت، فریشتەکە- لەبەردەم ڕوخساری یەزداندا باڵەکانت بکەرەوە... هەموویان منیان فەرامۆش کرد و جێیان هێشتم.

**فریشتە:**

کەواتە هەر ئێستا باڵ لێک دەدەم و دەفڕم، هەر هەنووکە ئێرە بەجێ دەهێڵم، بەخۆم و چەندەها بەردی ڕەنگاوڕەنگەوە، پڕ لە



خەیاڵ و شتی سەیر و سەمەرە و بەو بارەوە دەخولێمەوە. خۆم و ئەستێرەماسی و قەوزە و حەبار، بەدەوری سەرمەوە مەلەکان دەخوێنن و فڕکەفڕکی باڵیان دەرژێتە گوێم، دەستەکانیشم پڕن لە گوڵە بەڕۆژە، گوڵە هێرۆ و لۆکە و بامێ و تۆڵەکە و گوڵی گەنمەشامی، زرنگانەوەی چلوورە، خۆم و شیلانی جێماو دەنێو قژمدا، هەڵووژە ڕەشە و هێلکە شەیتانۆکە و قاقلە جنۆکە، هەردوو پێیەکانم سوور بەپاشماوەی لم و خۆڵ، دامێنی عەباکەشم تەڕ تەڕ دەنێو شەونمدا، لەژێر ئەو هەموو جوانییەدا ڕێ دەکەم و لەتر دەدەم، لەژێر قورسایی ئەو هەموو شتانەدا، وەک ئەوەی مەست بم، بەخۆم و دوو باڵی قورس کە لێکیان دەدەم.

کەواتە من دەفڕم، کەواتە ئێرە بەجێ دەهێڵم... تۆش بەجێ دێڵم، تۆی بەختەوەر، لێرە و لەسەر ئەم سەرزەمینە، کەواتە دەگەڕێمەوە لای خۆرەکانم.

دەنێو باق و بریقی ڕۆشنایی هەسارەی ئاندرۆمێدا-دا، دوور دوور دەنێو تەم و مژدا.

کەواتە سەرلەنوێ دەچمەوە ناو ئاگرە تاریکەکانی (ئانتار).

**کوروبی:**

(نائومێدە) لەم زەوییە دوورم بخەرەوە فریشتەکە. لەگەڵ خۆتدا بمبە..

**فریشتە:**

ماڵئاوا... کوروبی... ڕۆڵەکەم. ماڵئاوا بۆ هەتاهەیە.

(ون دەبێت)

**نەبوخز نەسر:**

فریشتەکە وا دەڕوات. دەگەڕێتەوە لای ئەستێرە کەسنەناسەکانی خۆی. تۆ تەنیایت. ئاسمانیش پشتی کردە تۆ. مرۆڤایەتیش تۆی ڕەت کردەوە.

**کوروبی:**

(تێکشکاوە و بە نەرم و نیانی دەدوێت) فریشتەکە. لەگەڵ خۆتدا بمبە... فریشتەکەم.

(خامۆشی)

**نەبوخز نەسر:**

کابرای جەللاد. ئەم کچە لێرە دوور بخەرەوە و بیبە بیابان. بیکوژە. لەژێر لمدا بینێژە.

(عاقی کوروبی هەڵدەگرێت و لەو خەڵکە مت و بێدەنگە دووری دەخاتەوە.)

(تراژیدییانە دەدوێت) من بەدوای پڕی و کەماڵدا گەڕام. من سیستەمێکی تازەم خوڵقاند. من هەوڵم دا کە هەژاری نەهێڵم. من ویستم ئەم سەردەمە بکەم بە سەردەمی عەقڵ. ئاسمان ڕووی لە کارەکانی من وەرگێڕا. من لە خێر و بەرەکەتی ئاسمان بێبەری کرام.

(ژەنەراڵ لە پشتەوە دەردەکەوێت و سەربازەکانی دەوریان داوە.)

**ژەنەراڵ:**

نەبوخز نەسری پادشا... سوپاکەت گەڕایەوە. ڕاپەڕین و



هەڵگەڕانەوەی خەڵکی لەکاتی خۆیدا بەئێمە گەیشت. کۆشکەکە گەمارۆ دراوە و خەڵکەکەش داوای بەزەیی تۆ دەکەن.

**هەموویان:**

میهر و بەزەیی... ئەی پادشای مەزن! بەزەیی! بەزەیی!

**نەبوخز نەسر:**

من لەپێناو مانەوەی هێز و دەستەڵاتی خۆم وازم لەو کچە هێنا. سەرۆک وەزیران لەپێناو دەوڵەت فریوی دا، قەشەش لەپێناو ئاینەکەی، هەر هەموو ئێوەش لەپێناو سامان و دارایی خۆتان وازتان لێ هێنا. کەواتە هەنووکەش هێز و دەستەڵاتی من بەسەر هەموو حیکمەت و تواناکانی دەوڵەتدا زاڵە. بەسەر ئایینەکەتان، بەسەر سامان و موڵک و ماڵتان. سەرۆک وەزیران و گەورەی ئاخوندەکان بگرن، هەر هەموو ئەو خەڵکە لە بەندیخانە توند بکەن. هەر لە ئێسک و پروسک و گۆشتی لەشی ئەوان جۆرەها چەک دروست دەکەم کە بتوانم تۆڵەی ئەو ئابڕووچوونەی خۆم بکرمەوە. زۆر باشە... کەواتە، تۆ بڵێیت ئاسمان ئەوەندە بڵند بێت کە نەفرەتەکانی من نەیگەنێ؟ ئەوەندە پان و بەرین و بێ سنوورە کە من نەتوانم ڕقی لێ هەڵبگرم؟ بەهێزترە لەتوانا و ویستی من؟ تۆ بڵێیت شکۆمەندتر بێت لە ڕۆحی من؟ دلێرانەتر بێت لە ڕۆحی ئازا و بوێرانەی من؟ من گەرەکمە ئەو هەموو خەڵکە لە شوێنێکدا کۆبکەمەوە و گەمارۆیان بدەم و لە ناوەڕاستی ئەو مۆڵگەیەدا تاوەرێک بەئاسماندا بەرز بکەمەوە کە هەورەکان ببڕێت، بێ سنووری هەر هەموو بۆشاییە بێ کۆتاییەکانی ئاسمان تێپەڕێنێت،

بگاتە ناو دڵی دوژمنەکەم. من دژی ئەم بڕوایە دەوەستمەوە کە دەڵێت هەموو بوون لە عەدەمەوە هاتووە، هەتا ڕۆحی ئادەمیزادیش، من گەرەکمە هەمووان ببینن ئاخۆ دادپەروەری من چاکترە یان دادپەروەری خوداوەند.

(ئاشپەزەکە و سەرۆکی پاسەوانەکان بە پەلە دەگەنە سەر شانۆی چۆڵ)

**ئاشپەز:**

هەر هەموو شەرابی ناو بەرمیلەکانیان خواردەوە و هەر هەموو گەنجینە و عەمبارەکانی ئازووقەیان بەتاڵ کرد.

**کاپتن- سەرۆکی پاسەوانەکان:**

زیندانەکانیش کەسیان تێدا نەماوە، دەرگاکان کراونەتەوە، شاعیرەکانیش دەرباز بوون.

(لە دەستە ڕاستەوە، کۆنە جەللاد بەتاو دێتە ژووری)

**جەللاد:**

کتێبخانەکەمیان تالان کرد... هەر هەموو کتێبە کۆن و دەستی دووەکانم... چۆن بیاندۆزمەوە.

(کوڕە گەلحۆکەی پادشا بەسەر پەتێکی جەڕێنراودا تێدەپەڕێت کە لەمسەر بۆ ئەوسەری تەختەی شانۆ ڕاکێشراوە. نەبوخز نەسر بەوپەڕی تووڕەیی و بەڵام بێ دەستەڵات و بەستەزمانانە دەم و چاوی خۆی دەشارێتەوە - بە خەمێکەوە کە پڕە لە نائومێدی.)

**نەبوخز نەسر:**

نا... تووخوا... نا..!



(تاریکی. هەر هەموو دیمەنەکەی سەرەوە دیار نامێنێت. پانتایی بیابانێکی بێ سنوور هێدی هێدی وەک ئەوەی لە تەمومژدا لێڵ بووبێت ڕۆشن دەبێتەوە و دەردەکەوێت، دونیایەکی وشک و برینگ و قاقڕ کە دیارە کوروبی و عاقی تیایدا هەڵەتەن.)

**عاقی:**

لێرە بەدوور بە... ڕۆڵەکەم... دەی دوورتر بڕۆ. کەوتووینەتە ناو ددان و کەڵبەکانی گەردەلوول و گێژەڵووکە کە شێتانە بەسەر ئێمەدا هەڵی کردووە و هەر ساتە و بەهێزترە کە خەریکە جل و بەرگی جەللادانەم هەلا هەلا بکات.

**کوروبی:**

من بەدوای دەرۆزەکەرەکەی (نەینەوا) دا دەگەڕێم، دەرۆزەکەرەکەی خۆم ونم کردووە. ئەو دەرۆزەکەرەی کە خۆشم ویستووە.

**عاقی:**

منیش هەر ئەم سەرزەمینەم خۆش دەوێت کە هێشتا ماوە، سەرزەمینی دەرۆزەکەرەکان، سەرزەمینێکی تەنیا ئەو کاتەی کە ئاسوودەیە، هەر تەنیایە ئەو کاتەی کە لە مەترسیدایە، ڕەنگین و ڕازاوە و کێوی، بەو هەموو شتانەی کە تیایەتی و بەو هەموو ئەگەرەی بوونیان هەیە قەشەنگە و جێگەی سەرسامی، زەوییەک کە من جار لە دوای جار داگیری دەکەم، جوانییەکەشی شێت و شەیدای کردووم، بۆ من دڵفڕێنە ڕوخسارەکەی، هەمیشە زاڵە بەسەرمدا بێ ئەوەی کە

بمبــەزێنێت. کــەواتە، وەرە پێش... ئەی خــەڵاتی خــودا، کــە دیسانەوە بە من خەڵات کرایتەوە. با پێکەوە هەر هەنووکە دوور بفـڕین تاوەکو لەم چارەنووسـە قـورتارمـان بێت. کـەواتە، وەرە پێش و نزیک بەرەوە لێم... هۆ خـانمۆڵە... وەرە کە هێشـتا هێز و هەناسـەمان مـاوە. کەواتە وەرە ئەی کچۆڵە... ئەوان کە من و تۆیان بە مـەرگ سپـارد. لە پشت ئێمـەوەش ئەوەتا تاوەری بابل بەرز و بڵند بە ڕووی ئـاسـمـانـدا هەڵشـاخـاوە و ترۆپکی دیار نییـە، لە پۆڵا و لە بەرد دامـەزراو، کوێر و نەچەسـپیـو، کەچی وەسـتـاوە و ڕکـەبـەری دەکـا و نـایەوێت بڕووخـێت، ئـەسپ سـوارەکـانیش ڕاوەدوومـان دەنێن، بووین بـە نیـشـانـەی تیرەکانیان و هەر بەدواوەمانن. ئەی، لە پێشەوە، چی بەردەمی گرتووین؟ هێزێک کە نەیتوانی دوای ئازایەتی بکەوێت و جێما، پێیەکانمان نوقم بوو دەنێو لمی نەرمدا ڕادەکێشین و پرزەمـان لەبەر برا، گەردەلوولیش ڕوومەتمان داغ و زامـار دەکات، نێوان ئێمـە و سـەربـەسـتیش بەربەست و کەندەڵانە، خۆ دوا جاریش ئێرە خاکێکە کە ڕابردوو لەیاد دەکات، بەڵام زەوییەکە کە دەنێو ڕۆشنایی زیوینی کـازیوەدا دەدرەوشـێـتـەوە، پڕە لە سـتـەم و بێـدادی و چەوسـانەوەی تـازە بابەت، بـەڵام پڕیشــە لـە بەڵێنی نوێ، پڕ پڕە لە سترانەکان و بەستە و سپێدەی تازە.

(هەردووکیـان ون دەبن، دەکـرێت کـۆمـەڵێک لە شـاعـیـرەکـان دوایان بکەون کە دواجار دەکەونە ناو گێژەڵووکە و گەردەلوول، بەدەم قەڵەمباز و گورگەلۆقەوە ڕێ دەکەن.)

تەواو